# هەردوو کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) و (کورد کێیە) لە تەرازووی ڕەخنەی ئەکادیمیدا



د. زرار صديق توفيق

هەردوو کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) و (کورد کێیە)

لە تەرازووی رەخنەی ئەکادیمیدا

# هەردوو کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) و (کورد کێیە) لە تەرازووی رەخنەی ئەکادیمیدا

د. زرار صديق تۆفيق

دهۆك ٢٠٢٤

**مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر**

ناوی کتێب: هەردوو کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) و (کورد کێیە) لە تەرازووی رەخنەی ئەکادیمیدا
نووسەر: د. زرار صدیق تۆفیق
بەرگ و دەرهێنانی هونەری: عبدالرحمن بامەرنی
ژمارەی سپاردن: (٨٣٠) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ـ هەولێر
تیراژ: ٢٥٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
چاپخانە: بەهدینان – دهۆک ٢٠٢٤

# دیاری

ئەم کتێبە دیاری و پێشکەشە بە گیانی پاک و بێگەردی مێژوونووسی مەزن و پایەبەرز، ڕەوانشاد محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨٠- ١٩٤٨) کە نەوەد و سێ ساڵ لەمەوبەر- ساڵی ١٩٣١، لە پێشەکیی کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) دا، ئامۆژگاری و ڕێنوێنیمان دەکات بەدووی سۆز و خەیاڵ نەکەوین و بە گیانێکی زانستی و بە بەڵگەی بەجێ و باوەڕپێکراوەوە لە مێژووی کورد بکۆڵینەوە، چونکە شانازی و شکۆداریی گەلەکەمان زۆرە و دەبێت لێیان بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، بۆیە هیچ پێویستی بە ساختەکاری و چەواشەکاری نییە، ئەگەر وا نەکەین، ڕەنجمان بەفیڕۆ دەچێت و نووسینەکانمان چ بەهایەکی زانستیی نابێت و زیان بە خۆمان و نەتەوەکەمان دەگەهێنین:

" لەم خصوصەوە زۆر تکایان لێ ئەکەم- واتا لاوانی ئیمڕۆ و سبەینێ-، کە وەکو بەعضێ موحەڕڕیرینی کوردی دوێنێ و ئیمڕۆ لە تاریخنووسیندا تابیعی حیس و خەیاڵ نەبن و لە خۆیانەوە هیچ هەڵنەبەستن و حادیثاتی تاریخییە نەگۆڕن بۆ ئەو بەحثانەی کە ئەینووسن، وەثیقەیەکی موعتەبەر و مەعرووف نیشان بدەن. ئەگەر وا نەکەن؛ ڕەنجیان بەضایەع ئەچێ، نووسینەکەیان قیمەتێکی عیلمییەی نابێ و لە لایەکی تریشەوە، خۆیان و قەومەکەشیان ترۆ ئەکەن.

من، بەگوێرەی تەدقیقات و تەتەبوعاتی خۆم، بە تەواوی تێگەیشتووم کە قەومی کورد و تاریخەکەی هیچ موحتاجی ئەم نەوعە شتانە نییە، مەفاخیری تاریخییەی زۆرە، ئەبێ بۆی بگەڕێین و بیدۆزینەوە، وەظیفەی پێگەیشتووانی کورد ئەمەیە ".

## - بەرچاوڕوونی:

لە بەهاری ساڵی پار- ٢٠٢٣ کاک سۆران حەمەڕەش بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) مشتومڕێکی گەرمی هێنایە کایەوە و چەند کەسێک ڕەخنەیان لە بیر و بۆچوونەکانی گرت، منیش کە پێشتر کتێبی یەکەمی (کورد کێیە)م خوێندبووەوە، هەر بەتەما بووم شتێک لەوبارەیەوە بنووسم و بۆم نەدەلوا و ئەوەی زیاتر ساردی دەکردمەوە ئەوەبوو کە وام دەزانی کتێبەکە تەنها دەربارەی مێژووی کۆنی کورد و کوردستانە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پسپۆڕیی منەوە نییە.
- لە کۆتاهی مانگی چواری ئەمساڵ- ٢٠٢٤، کاک ئاسۆ سەراوی بەرپرسی بەشی بەرنامەکان لە کەناڵی ڕووداو، تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کاک ڕەنج سەنگاوی دەیەوێت سەبارەت بە بەرنامەیەک بتبینێت.
- پاش چەند رۆژێک هەردووکیان هاتنە دهۆک و لە کاتێکی نەگونجاو بۆ من، تەلەفۆنیان بۆ کردمەوە و گوتیان دەمانەوێت بتبینین تا دیبەیتێک لەسەر بۆچوونەکانی کاک سۆران حەمەڕەش ساز بدەین، منیش گوتم هێشتا بەوردی کتێبەکەییم نەخوێندۆتەوە و ماوەیەک بوارم بدەن و باشتریشە بانگی دکتۆرێکی شارەزا و پسپۆڕ لە مێژووی کۆن بکەن و پێشنیاری هاوڕێم دکتۆر کۆزاد محەمەدم بۆ کردن.
-ئەوەبوو کتێبەکەم بەوردی خوێندەوە وبۆم دەرکەوت زۆربەی سەرچاوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی ئیسلامی و عوسمانی و من لەمێژە ئەو سەرچاوانەم هەن و هی مێژوونووسانی شارەزا و بەئاگای مێژووی کۆن و شوێنەوار نین،

بەرەبەرە دەستم کرد بە یاداشتکردنی تێبنییەکان و دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و هەڵەکان.

- پاش دوو سێ تەلەفۆن لەگەڵ کاک ئاسۆ پێک هاتین لە سەر ئەوەی کە ئێوارەی ڕۆژی ٢٩- ٥- ٢٠٢٤ دیبەیتەکە بکرێت و ئەم ڕۆژە بۆ من زۆر لەبار بوو چونکە لە هەولێر بووم و گوتم دەچمە ستۆدیۆی سەرەکی و ڕووبەڕوو دەدوێم و ئەویش گوتی بەڕێز ئەنوەری سوڵتانییش لە بریتانیاوە بەشداری دەکات.

- لە هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کاک ئاسۆ، هەردەم جەختم لەوە دەکردەوە کە من دەخوازم لە ستۆدیۆ و ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەم و قسەکەری سەرەکی بم نەک میوان و هەرگیز ئامادە نیم لە شوێنێکی دوورەوە بەشدار بم و بەڕێزیشیان هەردەم دڵنیای دەکردمەوە کە ئاوەها دەبێت.

- کە گەیشتمە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی ڕووداو، ئەوجا زانیم ئەوان لەوێ نین و چوونەتە ئەشکەوتی هەزارمێرد، منیش دوودڵ بووم و نەمزانی چی بکەم، کاک ئاسۆ رازیی کردم بەو شێوەیە بەشداریی دیبەیتەکە بکەم و دواتر پێیان گوتم کە لە ئەشکەوتی هەزارمێرد ئینتەرنێت سستە و بۆ ناردنی رەنگ و وێنە بەش ناکات و بۆیە کە ئەوان دەدوان تەنها من گوێم لە دەنگیان دەبوو.

- هەر بینەرێک موتابەعەی بەرنامەی (لەگەڵ رەنج) بکات، باش دەزانێت کە کاک رەنج سەنگاوی هاوشێوەی زۆربەی بێژەران و پێشکەشکارانی کورد، هەندەی خەمی رازاندنەوەی پەیڤەکانی خۆیەتی، نیو ئەوەندە ئاگای لە بەرسڤ و ڕوونکردنەوەکانی میوانەکانی نییە و زۆر جار درێژدادڕیی دەکات و لە گشت میوانەکانی زیاتر دەدوێت و ڕوونکردنەوە دەدات و لە پڕێکدا

قسەیان پێ دەبڕێت، وەک بڵێیت لەبیری چۆتەوە ئەو پێشکەشکارە نەک میوانێکی پسپۆڕی بابەتی دیبەیتەکە.
- جێی داخە کاک ڕەنج هیچ سەرکەوتوو نەبوو لە بەڕێوەبردنی ئەم دیبەیتەش و بە ئاشکرا لایەنگیریی کاک سۆرانی دەکرد و ڕێگای پێدەدا بە دڵی خۆی بدوێت و بە پێچەوانەوە قسەی بە من دەبڕی و نەیدەهێشت پەیامەکانم بگەهێنم، ئەم ڕەفتارەشی بووە مایەی توڕەبوونی من و گلەیی سەرجەم ئەو هەڤاڵانەی دواندمیان.
- ئەمە جگە لە کێشەی تەکنیکی و بڕانی دەنگ و من گوێم لە بەشێکی قسەکان و پرسیارەکانی ئەوان نەدەبوو، ئەمەش کە بەهۆی کەمتەرخەمیی ئەوانەوە بوو و بە نەرێنی بەسەر وەڵامەکانی مندا شکایەوە، هەرچۆنێک بێت پاش مانگ و نیوێک لە دواخستن کە نازانرێت بە چ پاساوێک بوو، ئەوجا دیبەیتەکە پەخش کرا.
- هاوکات کاک هاوکار عەبدوڵا پێشکەشکاری بەرنامەی (بەرچن) لە کەناڵی (بەها ئینتەرتەینمێنت) ساڵی پار پەیوەندیی پێوە کردم، تا لەبارەی بابەتێکی مێژووییەوە، دیدارێکم لەگەڵ ساز بکات، پاش ساڵێک ئەوجا بۆم ڕێک کەوت بەرنامەیەکی دوو هەلقەیی سەبارەت بە گرنگیی ڕەخنەی مێژوویی ساز بدەین و هەلقەی دوهەمیان دەربارەی کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوە) بوو.
- بۆ ئەوەی کارەکەم بە نیوەچڵی و نابەکامی نەمێنێتەوە، وام بەچاک زانی، پوختەی روانین و هەڵوێستی خۆم لەبارەی هەردوو کتێبی (مێژووی بزر) و (کورد کێیە)، لە کتێبێکی سەربەخۆدا بخەمە ڕوو، نەخاسمە لەو مژارانەی وا پەیوەندیی بە پسپۆڕیی خۆمەوە هەیە، بێگومان باشتر و لەبارتریشە کە کتێب

هەر بە کتێب بەرسڤ بدرێتەوە. ئەم کارەش بە ئەرکێکی بچووکی خۆم دەزانم و ئاواتەخوازم هەڤاڵانی دیش لەوانەی شارەزاییان لە مێژووی کۆن و شوێنەوار هەیە زیاتر بەتەنگ رابردووی گەلەکەمانەوە بێن و ئەرکی سەرشانیان راپەڕێنن بۆ ئەوەی چیدی نەهێلین مێژووی بەشکۆی نەتەوەکەمان بشێوێنرێت و کەسانی ناشارەزا نەیکەنە کاڵایەک بۆ خۆدەرخستن و بازرگانی، ئەی ئەگەر ئێمەمانان نەهێینە دەنگ و شانی نەدەینە بەر، کێ دێتە دەنگ و ئەم ئەرکە پیرۆزە لەئەستۆ دەگرێت.

- رێز و سوپاسی هاوڕێی دڵسۆزم م. سوداد رەسوول دەکەم کە پێشەکییەکی پوختی بۆ کتێبەکە نووسی.

# پێشەکی

سوداد ڕەسووڵ

لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابردوودا، کاک سۆران حەمەڕەش دوو کتێبی لەبارەی مێژووی ڕەچەڵەکی زمان و نەژادی کورد بڵاو کردووەتەوە؛ لە هەردوو کتێب بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆرەوە پێی وایە مێژوویێکی بزر و نەگێڕدراوەی بۆ کورد دۆزیوەتەوە، ئەوەی بە دەستیشی هێناوە بۆ کورد دەستکەوتێکی گەورەیە کە تا ئێستا هیچ ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردی نەیتوانیوە ئەم مێژووە بزرە بدۆزێتەوە. بۆچوونەکانی مشتومڕێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێنا، لە نێوان ئەوانەی کە پشتگیریی ڕایەکانی دەکەن و ئەوانەش کە ڕەتی دەکەنەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمییەوە کتێبەکانی کاک سۆران حەمەڕەش تاوتوێ بکرێن، لە ڕووی میتۆدۆلۆجی و شیکردنەوەی زانیارییەکان و هەڵێنجانی ئەنجام، کۆمەڵێک کێشەی ئەکادیمی هەیە، بۆ هەر کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارە، دەتوانێ بە ئاسانی هەستی پێ بکات و هەڵەکانی دەستنیشان بکات. لە خوارەوە بە چەند خاڵێک دەیخەمە ڕوو:

یەکەم: لایەنگیری و بابەتی نەبوون- Subjective بەسەر نووسینەکانی کاک سۆراندا زاڵە؛ هەوڵ دەدات لە خوێندنەوەی هەموو مێژووی کۆنی میزۆپۆتامیا، بە حەماسیکی نەتەوەیی، کورد بە سێنتەر بکات؛ لە باسی هەر قەومێکی کۆنی ئەم ناوچەیە وەک گوتی، هیتی، هووری، ئیلامی، لوڤی، مانی، کاسی، میدی، .. تاد، بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی، ڕیشەکی کوردی بۆ دروست دەکات و دەیکات بە کورد، بەڵام ئەوەی کە زیاتر تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە سۆمەرییەکانە، بۆ ئەمەش نەک هەر ڕیشەیەکی کوردی بۆ دروست دەکات، بەڵکوو ڕاستەوخۆ سۆمەرییەکان دەکات بە کورد، بۆ ئەم ئیدیعایەش

به شێوەی بنبڕ ڕایدەگەینێ، کە سۆمەرییەکان کوردن. ئەم ڕوانگە لایەنگیرییە لە توێژینەوەی زانستی تەواو ڕەت دەکرێتەوە، توێژەری ئەکادیمی دەبێ بابەتی و بێلایەن- Objective بێت، هەوڵ بدات بە بێلایەنی و بە بەڵگەوە ڕاستییەکان بخاتە ڕوو، دوور کەوێتەوە لە هەست و سۆزی شەخسی و نەتەوەیی، ئەگەر چەند ڕاستییەکیش بدۆزێتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بیخاتە ڕوو، وەک بۆچوونێک و هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لەم باسە پرسهەڵگرە ڕای خۆی بدات، نابێ بە شێوەی ڕەها و یەکلاکەرەوە نیشانی بدات و کە ئیدی باسەکە گەیشتووە بە بنبڕ و گفتوگۆی دیکە هەڵناگرێ، ئەمانە کەلێنی گەورەن لە هەموو کتێب و توێژینەوەکانی.

دووەم: ساغکردنەوەی زمانە کۆنەکان و دۆزینەوەی ڕیشەیان لە زمانەکانی ئەمڕۆ، بوارێکی زمانەوانیی پسپۆرییە و لە زانستی زمان پێی دەگوترێ زمانەوانیی مێژوویی- Historical Linguistics کە بابەتێکی زمانەوانیی یەکجار ئاڵۆز و دژوارە، دەبێ ئەو کەسە بە سیستەمی دەنگسازی و ڕێزمان و وشەسازیی ئەو زمانە کۆنە شارەزا بێت، لەگەڵ زمانە نوێیەکە بەراوردی بکات هەتا بتوانێ خزمایەتیی هەردوو زمان بدۆزێتەوە، بەتایبەت لە ڕووی ڕێزمانەوە دەبێ هاوڕیشە بن، ئەوسا دەکرێ ئەم خزمایەتییە دەستنیشان بکرێ، ئەگەر ئەم خزمایەتییەش هەبێت، دیسان مەرج نییە ئەمانە سەر بە یەک زمان و یەک گرووپی ئەتنیکی بن، دەکرێ سەر بە خێزانە زمانێکی هاوبەشبن وەک کوردی و ئینگلیزی، بەڵام ئەمانە بە زمان و ئەتنیک جیاوازن، بۆیە ساغکردنەوەی ئەم زمانە کۆنانە لەگەڵ زمانەکانی ئەمڕۆ، بابەتێکی فرەڕەهەند و پرسهەڵگرە، کەسێک شارەزاییەکی تەواوی لە میتۆدۆلۆجیی زمانە کۆنەکان نەبێت نابێ خۆی لە قەرەی ئەم باسە بدات، بە بوونی کۆمەڵە وشەیەکی هاوبەش لە نێوان دوو زمان یەکلا ناکرێنەوە. زمانێکی وەک سۆمەری کە پێنج هەزار ساڵ تەمەنیەتی، لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی تایبەت

به زمانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا تا ئێستا نەیانتوانیوە خێزانە زمانەکەی دەستنیشان بکەن، بۆیە بە کێشەی سۆمەری ناویان بردووە، چونکە ئەسڵی زمانەکە و نەژادیان هێشتا دیار نییە، کەچی کاک سۆران تەحەدای هەموو ناوەندە ئەکادیمییە جیهانییەکان دەکات کە ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە و ڕەچەڵەکی زمانی سۆمەری دۆزیوەتەوە کە هیندۆ- ئەوروپییە و کوردییە!. بەڕاستی ئەم ئیدیعایە نەک هەر زانستی نییە، ئەوپەڕی سادەییشە بەبێ بەکارهێنانی میتۆدێکی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەیەکی قوول لە ڕێزمان و دەنگسازی و وشەسازیی زمانی سۆمەری، ئەم زمانە کۆنە بکەی بە کوردی. ئەوەی کاک سۆران لەبارەی زمانی سۆمەری بانگەشەی بۆ دەکات، زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە ئەو بیری لێ دەکاتەوە و پێی وایە بە چەند وشەیەکی هاوبەشی نێوان کوردی و سۆمەری، بەڵگەی کوردبوونی سۆمەری دەسەلمێنێ، کە ئەمەش لە ڕووی میتۆدۆلۆجی زمانەوانیی- مێژووییەوە تەواو میتۆدێکی نازانستییە. ئەگەر سۆمەری سەر بە خێزانە زمانێکی هیندۆ - ئەوروپییش بوایە، بێگومان ئاسایی بوو کۆمەڵە وشەیەکی هاوبەشی لەگەڵ کوردی هەبێت و بەڕێزمانیش لە کوردی نزیک بێت، ئەمە هێشتا بەڵگەی ئەوە نییە کە سۆمەری کوردییە، دەکرێ ئەوسا بە زمانێکی سەربەخۆی هیندۆ- ئەوروپی دابنرێ، وەک ئینگلیزی کە بە سەدان وشەی هاوبەشی لەگەڵ کوردی هەیە، پێکهاتەی ڕێزمانی هاوبەشیش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات و بڵێ ئینگلیز بە ئەسڵ کوردن.

لای سۆمەریناسەکان، زمانی سۆمەری بە هیچ شێوەیەک ناچێتەوە سەر هیچ یەک لە زمانە هیندۆ- ئەوروپییەکان، کەواتە سۆمەری هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی کوردییەوە نییە، بوونی ئەو چەند وشە هاوبەشە لە نێوان کوردی و سۆمەری، خزمایەتیی زمانیی نێوان ئەم دوو زمانە دەرناخات، ئەو چەند وشە هاوبەشە بۆی هەیە لە زمانە ئێرانییەکانی دیکەی وەک فارسی

و بەلووچی و گیلەکی و مازندەرانییش هەبێت؛ بۆی هەیە لەگەڵ زمانە سامییەکانیش هەبێت، چونکە سۆمەرییەکان لە باشووری میزۆپۆتامیا بە قەومە سامییەکانی وەک ئەکەدی و بابلی و ئاشووری دەور درابوون و پێکەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پەیوەندیی سیاسی و ئابوورییان هەبووە، زمانەکانیان وشەیان داوە بە یەک، بەڵام زمانە سامییەکان، بە ڕێزمان و سیستەمی دەنگسازی، جودا کراونەوە و یەک ڕیشەی زمانیان هەیە، هەرچی سۆمەرییە نە سامییە و نە هیندۆ- ئەوروپییە، بۆیە هەرچی هەوڵێک بدرێ بۆ نزیککردنەوەی کوردی لە سۆمەری، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و هیچ سوودێکیشی نییە، تەنیا ئاو لە دنگدا کووتانە. ئەم جۆرە تێزانە بۆ کوردبوونی سۆمەری ئەوەندە لاواز و نامەنتقییە نەک هیچ خزمەتێک بە کورد و مێژووەکەی ناکات، بەڵکوو دەبین بە گاڵتەجاڕیی دنیا، و لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیش گاڵتەمان پێ دەکەن و نوکتەمان لەسەر دەکەن و دەڵێن کورد هەموو شتێک لە میزۆپۆتامیای کۆن دەکەن بە هیی خۆیان.
سێیەم: کاک سۆران حەمەڕەش دەیەوێ پێمان بڵێ ئەگەر کورد سۆمەری نەبوو ئەوا کورد ڕەچەڵەکی دیار نییە و دەبین بە نەتەوەیەکی بێ مێژوو، بۆیە دەیەوێ بە هەر نرخێک بێت مێژوویێکی کۆن بۆ کورد ساز بکات. ئەم مێژووسازییە، جارێکی دی، بۆچوونێکی هەڵەیە لەبارەی نەژادی نەتەوەوە، مەرج نییە نەتەوە دەبێ ڕیشەیەکی کۆنی هەبێ هەتا وەک نەتەوە بناسرێ. بە سەدان نەتەوە لە دنیادا هەن، ڕەچەڵەکێکی کۆنیان نییە و کەچی نەتەوەن و دەوڵەتی نەتەوەییشیان هەیە. دۆزینەوەی ڕەچەڵەکێکی کۆن لە مێژوودا بۆ نەتەوە، چاولێکەرییە لە مۆدیلی دەوڵەت - نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەم نەتەوانە بۆ گەیشتن بەم ڕەچەڵەکە کۆنە، مێژوویێکی ساختەیان لەم مێژووە کۆنە دروست کرد، کە ئەمڕۆ ناڕاستی و ساختەیی بۆ ئەکادیمیستەکان دەرکەوتووە، کە مێژوویێکی چەواشەیە و بە

ئایدیۆلۆجی کراوە و خەڵکیان لاڕێ کراوە. ئایا ڕاستە ئێمەش هەمان مێژووسازی بۆ کورد بکەین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین نەتەوەیەکی بە ڕەچەڵەک کۆنین لە مێژووی میزۆپۆتامیا؟

بەپێی هەموو تۆمارە مێژووییەکان، کورد گەلێکی کۆنی باکووری میزۆپۆتامیایە، بەڵام هێشتا دیار نییە سەر بە کام لەم گەلە کۆنانەی ناوچەکەیە، ئەمە هەرگیز بە کەمایەتی دانانرێ بۆ مێژووی کورد، چونکە ئەمڕۆ کورد نەتەوەیەکی زیندووە و زمانێکی زیندووی هەیە قسەی پێ دەکات و پێی دەنووسێ، خاوەن نیشتمانێکی فراوان و بەرینە، کورد هەموو بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەسازی تێدایە، پێویستی بە مێژوویەکی ساختە نییە. مێژووی کورد لە هەزارساڵی ڕابردوودا لە دوای هاتنی ئیسلام بەم هەموو میرنشینە و بەم هەموو ئەدەبیاتی نووسینە، مێژوویێکی یەکجار پرشنگدارە؛ کەم نەتەوە هەیە ئەم مێژووە دەوڵەمەندەی هەبێت، بۆیە کورد هەژاریی مێژوویی نییە، کورد هەژارە لە خوێندنەوەی مێژوو، ناتوانێ بە دیدێکی زانستی مێژوو بخوێنێتەوە.

ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی کاک سۆران ئەرکێکی ئەکادیمیی توێژەرانی بواری مێژووە و دیارە هەموو باسێکی ئەم بوارە پێویستی بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی هەیە بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئەو باسە بۆ گشت لایەک ئاشکرا ببێت. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بەدەگمەن ئەکادیمییەکی کورد ئاوڕی لەم دوو کتێبەی کاک سۆران داوەتەوە تا بە توێژینەوەیەکی زانستی بۆچوونە نوێکانی شی بکاتەوە و ڕاستی و دروستییان ساغ بکاتەوە، دکتۆر زرار صدیق تۆفیق وەک کەسێکی شارەزا بە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ؛ لەم کتێبەیەدا بەوردی بە کتێبەکانی کاک سۆراندا چووەتەوە، کۆمەڵێک هەڵەی دەستنیشان کردووە، بە دیدێکی ئەکادیمی ڕەخنەی لێ گرتووە و ڕوونکردنەوەی داوە. بێگومان کەسی

ئەکادیمی هەوڵ دەدات ڕاستی بدۆزێتەوە و لە گەڕانی بە دوای ڕاستییەکان تەواو بێلایەنە؛ ناوبراو بەم ڕوانگە ئەکادیمییە ڕەخنەی لە کتێبەکانی گرتووە و نایەوێ مێژوویێکی چەواشە بۆ کورد بنووسرێتەوە، یان مێژوویێکی کۆنی پڕ لە شانازی بۆ کورد دروست بکرێ بەبێ هیچ بنچینەیەکی زانستی. مێژوویێکی ساختە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بۆ نەتەوەسازیی کورد سوودی هەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا لەبەر تیشکی توێژینەوە زانستییەکان ناڕاستی دەردەکەوێت و دەدرێتە دواوە، زیانێکی گەورەش بە مێژووی ڕاستەقینەی کورد دەکەوێت. بۆیە ئەم باسە لای دکتۆر زرار خەمێکی ئەکادیمییە و بەرگرییە لە زانست و لە مێژوویێکی ڕاستەقینە بۆ کورد، کە ئەم مێژووە ئەمڕۆ خەریکە لە ڕێچکەی زانستی خۆی لا دەبرێ و مێژوویێکی پڕ لە وەهم و ئەفسانە و بۆ کورد ساز دەکرێ.

# پێشەکیی نووسەر

***إذا تكلم المرء في غير فنه أتى بهذه العجائب***
***ابن حجر العسقلاني (١٣٧٢- ١٤٤٩م)- فتح الباري***

بەرێز سۆران حەمەڕەش ساڵی ٢٠١٣ کتێبی (کورد کێیە؟ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانیەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زایینی)ی بڵاو کردەوە کە دەنگێکی باشی دایەوە و ژمارەیەک کۆڕی بۆ گێڕدرا، پاشان ساڵی ٢٠٢٢ کتێبی دوهەمی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد، سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانیەتی رۆژئاوا و بنەچەی زمانە هیندۆئەوروپیەکان (لە ١٠٠٠٠پ. ز وە بۆ ١٣٠٠ز)) بڵاو کردەوە کە هاوکات بە ئینگلیزییش چاپی کردبوو، ئەمەیان هەرچەند بیرۆکە سەرەکییەکەی و چەند بەشێکی، هەمان ئەوانەی کتێبی یەکەمن، بەڵام زۆر زیاتر بایەخی پێدرا و لە لایەن دانەرەوە ناسێنرا و بەچڕی ریکلامی بۆ کرا و دەهان جار لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کۆڕی بۆ ساز درا و لە ژمارەیەک تەلەفزیۆنەوە، دیداری بۆ رێک خرا.

لە پێشەکیی وەرگێڕدراوی کوردیی کتێبەکە، گازندە دەکات کە ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان بایەخیان بە کتێبی یەکەمی نەداوە: "چاوەڕوانی مشتومڕێکی گەورەم دەکرد لە ناو دەزگا ئەکادیمی و زانکۆکانی کوردستاندا... بەڵام بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ یەک زانکۆ قسەیەکی لەسەر کتێبە کۆنەکەم نەکرد..."، ئەوەی کراش تەنها یەک دکتۆر لە بواری مێژوودا ئەنجامی داوە، ئەوەیش سەرپێیە و قووڵ نییە و ڕەنگە پەلەی کردبێت و لە ناوەڕۆکی کتێبەکە نەگەهیشتبێت، بۆیە ئەو بێدەنگییە و ئەو هەلومەرجە "زۆر نائومێدی کردم" (لx).

پێم وایە هەقی خۆیەتی ئەم گلەییە بکات و ئەمەیش مەرجێکی بنەڕەتیی توێژەری راستەقینەیە کە بوێر بێت و بخوازێت کارەکەی هەڵ بسەنگێنرێت و گەنگەشەی لەسەر بکرێت، هەرچەند وەک پاشتر بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستی لە "مشتومڕێکی گەورە"، پەسندکردن و پێداهەڵدانی کتێبەکەیەتی، نەک هەڵسەنگاندن و رەخنە لێگرتنی، هەرچۆنێک بایە دەبوو لایەن و کەسانی پەیوەندیدار زووتر و زیاتر بهاتنایەتە دەنگ و هەڵوێستی خۆیان لەبارەی دید و نۆڕینەکانی دەربڕی بایە.

من بەخۆم بەو پێیەی یەکێکم لە پسپۆرانی دیرۆکی کوردستانی سەدەکانی ناوەڕاست و سی ساڵە مامۆستای زانکۆم و تا رادەیەک شارەزاییم هەیە، دەزانم ئەو گازندەیە راستەوخۆ منیش دەگرێتەوە، بۆیە گەلێک بە پێویستی دەزانم بەگوێرەی توانا و شیانم، هەڵوێستی خۆم لە ئاست لێکدانەوە و بۆچوونەکانی دەرببڕم و خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە و هەڵسەنگاندنێکی زانستییانەیان بۆ بکەم، بەڵکو خۆم بە کەمتەرخەم دەزانم لەوەی کە تا ئێستا بێدەنگ بوومە لە ئاست چەندین کتێب و توێژینەوە و بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریی جۆربەجۆر لەمەڕ مێژووی کورد و کوردستان.

ئێمەمانان نابێت بە هیچ پەڵپ و بیانوویەک خۆمان لەم بەرپرسیارێتییە پیرۆزە بدزینەوە و کڕوکپ لێی دانیشین، ئێخۆ بڕوانامەمان نەهێناوە تەنها بۆ ئیمتیازات و دەستکەوتی مادی و مەعنەوی، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت خۆمان لەم مژارانە بکەینە خودان و گوفتار و کردارمان هەبێت، ئەگەر زانیمان هەر کارێک بە گیانێکی زانستی ئەنجام دراوە و دەچێتە خانەی خزمەتکردن بە دیرۆک و چاندی کوردییەوە، ئەوا پاڵپشتیی خاوەنەکەی بکەین و دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێ بکەین. ئەگەر بەپێچەوانەوەش بوو، ئەوا دەبێت بەرسڤی بدەینەوە و بە بەڵگەوە پەردە هەڵماڵین لەسەر کەموکوڕی و خەوشەکانی، تا کەسانی ناشارەزای دی بە مەرام و ئامانجی

نازانستیی جۆربەجۆر، چیتر زاتی ئەوە نەکەن توخنی ئەم پرسە هەستیارە بکەون.

لێرەوە دەکرێت دانانی ئەم کتێبە، هەم وەک ئەرکێکی ئاسایی سەرشانی خۆم و هەم وەک بەدەنگەوەچوونێکی کاک سۆران دابنرێت. ئەوەش بڵێین کە لە دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا، وەک پێشتر گوتم بەشێکی کەم لە سەرنج و رەخنەکانم خستە ڕوو و بەداخەوە لەوەی ڕووداو (Rudaw)، لەبەر کێشەی تەکنیکی و تێنەگەهیشتنم لە بەشێکی ئاخافتن و پرسیارەکان و دەستێوەردان و قسە پێبڕینی هەڵسوڕێنەری بەرنامەکە، کات و دەلیڤەم بۆ نەڕەخسا بەدڵی خۆم بئاخڤم.

ئەم کتێبە پتر شەنوکەوکرنی چەند لایەنێکی کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد)ە کە ژمارەیەک مژار و بابەتی وروژاندووە، نزیکن لە پسپۆڕی و شارەزایی منەوە و سەرچاوەکانیشیان بە عەرەبی و فارسی و کوردین. پێم وایە خستنەڕووی گشت تێبینی و سەرنجەکان لەسەر هەردوو کتێبەکە، لە وزە و شیانی تاکە کەسێک نییە و لە کتێبێکیش جێگایان نابێتەوە و رەنگە یەک دوو کتێبی دی پڕ بکەنەوە. لە چەند بەشێکیشدا ژمارەیەک سەرچاوەی ئینگلیزیی بەکار هێناوە کە زۆربەیان بە زەحمەت دەست دەکەون و دەمێکی درێژی دەوێت بچیتەوە سەر یەکە یەکەیان و بۆ بەراوردکردن سوودیان لێ ببینیت و ئەم تەوەرە کەسانی شارەزا و زمانزانی گەرەکە و بۆ ئەوانی بەجێ دەهێڵم.

هەرچی کتێبی (کورد کێیە)یە، ئەوا زۆرینەی وشەنامەیە و بەراوردی وشەی کوردییە لەگەڵ وشەگەلی زمانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ و چەند بەشێک و زۆرێک لە لێکدانەوە و بیروڕاکانیشی، لە کتێبی دوهەم دوبارە کراونەتەوە و هەندێکیشی گۆڕدراون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پشتگوێم خستبێت، بەڵکو بۆ بەراوردکردن و ئاشنابوون بە تەواوی دید و

بۆچوونەکانی دانەر، هەر کاتێک پێویستی کردبێت گەڕاوەمەتەوە سەری و لە ڕاستیشدا بۆ ماوەیەکی درێژ دوودڵ بووم و نەمدەزانی بە یەک کتێب دایان بنێم یان بە دووان، بەڵام چونکە بە دوو ناوونیشانی جیا بڵاو کراونەتەوە، وا باشتر و زانستیترە بە دوو کتێب دابنرێن.


بێگومان تاکە مەبەستیشم تەنها ڕەخنەی ئاڤاکەر و خزمەتکردن و بەرگریکردنە لە دیرۆکی پڕ شانازیی کورد و دەرخستنی ئەو ڕاستییانەیە کە من و توێژەرانی ئەکادیمی لەسەریان کۆک و هاوڕاین.

# بەشی یەکەم

# نووسەر و میتۆدی توێژینەوەی ئەکادیمی

## ١- ئەرک و مەرجەکانی توێژەری ئەکادیمی:

توێژەری ئەکادیمی و راستەقینە، دەمێک لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە بابەتێک دەنووسێت، بەپێی توانای کۆشش دەکات بگات بە راستی و حەقیقەتی بابەتەکە یان چەندی پێ بکرێت لێی نزیک ببێتەوە، گەرەکە مەبەست و نیازیشی تەنها و تەنها زانستی بێت نەک چ ئامانجێکی دی، بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەست و نیازەشی، پێویستە تەواو ملکەچی مەرج و بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بێت و پێیانەوە پابەند بێت. واتا سەرەتا دەبێت شارەزایی باش و گشتگیر و پێشینەی پتەوی هەبێت دەرهەق ئەو مژارەی ئیشی لەسەر دەکات، ئەوجا بە هێمنی و بێلایەنی و بە گیانێکی تەواو زانستی، دەست بداتە کارەکەی و هەست و سۆزی جۆربەجۆری تاکەکەسی، ناوچەگەری، ئایینی، نەتەوەیی... نەیبزوێنێت و لەخۆباهی نەبێت و ستایشی کارەکانی خۆی نەکات و کاری خەڵکانی دی پشتگوێ نەخات، با رەخنەیان لێ بگرێت، بەڵام نەک لەخۆیەوە و بەبێ بەڵگە، بێبەهایان بکات و دەبێت جیاوازیی نێو هەواڵ و زانیارییەکان بەهەند وەربگرێت و بە چاوێکی رەخنەگرانە لە گشت سەرچاوە و دەنگوباسەکان بڕوانێت و هەڵاوێردن بکات لە نێوان سەرچاوە و بەڵگەنامەی رەسەن و دروست و ئەوانەی وا ساختە و هەڵبەستراون و جەخت لەسەر بینینی سەرچاوەی یەکەم و ئۆرگیناڵ بکات و تەنها ئەوانە وەرنەگرێت کە پشتگیریی بۆچوونی پێشوەختی دەکەن و ئەوانەی دی کە لە بەرژەوەندیی ئایدیای خۆی نین پشتگوێیان بخات، ئەم




چەشنە چەواشەکارییە لە عەرەبیدا، زاراوەی (مغالطة الإنحياز التأكيدي)ی بۆ دانراوە.

هەروەها ڕەچاوی دۆخ و ڕەوش و هەلومەرجی شوێن و دەمی تایبەتی کاراکتەرەکانی توێژینەوەکەی بکات، نەک بەپێچەوانەوە وایان لێ بکات ئەوان وەک خۆی بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن، واتا نەکەوێتە داوی (ئاناکرۆنیزم)ەوە و بە وردی و وریایی سەردەری لەگەڵ ئەفسانە و چیرۆکەکان بکات و بە مەبەست خۆی رادەستی ناوەڕۆکەکەیان نەکات.

لە کۆتاهیشدا پەلە نەکات لە بڕیاردان و بە ڕێژەیی نەک ڕەهایی بدوێت و تەواو دڵنیا نەبێت لە ڕاستیی ئەو ئەنجامانەی پێی گەهیشتووە و وا نەزانێت ڕاستییەکان تەنها لەکن ئەون. لەمانەش گرنگتر، توێژەر هەرگیز نابێت پێشوەخت و پێش دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە، بڕیاری لەسەر حەقیقەتی مژارێک دابێت و ئەوجا بهێت و گشت تین و شیانی بخاتە گەڕ بۆ سەلماندنی، ئەوەی ئاوەها هەڵسوکەوت بکات و بدوێت، ناکرێت بە توێژەر بناسرێت و توێژینەوەکانی پەسند بکرێت[1].

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. حسن عثمان، منهج البحث التأريخي، دار المعارف (القاهرة: ١٩٦٤)، د. قاسم يزبک، التأريخ ومنهج البحث التأريخي، دار الفكر اللبناني (بيروت: ١٩٩٠).

راسته کەم لێکۆڵەر هەیە سەرجەم ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت و پابەندی هەمووی ببێت، نەخاسمە لێکۆڵەری کورد کە زانیویەتی چەند ستەم و بێدادی لە گەلەکەی کراوە و دوژمنان و ناحەزان چەند بە ناهەقی مێژووەکەیان شێواندووە، بۆیە نەشیاوە بێدەنگ بێت و کاردانەوەی هەبووە و لەمیانەی وەڵامدانەوە و داکۆکی لەخۆکردندا، زۆرجار گوێی بە میتۆدی زانستی نەداوە و قسەی دڵی خۆی دەربڕیوە.

## ٢- سۆران حەمەڕەش قسەکەر و نووسەرە، توێژەر نییە:

لای کەسانی پەیوەندیدار شاراوە نییە کە کاک سۆران، لە کتێب و وتارەکانی، لە پۆستەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی، لە سیمینار و کۆڕەکانی ناساندنی کتێبەکەی، بەردەوام ئەوە دەڵێتەوە کە نەژادی کورد و مێژووەکەی بەلاڕێدا براوە و ئەوەی تا ئێستا زانراوە و گوتراوە و باس کراوە، بریتییە لە گاڵتەجاڕی، روخسارێکی درۆینە، وێنەیەکی شێوێنراو، بگرە مێژوو و ناسنامەی کورد " دووچاری جینۆسایدی ئەکادیمی هاتوون" (مێژووی بزر، ل٣٥٤). گوایا "بۆشاییەکی گەورە" و "سەرلێشێواویەکی زۆر" هەیە لەسەر بنەچەی کورد و مێژووەکەیان (لx، ٧، ٧٤) و توێژینەوەکانی ئەمڕۆ لەمەڕ کورد پڕە لە " هەڵەتێگەیشتن و بۆچوونی نادروست" (ل٤)، سەرئەنجام بزاڤی مێژوونوسی شکستی هێناوە لەم تێگەهیشتنە و نەشیاوە بەدوری بخاتەوە لە "تەڵەی بۆچوونی باو و بێ بنەما"، بۆیە پێویستی بە هەڵوشاندنەوە هەیە (ل٢٤، ٣٥٣).

خۆیشی بەهاناوە هاتووە و وەک فریادڕەسێکی خەمخۆر و دڵسۆز هاتۆتە دەست و دەیەوێت سەرلەبەری مێژووی پێشچاوخراوی کورد رزگار بکات و پاکی بکاتەوە لە (بێ مانایی) و " هۆکاری ئەو مێژووە بێ مانایەی کە ئەمڕۆ بۆ کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوسراوە " بخاتە ڕوو (لxii) و تا " بەهەڵە

تێگەیشتنی تەواوی کۆمەڵگە و کولتوری کوردی" راست بکاتەوە، یان کە هاتووە "مێژووی کورد " بنووسێت، ناچار بووە بەرگری لەخۆی بکات و "مامەڵە لەگەڵ سەدان بۆچوونی نادروستی جێگیر" بکات کە " سەبارەت ئەوان- کورد- و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بنەچەی شارستانیەتی رۆژئاوا نوسراون " (لxx). بەڵکو بەشی دەهەمی کتێبەکەی کە چل لاپەڕە دەگرێتەوە (ل١٧٧-٢١٦) تەرخان کردووە بۆ وەڵامی پرسیارێکی خۆی: چۆن مێژووی کورد بەم جۆرەی لێ هات؟ و لە دەرئەنجامەکەی دەڵێت " ئەوەی کە ئەمڕۆ بە مێژووی کورد ناو دەبرێت، مێژووی ئەوان نییە " (لvi، ٢١٥).

هۆکاری ئەم ماڵوێرانی و سەرگەردانییەش بەلایەوە ئەوەیە کە " زۆر لە توێژەرە کوردەکان هێشتا کاری ئەکادیمیە رۆژئاواییەکان وەک بناغەی راستیی بواری لێکۆڵینەوە لەسەر خۆیان دادەنێن. کاریگەریی چەوساندنەوەی ناوەکیکراو هێندە گەورەیە کە لێکۆڵەرە کوردەکان بە گشتی ناتوانن بەشێوەیەکی رەخنەگرانە سەیری ئەو بەڵگەنامە نوسراوانە بکەن کە لەسەر مێژوو و کولتورەکەیان نوسراوە" (ل٢١٥).

لە لایەکی ترەوە، ناکرێت نکووڵی لەوە بکرێت کە بەڕێزی خوێنەرێکی چالاک و پشودرێژە و بێوچان لە پێناوی خوێندنەوەدا خۆی شەکەت و ماندوو دەکات و سەدان کتێبی بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی خوێندۆتەوە و کەڵکی لێ وەرگرتوون و چەند دەقیشی هێناوەتەوە کە بەکەڵکن و پەیوەستن بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە و بۆ من نوێ بوون، نووسەرێکی چاکیشە و چ بە کوردییەکی پاراو و رەوان و چ بە زمانی ئینگلیزی، دەدوێت و دەنووسێت، لە ئاماژەدانیش بە سەرچاوەی برێکی زۆری هەواڵەکانی، ئەوەندەی من ئاگام لێی هەبێت راستگۆ و دەستپاکە و لە رووی ژمارەی سەرچاوە و رێژەی هەواڵ و زانیارییشەوە، هەردوو کتێبەکەی دەوڵەمەندن و کەموکوڕی و گرفتێکی وایان نییە با زۆربەشیان زانراو و دوبارە بن.

ئەمانەیش وەک زانراوە، بەشێکی کەمن لە پێویستی و مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، وەلێ لە ئالییەتی بەکارهێنان و چۆنیەتی بەگەڕخستنی هەواڵ و دەنگوباسەکان، گرفتێکی مەزنی هێناوەتە ئاراوە و رێسەکەی کردۆتەوە خوری، من با دنیاییێک داتا و کەرەستەم هەبن و با هەواڵ و زانیاریی زۆر و زەوندیشم لە بەردەست بن، بەڵام چ سوود و بەهایەکیان نامێنێت ئەگەر وەک خۆیان نەیانخەمە گەڕ و بێ بڕیاری پێشوەخت سەرەدەرییان لەگەڵ نەکەم.

هەرچەندیش لە دەستپێکی کتێبەکەیەوە ئەوە دەزانێت کە " هەندێک جار لێکۆڵینەوەکان بنەما سادەکانی لێکۆڵینەوەی زانستییان تێدا نییە (مێژووی بزر، ل٣) و لە یەکەم دێڕی سەر بەرگی پشتەوەی کتێبەکەشی خۆی وەک " نووسەر، ئەکادیمی، مێژوونووس و زمانەوانێک" دەناسێنێت " کە نزیکی سی ساڵی ژیانی تەرخان کردووە بۆ توێژینەوە لەسەر کورد و مێژووەکەی". بەڵام باوەڕ ناکەم کەس بە رادەی ئەو، ئەرکەکانی توێژەری پشتگوێ خستبێت و سەرپێچیی مەرج و بنەما بنەڕەتییەکانی توێژینەوەی کردبێت و هەندە بە پێچەوانەیانەوە کاری کردبێت، لە:

- بەکوردیکردنی سەدان پەیڤ و بڕگە و لەتە وشەی زمانگەلی کۆن بە کەیف و ئارەزووی خۆی.
- نامەنتیقی لە بەستنەوە و گرێدانی رووداوەکان بە یەکدییەوە.
- گەورەکردنەوەی بێڕادەی سەنگی ئەو هەواڵ و بەسەرهاتە سادە و زانراوانەی وا خزمەت بە بۆچوونەکانی دەکەن.
- کارکردن لەسەر دڵ و هەستی خوێنەر نەک عەقڵ و هزری و وروووژاندنی سۆزی کوردایەتی.
- پشتبەستن بە سەرچاوەی ساختە و وەرگرتنی دەقێکی ئەفسانەیی وەک راستییەک.

- لایەنگیری و لەدەستدانی بێلایەنی و ئینتقائی لە وەرگرتنی دەق و سەرچاوە.
- زۆر بارەکردنەوەی ئاخافتن و زانیاری.
- بەرپەهایی دووان و پەلەکردن و هەڵەشەیی لە ڕادەربڕین لە زۆر شوێندا.
- پشتگوێخستن و بەهەند وەرنەگرتنی ئەو کارانەی تا ئێستا کراوە و ڕەتکردنەوەی هەرچییەک پێش خۆی نووسرابێت.
- پشتڕاستنەکردنەوەی زانیارییەک لە سەرچاوەی ڕەسەن لە زۆر شوێندا.
- لەخۆباییبوون و دڵنیابوون لە دروستیی ئەنجامەکان و پێکانی ڕاستی.


ئەم سەرپێچی و پێنەگیرییە لە سەرتاسەری کتێبەکەدا بە زەقی دەبینرێت. ئەوەتا تەنها لە یەک لاپەڕەدا (مێژووی بزر، لxvii) پێنج جار باسی " دۆزینەوە " و " دۆزینەوەیەکی گەورە" ی خۆی دەکات، بەڵێ زانینی ئەوەی کە بڕگەی (گرمای)لە ناوی وڵاتی گەرمیان- بیث گرمایی ئارامی- سریانی، هەر وشەی (گەرم)ی کوردییە و (بابیت)یش هەر (بازیان)ە، دۆزینەوەن و کەس پێی نەزانیون!.

سەرباری گشت ئەمانە، کێشە و گرفتی هەرە مەزنی ئەم کتێبە کە هاوکات سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەی کەموکوڕی و کەلێنەکانی دیکەیەتی، ئەوەیە کە سەرەتا بڕیار دراوە ئەنجامەکەی چی و چۆن بێت و ئامانجیشی دیاری کراوە، ئەوجا دەست کراوە بە کارکردنی چڕ بۆ گەهیشتن بەو ئەنجام و ئامانجە دیاریکراوە، روونە هەر کارکردنێکیش لە پڕۆژەیەکدا، بخرێتە پاش بڕیاردان لە ئەنجامەکەی، ئەوا زانستی نابێت و ناشێت هەر بە لێکۆڵینەوە ناو ببرێت.

بە ئاخافتنێکی دی، چی لەسەر کورد هەیە و چی زانراوە، دەیانخاتە ژێر گومان و توانجەوە و خۆی گوتەنی هەڵیدەوەشێنێتەوە و بۆشاییەکانی پڕ دەکاتەوە، ئەمە بێ ئەوەی ئاگای لە زۆربەی ئەو "هەبووانە و زانراوانە" بێت، ئەوجا وەک دژەباوێک بیرۆکەیەک یان خوێندنەوەیەکی خۆی قوت دەکاتەوە و دەیکاتە شوێنگرەوە و وەک تیۆرێک و حەقیقەتێکی رەها نمایشی دەکات و

بە هەموو هێز و تینێکی هەوڵ دەدات بیچەسپێنێت و تکا دەکات و دەپاڕێتەوە بڕوای پێ بکەیت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشێلی لۆژیک و پرینسیپەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی کردووە. ئەمەیش لە پەڕە بەپەڕەی کتێبەکە بەدی دەکرێت.

پوختەی بیرۆکەکەش ئەوەیە کە کورد ئەوە نییە تا ئێستا ناسراوە و دەناسرێت، بەڵکو زۆر لەوە گەورەتر و شکۆدارترە و دێرینترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و نەوە و میراتگری گەلە خاوەند شارستانییەتەکانە و




چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی هەبووە و چ داهێنان و شۆڕشێکی زانستی لە ناوچەکە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ باب و باپیرانی. بەم شێوەیە سواری شەپۆلی کوردایەتی بووە و بانگەشە بۆ ئەم پرسە نەتەوەییە دەکات و بە دڵ و ویستی خەڵکی کورد دەدوێت کە بێگومان نەتەوە و نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و شانازی بە زمان و مێژووی خۆیانەوە دەکەن و ئاواتەخوازی سەربڵندی و سەرفرازیی گەل و خاکەکەیانن، نەخاسمە کوردی تامەزرۆی ئازادی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە دڵسۆزە لەپاڵ نەتەوەخوازەکاندا، شارەزای وردەکاریی مێژووی دوورودرێژی خۆیان نین و سەریان لە ئەرکەکانی توێژەر و مەرجەکانی رێبازی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دەرناچێت کە تاکە رێبازە بکارێت خزمەت بە مێژوو و زمان و کولتوری کورد

بکات و وەک خۆی بیخاتە ڕوو، ئەویش ئەم هەست و سۆزە بێگەردەیان دەقۆزێتەوە تا زیاتر برەو و رەواج بە ئیدعاکانی بدات.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ناڕەواییەکی گەورە و ناهەقییەکی مەزنە بە توێژەر ناو ببرێت و هەر خوێنەرێک ئەگەر ئایدۆلۆجییانە بیر نەکاتەوە و بەئینصاف و بێلایەنی لە شتەکان بڕوانێت و هەردوو کتێبەکەی بخوێنێتەوە و چاوی بەو رستە و دەستەواژە و ناوونیشانانەی سەرەوە و هاوشێوە و هاوواتاکانیان بکەوێت، پێم وایە هاوڕام دەبێت و دەمودەست تێدەگات کە ئەم پەیڤ و داخۆییانە، هەرگێز ناشێت لە زاری کەسێکی زانا و توێژەرێکی ئەکادیمییەوە بهێنە دەر و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەڕێزی لە دانانی ناوونیشان، لە یازدە لاپەڕەی پێشەکیی کتێبەکە (لxxi- x)، لە ناوونیشان و پلانی دابەشکردنی پەل و بەشەکان، لە پێگیری بە یەکێتیی بابەت و چوارچێوەی زەمەنی ناوونیشانەوە، لە ریزکرنی بابەتەکان و تێکەڵ نەکردنیان، لە دوبارە نەکردنەوە، لە لێکدانەوەی زۆربەی هەواڵ و دەنگوباسە مێژووییەکان، دەگمەن سیمای توێژەری زانستیی تیا بەدی دەکرێت.

یەکێک لەناو شتگەلێکدا تەنها ئەوە شتە ببینێت کە لە بەرژەوەندیی خۆی دایە و ئەوانی دی بەیەکجاری بەلاوە بنێت و ئەگەر ئەو شتەشی دەست نەکەوێت، بێ دەربەستانە لەخۆیەوە پێکەوەی بنێت، ئەوە هەرگیز توێژەر نییە و مەبەستی گەهیشتن بە راستی و حەقیقەت نییە.

جارێک هەر ئەوەندە دەڵێم کێ باوەڕ دەکات بێژەری ئەم قسانە کە هەندە لە بەرزەوە دەخوڕێت، بەڕێزێکە ناتوانێت تاکە بڕگەیەک بە زمانی سۆمەری، هوری و زمانی گەلانی دیی کۆن بخوێنێتەوە و بڵێتەوە، لە چ زانکۆ و پەیمانگایەک، تاقە کۆرسێکی لەبارەی زمانناسی و ئارکیۆلۆجی و مێژووەوە نەخوێندووە، بەڵێ ئەم رێزدارە تا هەنووکە نازانێت کە میر شەرەفخانی بەدلیسی (م: ١٠١٠ک/١٦٠١ز؟)، کتێبی" شەرەفنامە " ی بە فارسی داناوە نەک

به کوردی (مێژووی بزر، ل٨٧) و هەندەی خوێندەوارێکی ئاساییش، ئاگای لە زانیارییە بەراییەکانی پەیوەست بە میرنشینەکانی سەردەمی عوسمانی نییە و ناویشیان لێک ناکاتەوە، لەملا و ئەولا گوێ لە دەنگوباسی میر بەدرخانی میری جەزیرەی بۆتان بووە، بێ سۆراخکردن و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان، ئەوەی بیستویەتی بە هەڵە گێڕاویەتیەوە و بەدرخانی لا بۆتە ناوی میرنشین و جەزیرەی بۆتانیشی لا بۆتە دوو شوێن و دوو میرنشین: جەزیرە، بۆتان، سەرئەنجام یەک میرنشین دەکات بە سیان: " ئیمارەتە کوردیەکانی وەک مەروانی... بۆتانی، جەزیری، بەدرخانی" و " ئیمارەت و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەک لوڕ...، بەدرخان، بدلیس، هەکاری، بۆتان، جەزیرە" (کورد کێیە، ل٢٦٠، ٤١٦ و بڕوانە: مێژووی بزر، لx).

دوای ئەوە، ئەرێ کەسێک سەری لە بنەما بەراییەکانی میتۆدی زانستی دەرنەچێت و بڕوانامەیەکی ئەکادیمی بەدەست نەهێنابێت و خەریکی کار و فرمانی تایبەتیی خۆی بووبێت، کوا ئەو توانا و دەلیڤەیەی دەبێت دەستی بەسەر سەرتاپێی مێژووی کورد و کوردستاندا رابگات و ئەوجا فریای ئەوە بکەوێت هەڵی بوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ بنیاتی بنێتەوە و کتێبێک دابنێت کە لە سۆمەری، گۆتی، هیتی، هوری، کاشی، میدی، مانەنا، ئەدیابینا (هدیاب)، گۆردیونی، تیۆری ئاریایی، نەورۆز، ژنی کورد، ئەدەبی کوردی، زمان و ئەلفەبێی کوردی، ناودارانی کورد، دەوڵەتی ئەیوبی و یازدە میرنشینی سەدەکانی ناوەڕاست بدوێت، ئەرێ چۆن ئەم کتێبە دەخرێتە ریزی کتێبە قوول و ئەکادیمییەکانەوە؟.

## ٣- ناوونیشان و پلان و پێشەکی:

نامەوێت هەندە لەسەر ناوونیشان بڕۆم و ئەوەندە دەڵیم، ناوونیشانی هەردوو کتێبەکە نامێژوویین و بە هیچ پێوەرێک لە هی کتێبی ئەکادیمی

ناچن و پتر بۆ ریکلامکردن و له پێناوی وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵکی دانراون، سەبارەت بە (کورد کێیه)، دیارە ئەم ناوونیشانە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە بێڕیزیکردن و تانەدان لە شکۆی نەتەوەیەکی دێرین، توخودا مەعقولە لەم سەردەمە نوێیەدا و تا ساڵی ٢٠١٣ کەس و نەخاسمە ئێمەی کورد نەزانین خۆمان کێین؟ ئەی کتێبەکانی میر شەرەفخانی بەدلیسی، مەلا مەحمودی بایەزیدی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، عەلائەدین سەجادی، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، مەسعود محەمەد، د. کەمال مەزهەر، کار و کۆششەکانی د. حوسامەدین نەقشبەندی، سەیدا عەبدولڕەقیب یوسف، د. موحسین محەمەد حوسێن و هەزاران کتێب و لێکۆڵینەوە و نامەی زانکۆیی توێژەرانی کورد، تۆ بڵێی گشت ئەمانە هیچیان بەهیچ نەکردبێت و کوردیان نەناساندبێت و جەنابی لەپڕێکدا سەر هەڵبدات و پێمان بڵێت کورد کێن؟.

هەرچی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد)یشە، ئەوا ناوونیشانێکی هەڵخەڵەتێنەرە و بە مەرامی نازانستی و بازاڕکردن داڕێژراوە و هەرگیز گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی ناکات و زۆربەی بابەتەکانی "بزر و نەگێڕدراوە " نین، بەڵکو زانیاریی کۆن و ئاشکران ئەگەر نەڵێم سوواون و ئەو بە ئارەزووی خۆی لێکی داونەتەوە و راڤەی بۆ کردوون. ئەگەر یەکێک لەم ناوونیشانە باڵکێشە رامێنێت، یەکسەر وا مەزندە دەکات کە دانەرەکەی چەندین تاتە گڵینە و تێکستی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوریی ناوازەی پەیوەست بە کورد و زمانی کوردییەوە دۆزیوەتەوە، یان دەستخەتگەلێکی نایاب و سەنگینی کوردیی دەست کەوتووە و لە رێگای گشت ئەمانەوە، بە مێژووی کورددا چۆتەوە و هەمواری کردۆتەوە و گەلێک نهێنی و رازی مەزنی زمان و دیرۆک و چاند و رابردووی کوردی ئاشکرا کردووە، دەزانم زۆر کەس بەم ناوونیشانە دەستخەڕۆ بوون و کتێبەکەیان کڕی.

ئەوەتا کتێبەکەی کردووە بە دوو تەوەر- پەلەوە، هەر لە ناوونیشانی پەلی یەکەمدا، رایگەیاندووە کە بنچەی کورد بزرە و کەس پەی پێ نەبردووە و ئەو دۆزیویەتەوە "دۆزینەوەی بنەچەی بزری کورد" و سەرئەنجام ئەم گرفتەی چارەسەر کرد و "یەکلا کرایەوە "، لە پەلی دوهەمیشدا، چونکە کاریگەریی مێژوویی کورد بە دروستی و تەواوی باس نەکراوە، بۆیە ئەو مێژووە " هەڵدەوەشێنرێتەوە " و ئەوەی ئەو دەیلێت "مێژووە نەنوسراوەکەی کورد "ە (ل١، ٢١٧).

لە سەرێکی دیەوە، پێگیریی نەکردووە بە ناوونیشانەوە و تا ساتی چاپکردنی کتێبەکە هێناویەتی و چیی بەرچاو کەوتووە و زانیویەتی خزمەت بە بۆچوونەکانی دەکات، ئاخنیویەتیە نێویەوە و لە زۆر بابەتدا، باسی رووداو و کەسایەتیی سەردەمی نوێ و هاوچەرخ دەکات و دەهان وێنەی فۆتۆگرافیی نوێی تێدا داناوە.

ئەوەی جێگای رامان و هەڵوەستەشە، ئەم کتێبە تا رادەیەکی بەرچاو هاوشێوەی کتێبی یەکەمە، ئەوەندە هەیە بابەتگەلێکی لێ لابراوە و چەند بەشێک سەبارەت بە دیرۆک و ئەدەب و چاندی کوردی لە سەدەکانی ناڤین و نوێی بۆ زیاد کراوە و لە چەند مژارێکیشدا، بیروڕای نوێ خراوەتە ڕوو. دەنا لە بیرۆکەی سەرەکی، میتۆدی کارکردن، هێڵی گشتی ئاخافتن، بەشێکی زۆری ناوەڕۆک، چوونیەکن. تەنانەت پێشەکیی هەردووکیانیش کە تا رادەیەک دوبارەن و هەمان بیرۆکە لەخۆ دەگرن، لەبری ئەوەی بەرنامە و میتۆدی کارکردنی بخاتە ڕوو و ئاماژە بە کەرەستە و سەرچاوەکانی بدات و بە چاویکی رەخنەگرانە توێژینەوەکانی پێشوو هەڵبسەنگێنێت، کەوتۆتە رەخنەگرتنی بێ بەڵگە و بێ نموونە لە سەرپاکی بزاڤی مێژوونوسیی کوردی، یان باسی بیرەوەریی منداڵی و دۆخی تایبەتیی خۆی و کاریگەریی دایک و باب و باپیری دەگێڕێتەوە و گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی دەکات:

"هەندێک جار لە کاتی مامەڵەکردنمدا لەگەڵ وشەی سۆمەری/کوردی، هەست و سۆز شەپۆلیان دەدا و چاوەکانم پڕ دەبوون لە فرمێسک" (لxviii)، ئەم شتانە دەشێت راستبن، وەلێ پەیوەندییان بە زانست و میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیەوە نییە. لەم ڕووەوە دەکرێت بیخەینە ریزی ئەو کوردانەی کە وەک جوتیار ئەحمەد دەڵێت :"دەزانن چۆن ختوکەی هەستی خەڵک بدەن و بیجولێنن، هەربۆیە دێن بە زمانێکی حەماسی و کاریگەر باسی بابەتێک دەکەن کە خەڵک حەزی لێیەتی و شارەزایی تێدا نییە" و گوایا کورد بەشخوراوە مێژووەکەی شێوێنراوە [١].

زیاد لەمانەش، خۆی لێ بۆتە ئەو پاڵەوانەی کەوا مامۆستا مەسعود محەمەد (١٩١٩- ٢٠٠٢) ئاواتی پەیدابوونی دەخوازێت، تا فریا بکەوێت و سەرەداوی گرێدانی زارەکانی کوردی بە زمانی کۆنی کوردییەوە بدۆزێتەوە و پەیوەندیی نێوانیان دابڕێژیت و لە کۆتاهی پێشەکیی (کتێبی کورد کێیە، لxxi -xxii)دا، دەقی ئاخافتنەکەی هێناوەتەوە " ئەمن دەڵێم و خۆشم دەزانم دۆزینەوەی داوی پەیوەندی میانی کوردی کۆن و لەهجەکانی ئێستاکەی، کارێکە لێی دەوەشێتەوە پەیکەری زێڕی بۆ داڕێژرێ و خاوەندەکەی بە پێشەوای سەرلەبەری رۆشنبیر و نوسەر و زانایانی کورد لەقەڵەم بدرێت وەک ئەحمەد شەوقی بکرێ بە میری کوردستانی، تاج و گۆچانی ئیمارەتی پێ بدرێت..." [٢]، رەنگە کەسانی دەروێش و هەواداری پاساوی بۆ بهێننەوە و بڵێن مەبەستی خۆی نییە، باشە ئەدی مەبەستی کێیە؟ ئەی بۆچی و بە چ بۆنەیەک لێرە هێناویەتیەوە؟.

---

[١] دەربارەی ڕەخنەی مێژوویی، ل٨، ١٥.

[٢] وردبوونەوە لە چەند باسێکی زمانی کوردی، ل٥- ٦.

هەر لە پێشەکیدا تەواو دڵنیایە کە پەردەی لەسەر نەژادی کورد لاداوە و حەقیقەتی ئاشکرا کردووە " ئەم کتێبە...و بە پاڵپشت بە سەدان بەڵگەی جیاواز سەلماندویەتی کە کورد لە کوێوە هاتووە و کێ بووە " و گوایا کێشەی سۆمەرییشی یەکلا کردۆتەوە " یەکلاکردنەوەی بابەتی مێژوویی وەک سۆمەریەکان" (لxi) و ئەوەی غەیری خۆی لەبارەی کوردەوە بەرهەمیان هێناوە، نادروستە و حەقیقەتی کوردیان ئاشکرا نەکردووە و ئومێدەوارە کتێبەکەی ببێتە سەرەتایەک بۆ پرۆسەی راستکردنەوە: "بەو هیوایەی ئەم کتێبە ببێت بە سەرەتایەک بۆ راستکردنەوەی مێژووی کورد و ناسینی خۆمان وەک ئەوەی کە هەین...." (لxii).

لێرە پرسیار ئەوەیە، گشتمان دەزانین کە گەلێک پرس و بابەتی مێژووی نزیکی کورد هەن، ئالۆزن و تا ئێستا ساخ نەکراونەتەوە و مشتومڕی زۆریان لەسەرە و بوونەتە کێشە، ئەدی چۆن پرسی نەژادی کورد ئاوەها سووک و باریک و بە ئاسانی ساخ کرایەوە؟[1]. لەمەش سەرنجڕاکێشتر کتێبەکەی تەنها سەرلەنوێ ناسینەوەی کورد ناگرێتەوە، بگرە گێڕانەوە و داڕشتنەوەی دەستپێکی شارستانیەتی ئەوروپا و رۆژئاواشە (لxiii)و بەشی حەوتەمی تایبەتە بە "سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانیەتی رۆژئاوا و ریشەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان" (ل١٢٩- ١٤٧).

---

[1] گەل و نەتەوەکانی جیهان لە ئاکامی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنی مێژوویی پەیدا بوون و ناکرێت بڵێین رەچەڵەکی فڵان نەتەوەیە ئەمەیە و ئەوە نییە و ئەم پرسە رێژەییە نەک راستییەکی رەها، دەکرێت بڵێین نەتەوەی کوردیش نەوەی دانیشتوانی دێرینی نیشتیمانەکەیەتی کە لە چاخە مێژووییەکاندا بە ناوی جیاواز دەناسران، لە بابەتی یەکەمی بەشی داهاتوودا، قسەی وردترمان دەبێت.

## ٤- بڕوانامەی زانستی و بەکارهێنانی سەرچاوە:

بەڕێزی وەک خۆی دەڵێت، سی ساڵە لە بریتانیا دەژیت و زمانی ئینگلیزی دەزانێت و دەشێت بە ڕەوانی پێی بدوێت و بۆ کاروباری زانستی بەکاری بهێنێت، گەرەکبوو کەڵکی لەم ئیمتیاز و شارەزاییە وەربگرتایە و چەندین خول و کۆرسی تایبەت بە شوێنەوار و زمان و مێژووی کۆنی گەلانی میزۆپۆتامیای بخوێندایە و خۆی تەرخان بکردایە بۆ فێربوون و شارەزابوون لە پیت و هێماکانی خەتی مێخی- چیلکەیی و ئاشنایی تەواوی لە ئەلفوبێ و رێزمان و یاسا و رێسای زمانی سۆمەری و زمانە کۆنەکانی دی پەیدا بکردایە و لەم بوارانەدا، بڕوانامەی لە زانکۆ و پەیمانگا باڵاکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بهێنایە، تا بیتوانەیە وەک پسپۆڕێک و توێژەرێکی زمانزان، بهێتە گۆ و لەمەڕ مژارە ئاڵۆزەکانی دیرۆکی دێرینی کورد و کوردستان و کولتور و مەدەنیەت و زمانە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین بئاخڤێت و دید و نوارینی خۆی هەبێت و کاریگەریی ئەرێنی بەجێ بهێڵێت، بەمەش هەم خزمەتی بە سەربوردە و دۆزی نەتەوە و نیشتمانەکەی دەگەیاند و هەم دەشیا بەخۆی بەرسڤی ئەو پرسیارەی سەردەمانی منداڵیی خۆی بداتەوە: کورد کێیە و لەکوێوە هاتوون (لxv).

کەچی مخابن ئەمەی نەکرد، بەڵکو وەک میدیاکارێک لە "میدیای بریتانی و جیهانی و کوردی" ئیشی کردووە و بڕوانامەی ماستەری لە" بواری رێکخراوەکان و گەشەکردنی کۆمەڵگەدا" هێناوە و بڕوانامەی لە بابەتەکانی وەرگێڕان، مۆسیقا، یاساکانی کۆچبەری، خانوبەرە، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، سایکۆلۆجی هتد، هێناوە" (کورد کێیە، لx، مێژووی بزر، لxvi)، کە هیچیان تێکەڵی و نزیکییەکی وەهایان بە زانستەکانی ئارکیۆلۆژی و دیرۆک و زماناسی و ئیتمۆلۆژییەوە نییە. راستە ئەمە هەقی خۆیەتی و تەواو ئازادە و کەس بۆی نییە پێی بێژێت چی بکات و چی نەکات، بەڵام ئەگەر هەر کەسێک خولیای

ئیشکردنی لە بیاڤێکدا هەبێت، ئەوا سەرەتا هەوڵ دەدات ئاست و توانای خۆی پێش بخات و بڕوانامەیەکی زانستیی لەسەر بهێنێت. ئەو بە گوتەی خۆی لە تەمەنی هەرزەکارییەوە هەستی بە مەینەتی و ئازارەکانی نەتەوەکەی کرد کە پرشنگەکەی بەر خۆیشی کەوت و پرسیار و رامانی مێژوویی لەلا خولقاند، ئەدی بۆچی بایەخی بەم لایەنە نەدا و بڕوانامەی لەسەر نەهێنا و خۆی بە ئیشوکاری لاوەکییەوە خەریک کرد؟. لەو باوەڕەدام ئەگەر لە دامودەزگایەکی زانستی بڕوانامەیەکی لە یەکێک لە بوارەکانی مێژوو، ئیتمۆلۆژی، زمانناسی، شوێنەوار، بهێنایە یان هەر چ نەبوایە بەشداریی خولێکی فێربوونی رێبازی لێکۆڵینەوەی بکردایە، هەرگیز کتیبێکی وا پڕ لە خەوش و کێماسیی دانەدەنا.

کە ئەمەی نەکرد، دەبوو پشت بە سەرچاوە رەسەن و باوەڕپێکراوەکان و بە تۆژینەوە ورد و قوولەکانی زانایانی شارەزا و پسپۆر لە شارستانیەتی کۆنی میزۆپۆتامیا ببەستێت، وەک را و دیدەکانی زانا و پسپۆڕی سۆمەرییەکان سامۆئیل نوح کرێمەر (١٨٩٧- ١٩٩٠) کە دەهان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەیە یان کتێبەکانی زانای عێراقی تەها باقر (١٩١٢- ١٩٨٤) سەبارەت بە نزیکی و خزمایەتیی کورد و گەلی سۆمەری، نەدووره گەڕابێتەوە سەر ئەم کتێبانە و چەندانی دی، بەڵام شتیکی وەهای دەست نەکەوتبێت بۆچوونەکانی بسەلمێنیت و لێکدانەوەکانی پێ پشتڕاست بکاتەوە و کارێکی زانستی لێ بەرهەم بهێنێت، بۆیە ناچار هاواری بردۆتە بەر قسە بێسەرەوبەرەکانی کتێبی ساختەی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)ی ئیبن وەحشیەی نەبەتی[1] و ئاماژەیەکی کورتی گەڕۆک (ابن بطوطة: م٧٧٩ک/١٣٧٧ز) و ئاخافتنێکی

---

[1] مایەی نیگەرانییە، مامۆستا ئەحمەد تاقانە ئەم کتێبەی بە ناوونیشانی (تاسەی پەرۆش) وەرگێڕا بۆ کوردی و ئەکادیمیای کوردی ئەمساڵ بڵاوی کردەوە.

سەرپێیی و ئەفسانەئامێزی گەڕۆکی ناسراوی سەردەمی عوسمانی ئەولیا چەلەبی (١٦١١- ١٦٨٤ز) و چەند جار ئاخافتنی نازانستییان دەڵێتەوە و لە پرسگەلێکی گرنگی دیدا، پشت بە داستانێکی نیزامی گەنجەیی- گەنجەوی (نظام گنجوی: م ٦٠٧ک/١٢١٠ز) یان (٦١٢ک/١٢١٥ز) و کتێبی ئاست لاواز و کرچوکاڵی (مێژووی وێژەی کوردی)ی صدیق صەفیزادە بۆرەکەیی (١٩٤٣-٢٠٢٣) دەبەستێت.

هەر لەبارەی پرسی بەکارهێنانی سەرچاوەوە، کە ویستویەتی دەربارەی سەربوردەی بنەماڵەی ئەیوبی و دەوڵەتداری و فەرهەنگ و شارستانییەتی کورد لە سەردەمی ئیسلامی- سەدەکانی ناوەڕاست بدوێت، دەبوو پێشتر رابێت بەوردی کتێبەکانی (تأريخ الطبري، صورة الأرض، تجارب الأمم، تأريخ الفارقي، الكامل في التأريخ، البرق الشامي، الفتح القدسي، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية- سيرة صلاح الدين، معجم البلدان، تأريخ أربل، الروضتين في أخبار الدولتين، وفيات الأعيان، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، مسالك الأبصار، التعريف بالمصطلح الشريف، تاريخ گزيده و نزهة القلوب) و سەدان کتێبی دی بخوێنێتەوە، ئەوجا رەنگە بشیایە زانیاریی"بزر و نەگێڕدراوە" مان بۆ بگێڕێتەوە و لە بزربوون دەربازی بکردایە. ئەگەر ئاگای لەم سەرچاوە رەسەن و ئۆرگیناڵانە بایە:

- دەیزانی (التعريف) ناوی کتێبە نەک مەبەست پێناسەیە.

- جیاوازیی دەکرد لە نێوان (ابن المستوفي) و (مستوفی قزوینی)، دواتر بەدرێژی لەمانە دەدوێین.

- یەکلای دەکردەوە کە مەسعودی دانەری (مروج الذهب) و (التنبيه والاشراف) کە کۆنترین گەڕیدەی موسڵمانە ناوی هۆزەکانی کوردی هێنابێت و ئاماژە بە جیاوازیی زمانیان دابێت، لە نێوان ساڵانی (٨٩٦- ٩٥٧ز) ژیاوە (ل٦٧،

٨٠، ٣٣٧)، له گەڕیدەکانی سەدەی نۆهەم (ل٢٦٧، ٢٦٩) یان دەهەمە (ل٣٣٢، ٣٣٧، ٣٤٦).

- حەکیم شەمسەدینی شارەزوری دانەری کتێبی (نزهة الأرواح) کە تا ساڵی ٦٨٧ک/١٢٨٨ز هەر مابوو، نەدەکرد بە هاوڕێی شەهابەدینی سورەوەردی کە نزیکەی سەدەیەک پێشتر و ساڵی ٥٨٧ک/١١٩١ز هاتە کوشتن (کورد کێیە، ل٢٥، ٣٦٩).

- ئەگەر شارەزا و بەئاگا بایە و پاشخانێکی چاکی هەبایە، ئەو زانیارییە ساکارەی دەزانی کە ماڵباتی شەدادی و ماڵباتی ڕەوادی لە سەدەی دەهەمی زایینییەوە نەک سەدەی پێشتر- نۆهەم حوکمی ئازەربایجانیان گرتە دەست (ل٢٤٩، ٢٥٦، ٢٧٩) و لە دوو شوێنیش سەردەمی میرنشینی ڕەوادی بە (سەدەی نۆهەمی و نۆهەم- ١٢٠٧) دیاری کردووە (ل٣٩، ٣٠٦).

- دەیزانی دەڤەری لوڕستان لە سەدەکانی دەهەم بۆ یازدەهەم، نەک نۆهەم بۆ دەهەم لە لایەن میرانی حەسەنۆیی و عەنازییەوە بەڕێوە دەبرا (ل٢٠١). زۆر پێدەچێت نەزانێت کە ئەو ساڵانەی بە نۆسەت دەست پێدەکەن دەکەونە ناو سەدەی دەهەمەوە نەک نۆهەم و ئەوانەی بە هەزار دەست پێدەکەن دەکەونە ناو سەدەی یازدەهەمەوە نەک دەهەم.

یان چ نەبایە پشتی بە بەرهەمی ئەکادیمییانی کورد ببەستایە کە لەمێژە تیشکیان خستۆتە سەر زۆربەی لایەنەکانی دیرۆک و چاند و کولتوری گەلەکەمان و چەندین مژاری لێڵ و ئاڵۆزیان روون کردۆتەوە، کەچی نازانرێت بۆچی پێشوەخت بڕیاری داوە بەرهەمی توێژەران و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان پشتگوێ بخات و بەکاریان نەهێنێت: "من بۆ نوسینی ئەم کتێبە بە دەگمەن سوودم لە سەرچاوەیەک بینیوە کە لە زانکۆکانی باشوری کوردستاندا بەرهەم هاتبێت، زۆرینەی کتێبەکان لەلایەن کەسانی بێگانەوە نوسراون، ئەمە ئاماژەیەکی باش نییە کە کتێب لەسەر مێژووی کورد بنوسیت

و به دەگمەن پێویستت بە سەرچاوەی دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستان بێت" (لxi).

وەلێ دەمودەست رازی ئەمە خویا دەکات و وای بۆ دەچێت کە زانکۆکانی کوردستان کێشەی قوولیان هەیە و مامۆستاکانی" خاوەن بۆچوونی خۆیان نین...و زیاتر کۆپی هەندێک زانیاری کۆنی ئەوڕوپا دەکەنەوە..." (لx) و مێشکیان داگیر کراوە و گۆشکراوی هزر و ئایدیای داگیرکەرانی کوردستانن و وا فێر کراون کە "کورد مێژووی نییە" و " کورد خەڵکی ناشارستانن" (ل٢١٤، پ٢).

لەبری ئەم کارە پێویستە و ئەم ئەرکە گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، زۆر جار چووە لەم سایت و لەو پەیج و ماڵپەڕ، زانیاریی کۆکردۆتەوە و پشتی بە بەرهەمەکانی میهرداد ئیزەدی و رۆژهەڵاتناسان مینۆڕسکی (١٨٧٧- ١٩٦٦) و کلۆد کاهین (١٩٠٩- ١٩٩١) و رۆژهەڵاتناسانی دی گرێ داوە کە بە زمانی ئینگلیزین، راستە رێژەیەک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەمانە زانستین و جێگای متمانەن، بەڵام ئەو چەند جارێک، لێیان تێنەگەهیشتووە و ناوەکانی بە چەوتی لێکداونەتەوە و کردوونی بە کوردی. لەمەش نازانستیتر کتێبەکانی گارنیک ئاساتریان و ئەرشاک پۆلادیانی بەکار هێناوە و دەڵێت: "مایەی شەرمەزاریە کە دوو لێکۆڵەری ئەرمەنی وەک گارنیک ئاساتریان و ئەرشاک پۆلادیان، زۆر زیاتر لە هەموو زانکۆکانی باشور بەرهەمی زانستییان لەسەر مێژوو و فەرهەنگی کوردی هەیە و زیاتر سوودم لێ وەرگرتوون" (ل xi).

پێم وایە شەرمەزاریی راستەقینە ئەوەیە لەبری بەرهەمی دیرۆکنووسان و توێژەرانی خەمخۆری کورد، کوردێک بچێت پشت بە بەرهەمەکانی کابرایەکی وەک گارنیک ئاساتریان (Garnik Asatrian)ببەستێت کە ئەرمەنێکی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی تەهرانە و زمانی فارسی دەزانێت و شارەزایی لە کوردی و زمان و زارەکانی دیی ئێران هەیە. ئەم کابرا گومانلێکراوە ئێرانی-

ئەرمینیە نەیاری سەرسەختی نەتەوەی کوردە و بۆ دڵنیابوون لەم هەڵوێستەی، خوێنەران دەشێن بچنەوە سەر کتێب و وتارەکانی، ئەو بەئاشکرا دژی ئەوەیە کورد بە نەتەوە لەقەڵم بدرێت و دان بەوەدا نانێت کە گۆران و هەورامی و زازا کوردن و زاریان زارێکی زمانی کوردییە، تەنانەت کوردی ئێزیدییش بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دادەنێت و دایاندەبڕێت لە کورد، بەگوێرەی راپۆرتێکی (رووداو. نێت) بە ناوونیشانی (ئێزیدییەکانی ئەرمینیا دژی "کوردبوون" خۆپیشاندان دەکەن) کە رۆژی ٥- ٦- ٢٠١٤ پەخش کراوە، لەم نکۆڵیکردنە لە کوردبوونیان، پشتگیرییان دەکات و دەڵێت ئەوان و کورد، دوو شوناسی جیاوازن و با زمانیشیان کوردی بێت، ئەوە نابێتە مەرج و بەڵگەی کوردبوونیان و گەلانێکی ئەفریکیاش بە ئینگلیزی دەدوێن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئینگلیز و بریتانین، بەڵکو کورد بەلای ئەوەوە نەتەوە نین و بریتین لە کۆمەڵێک گروپی ئیتنی و ئایینی و زمانیی جیاواز[(١)].

کاک سۆران وەک بینیمان لە پێشەکیدا پەسنی گارنیک ئاساتریان دەکات و پشت بە نووسینەکانی دەبەستێت و بە "بەرهەمی زانستی" وەصفیان دەکات، هەرچەند پێشوەخت باش دەزانێت کە ئەو جێپەنجەی لە تێکدانی مێژووی کورد خویایە و مادەکان بە کورد نازانێت و ئێزیدییەکانیش لە کورد دادەبڕێت (کورد کێیە، ل١٦، پ٩، ٣٢٥، ٣٥٦، ٣٧٥).

با بڕوانین چۆن دواتریش رەخنە لە بۆچوونێکی دەگرێت لەسەر ئەوەی کە کورد ناوی نەتەوەیەک نییە، بەڵکو هاوواتای رەوەند- کۆچەرییە: "

---

[(١)] بۆ زانیاریی زۆرتر لەبارەی هەڵوێستی ئاساتریان لە ئاست نەژادی کورد و زمانەکەی، بڕوانە:

Garnik Asatrian; Prolegomena to the Stady of the Kurds, (Brill: ٢٠٠٩).

هەندێک دەڵێن کە گوایە هەتاوەکو سەدەکانی ناوەڕاست ناوی 'کورد' وشەیەکی تر بووە بۆ خەڵکی ڕەوەند"، واتا پەسنی کەسێک دەکات کە کورد بە نەتەوە دانانێت و ئەوجا لە دوهەم دێڕی یەکەم لاپەڕەدا (مێژووی بزر، ل٣)، ڕەخنەیەکی راست و بەجێی لێ دەگرێت، پاشان هەمان رەخنە روونتر دەکاتەوە: "هەندێک لە ئەرمەنیەکان- مەبەستی ئاساتریانە- هەوڵی جیاواز دەدەن کە خوێنەر قەناعەت پێبهێنن کە مادەکان کورد نەبوون، وێژەی کوردی نوێیە و زاراوەی- زاری گۆران کوردی نییە" (ل١٩٧).

ئەم ناکۆکییە و چەندی دی، بەڵگەی ئەوەن کە بەڕێزیان باگڕاوندێکی پتەوەی نییە و زاڵ نەبووە بەسەر بابەت و سەرچاوەکانی و پچڕپچڕ کتێبەکەی پێکەوە ناوە و پەلەپەلی کردووە لە رێکخستنەوەیان و تەنها لە خەمی گوتن و نووسینی بووە و نەپەرژاوە بە قسەکانی بچێتەوە و هەمواریان بکاتەوە.

سەبارەت بە ئەرشاک پۆلادیانیش کە ئەویش ئەرمەنە و هەڵوێستی نەرێنی و ناحەزانەیە لەمەڕ چەمک و واتای پەیڤی (کورد) و لە کتێبی (پرسی بنەچەی کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا) کە هاوڕێمان د. نەجاتی عەبدوڵا وەری گێڕاوە و منیش پێیدا چوومەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی روونکردنەوەم بۆ نووسیوە و ئەمسال- ٢٠٢٤ ئەکادیمیای کوردی بڵاوی کردەوە، قەوانی سوواو و بێتامی رۆژهەڵاتناسان دەڵێتەوە و دەڤەرەکانی کوردستانی باکوریش لە خاکی کوردستان دادەبڕێت و بە بەشێک لە ئەرمینیای مێژووییان دەزانێت [1].

---

[1] پرسی بنەچەی کورد، ل٣٩- ٤٢.

ئەگەر کاک سۆران لەباتی کتێبەکانی پۆلادیان، پشتی بە کتێبەکەی رەوانشاد محەمەد ئەمین زەکی[1]یان ماستەرنامەکەی د. حوسامەدین عەلی غالب نەقشبەندی ببەستایە [2]، ئەوا:

- (ابن الماضي)ی لەکن نەدەبوو بە (ابن المادي) و وەری نەدەگێڕا بۆ (مادزادە، کوڕی ماد) و ناوی ئەم کەسەی نەدەکردە بەڵگەی پەیوەستیی کورد بە مادەکانەوە (مێژووی بزر، ل٩٢، ٢٥٩، ٢٧٢ پەراوێزی ٥).

- ناوونیشانی کتێبی (القلاع والأکراد)یشی پاشوپێش نەدەکرد (ل٢٠٣، ٢٩٦). دواتر بە درێژی لەمانەش دەدوێن.

- ناوی خەلیفە (المعتضد: ٢٧٩- ٢٨٩ک/ ٨٩٢- ٩٠٢ز) و ناوی میری کورد (ابن رهزاد الکردي)ی نەدەکردن بە " ئەلموستەئسید " و " رازادی کوردی" (ل٣٢٢، پەراوێز٢)، ئەگەر برۆکەیەک زانیاریی هەبایە دەیزانی خەلیفەیەکی عەباسی نییە بەو نازناوە کە چ واتایەک نابەخشێت. پێم وایە زۆربەی هەرە زۆری خەوش و ناتەواوی و دوبارەکردنەوە و ناکۆکی و هەڵەکانی دووتوێ کتێبەکە، لەم خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە.

جاری واش هەیە بە چەشنێک لەمەڕ بابەتێک دەدوێت تا خوێنەری کتێبەکەی وا تێ بگەن کە پێشتر چ توێژەرێکی کورد، باسی ئەو بابەتەی نەکردووە و ئەو زانیارییە وردانەی لەبارەیانەوە بەردەستێتی، پێویستە کتێبێکیان بۆ تەرخان بکرێت (ل٣٠١، پ٧) و وا باسی (تأریخ دولة الأکراد) دەکات وەک بڵێی کەس ئاگای لە بوونی نییە، لە کاتێکدا پازدە ساڵ لەمەوبەر-٢٠٠٩، هاوڕێمان دکتۆر موسا مستەفا هەسنیانی ساخی کردەوە و زانکۆی


[1] خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ٦٧١/٢.

[2] الکرد في لرستان الصغری (الشمالیة) وشهرزور خلال العصر الوسیط، ص١٨٦.

دهۆک بڵاوی کردەوە، بەڵام باسی وەرگێڕانی بۆ کوردیی کرمانجی و بە پیتی لاتینی دەکات (ل٨٢، ٣٣٣).

لە کۆتاهی ئەم بڕگەیەدا با ئەم حاڵەتەش بخەمە ڕوو، بۆ گەڕان لە دەنگوباسی میرانی هەدبانی، چۆتە سەر گۆگڵ و چاوی بە ناوی میر و زانا (شرف الدين يعقوب بن محمد الهذباني: م٦٤٥ك/١٢٤٧ز) کەوتووە و لەخۆی نەگرتووە بچێت ئەو ماڵپەڕە بکاتەوە تا دەنگوباسی وردتر لەبارەوەیەوە


إسلام ويب
content ‹ https://www.islamweb.net
سير أعلام النبلاء - الطبقة الرابعة والثلاثون - الهذباني- الجزء رقم23
الهذباني الأمير الكبير الإمام العالم شرف الدين يعقوب بن محمد بن الحسن بن عيسى الكردي الموصلي من أعيان أمراء مصر قرأ على أبي السعادات بن الأثير تصانيفه وسمع ...


بە درێژایی مێژوو ئەگەر تەنها سەیری ناوی هەندێک لە کەسایەتیە کوردەکان بکرێت، ئەوا ئەو کارە گرانتر بێت.
دەردەکەوێت. بۆ نموونە کاتێک کە سەیری ناوی پاشایەکی هەزەبانی دەکرێت: ئەوا ئەو ڕاستیە
**الهذباني الأمير الكبير الإمام العالم شرف الدين يعقوب بن محمد بن الحسن بن عيسى الكردي الموصلي**
لێرەدا ئەم ئەم میرە یەکەم خەڵکی موسڵە، دووەم هەزەبانیە، سێیەم کوردە. دەبینرێت سێ ناسنامەی خۆی لە ناوەکەیدا بەرجەستە کردووە. لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا زۆر لە کەسایەتیە کوردیەکان ئەوەیان کردووە، بەڵام مەرج نیە هەموو سەردەمێک هەزەبانیەکان پەیرەوی هەمان سیستمی ناویان کردبێت، لەوانەشە کردبێتیان بەڵام بەڵگە بەدەستەوە نیە کە ئەوە بسەلمێنێت.

دەست بکەوێت یان چ نەبێت ناوی ڕێک بخاتەوە و (الهذباني) بباتە پاشەوە، بەڵکو ڕێک وەک خۆی ناوی تەواوی کۆپیپەیست کردووە (الهذباني الأمير الكبير الإمام العالم شرف الدين يعقوب بن محمد بن الحسن بن عيسى الكردي الموصلي) (کورد کێیە، ل٣٩٣، بڕوانە وێنەی هاوپێچ).

## ٥- وەرگرتنی ڕەخنە وەک بەشێک لە پرۆسەی نووسین:

مەرجێکی دیکەی گرنگ بۆ توێژەر ئەوەیە کە پاش بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکەی، دەبێت ڕەخنە و سەرنجی کەسانی دی توڕە و دڵگرانی نەکات، بەڵکو بەلایەوە ئاسایی و چاوەڕوانکراو بێت و بە سینگفراوانیەوە وەری

بگرێت و بزانێت کە ڕەخنەی ئەرێنی و بنیاتنەر، بەشێکی بنەڕەتیی پرۆسەی نووسین و داهێنانە و دڵنیا بێت لەوەی کاری بێ کەموکاسی و ناتەواوی نییە. ئەگەر بۆی دەرکەوت سەرنج و تێبینیەکان دروستن و لە جێگای خۆیاندان، بە سوپاس و پێزانیەنەوە وەریانبگرێت.

کاک سۆران هەرچەند چاوەڕێی "مشتومڕێکی گەورە" بووە و وەک گوتمان بێدەنگی نائومێدی کردووە (مێژووی بزر، لxl)، بەڵام ئەم مەرجەشی لێ بەدی ناکرێت و وەک دەڵێن (تاریکایی مانگ سەرلەئێوارە دیارە)و پێدەچێت نەیەوێت بەدەنگ کەسانی پسپۆڕی مێژوو و کولتوری کوردییەوە بچێت و دەست لەم چەواشەکردن و شێواندنە هەڵ بگرێت و تا ئێستا ئاستەمە چاوەڕێی هەڵوێستێکی ئەرێنی و بەرپرسیاریانەی لێ بکرێت، لە کاتێکدا ببینین ڕەخنەکانی دووتۆی کتێبی کۆوتاری (ڕەخنەی مێژوویی) بە "دژایەتی، ترس و ئێرەیی، گەلەکۆمە، پەلاماردان، شکاندنی کەسایەتی، درۆهەڵبەستن" وەصف بکات- وەک لە کتێبەکەدا هاتووە[(١)] و ڕەخنەگرتنی زۆرینەی ئەکادیمییانی کورد لە وتارێکی، بە " کاریگەریی چەوسانەوەی ناوەکی کراو " لێک بداوەتەوە (ل٢١٤، پ١- ٢). لە پۆستێکی لاپەڕەی فەیسبوکەکەیشیدا، دیدارەکەی منی لە کەناڵی (بەها) بە گاڵتەپێکردن وەصف کرد.

بەداخەوە نەک هەر ئامادە نییە دەستبەرداری نووسینی لەم چەشنەی بێت، بەڵکو تا دێت مکوڕتر دەبێت و سوورترە لەسەر زیاتر پەخشکردنی کتێبەکەیی و پاش ئینگلیزی و کوردی، بەنیازە بیکات بە عەرەبی و تورکی و زاری کرمانجی، لە ڕاستیدا بۆ پاراستنی شکۆی نووسینی کوردی لەبارەی مێژووی خۆیەوە، نەدەبوو ئەو کتێبە بە ئینگلیزی بڵاو بکرێتەوە[(٢)] و ئەوەی

[(١)] ڕەخنەی مێژوویی، ل١١٩- ١٢٦.

[(٢)] ڕەخنەی مێژوویی، ل١٤.

جێگای تێڕامان نیگەرانییە، دەزگاکانی راگەیاندن زیاد لە پێویست بایەخی پێ دەدەن و میوانداریی دەکەن و چاوپێکەوتنی بۆ رێک دەخەن و بەم دواییەش لە کەناڵێکی ئاسمانییەوە، بەرنامەی (خۆناسین) ی بۆ دابین کراوە تا زیاتر و ئاسانتر بتوانێت بیروڕاکانی پەخش بکات.

بە هەرحاڵ هیوادارم لەمەو پاش وانەبێت و بەخۆیدا بچێتەوە و پێداگیری لەسەر بۆچوونە نادروست و نازانستییەکانی نەکات و رەخنە و سەرنجەکان وەک خۆی وەربگرێت و لە چاپی داهاتووی کتێبەکەی لەبەرچاویان بگرێت و سەرلەبەری هەڵە و چەوتییەکانی راست بکاتەوە، نەک بەلاڕێبردنی داهۆڵ (Straw Man Fallacy)ی بەسەردا جێبەجێ بکات. هەر کاتێکیش وەڵامی دایەوە و چەوتیی هەر رەخنە و سەرنجێکمی بە بەڵگەوە سەلماند، ئەو دەمە من بەوپەڕی شادمانییەوە بەهەندی وەردەگرم و بە هەڵوێستی خۆمدا دەچمەوە.

ئەمانە گشتی بە لایەک، جوێن و هێرشی سەختی ئەو لەشکرە خەڵکە بە لایەک کە لە پەیج و فەیسبوکەکانەوە بە فەیسبوکەکەی خۆیشیەوە هەڵی دەڕێژن و بێ ئەوەی بزانن ئەو کەسە کێیە رەخنەی لێ گرتووە و چیی گوتووە، قسەی ناشرین پێ دەڵێن و بوختانی بۆ هەڵدەبەستن و ئاستی جوێنەکانیان هەندە نزمە، مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەسانی وا نابەرپرس هەبن، ئەمانە رێژەیەکی بەرزیان فەیکن و چ وێنە و زانیارییەک لە پرۆفایلەکەیان نییە، ئەرێ کێ لە پشت پەردەوە هەڵیاندەسوڕێنێت و ئاڕاستەیان دەکات؟ بۆ خۆی داخۆیانییەک بڵاو ناکاتەوە تا چ هاوڕێیەکی شتی وا دزێو و ناشارستانی نەنووسن، بۆ پاش پۆستکردنیان ناچێت لایان ببات؟.

# بەشی دوهەم

# پرسی پەیوەندیی کورد بە گەلانی کۆنی میزۆپۆتامیاوە

## ١- کورد پێویستی بە هەڵبەستن و ساختەکاری نییە:

ئەرێ مێژووی کورد هەند هەژار و لاوازە تا پێویستی بە هەڵبەستنی قسەی درۆ و فشۆڵ هەبێت، ئەرێ ئێمە ناچارین خۆمان بە گەلانی لەناوچووەوە هەڵواسین؟. دیارە ناکرێت لێرە بە تێروتەسەلی بەرسڤی ئەم پرسیارە بدرێتەوە و تەنها بە کورتی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر و لەم مژارەدا، تەواو هاوڕای ڕەوانشاد محەمەد ئەمین زەکیم و پەیڤە ڕاست و ڕەوانەکەی دەڵێمەوە:

"من، بەگوێرەی تەدقیقات و تەتەبوعاتی خۆم، بە تەواوی تێگەیشتووم کە قەومی کورد و تاریخەکەی هیچ موحتاجی ئەم نەوعە شتانە نییە، مەفاخیری تاریخییەی زۆرە، ئەبێ بۆی بگەڕێین و بیدۆزینەوە، وەظیفەی پێگەیشتووانی کورد ئەمەیە" [١].

ئەوەی ڕاستی بێت تەنها ئەو گەلانە پێویستیان پێی هەیە کە شتێکی وا شک نابەن و پاشخانێکی تۆکمەی کولتوری و پێشینەیەکی پتەوی وایان نییە[٢]، گەلێک بە خەیاڵ شت بۆخۆی پێکەوە دەنێت کە هیچی نەبێت و هەژار بێت و هەست بە کلۆڵی و کێماسی و دواکەوتوویی بکات، ئەمەیش

---

[١] خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ٢٤/١.

[٢] ئەمە جگە لە ڕژێمە فاشیستەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان کە مێژوو بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دەخوێننەوە و دەیخەنە کار.

نەک نووکە، بەڵکو لە سەردەمانێک کە هێشتا میتۆدی زانستی لەگۆڕیدا نەبوو و ئەندێشە و ئەفسانە باڵی بەسەر هزری مرۆڤدا کێشابوو و گەلان سواری پشتی خەیاڵیان دەبوون و بە کەیفی دڵی خۆیان بەناو دەکەوتن و وێنای خۆیان و باوانیان دەکێشا و دواتر وەک حەقیقەتێک لای نەوە و وەچەکانیان جێگیر دەبوو.

عەرەب پاش دەرکەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەیان بە هەرێم و وڵاتانی دەوروبەردا، ئەوجا زانییان ئەوان لەکوێ و رۆم و هیند و قیبتی و گەلانی ئێرانزەمین لە کوێ، دەمودەست کەوتنەخۆ و دنیایەک چیرۆک و بەسەرهات و داستانی پاڵەوانێتییان پێکەوە نا و سەدان کەسایەتی و شاعیری وەهمییان قوت کردەوە و ئەگەر ئەمڕۆ هۆشیار و چاوکراوە نەبیت، ناچار دەبیت باوەڕیان پێ بکەیت. کێ بڕوا دەکات وڕێنەی چیرۆکبێژانی عەرەب بگاتە ئەو ئاستەی بڵێن نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی سەر جووت کێلەکەی کێلەشین (الحجرین)، یادگاریی شاهێکی عەرەبە کە پاش داگیرکردن و تاڵانکردنی هیندستان و تورکستان و وڵاتی موصڵ، رابوو نوچەی سەرکەوتنەکانی لە قەد ئەو دوو کێلە نەخشاند[1].

ئەوەی بڕێک قەڵەمبەدەستی ناشارەزا لە سەدەی بیست و یەکدا دەیکەن، خۆزگە باوباپیرانمان چاویان لە عەرەب و گەلانی دەرهاوسێ دەکرد و بەر لە یەک دوو هەزار ساڵ دەستی خۆیان دەوەشاند و دەیانکرد و هەوکە بۆ ئێمە دەبووە توراس و شانازیمان پێوە دەکرد، ئێستا سەردەمی ئەوە بەسەرچووە تۆ بێیت و شت بۆ خۆت چێ بکەیت و چاوەڕێی خەڵکی بکەیت بڕوات پێ بکات.

---

[1] الطبري، تأريخ الرسل والملوك (تأريخ الطبري)، ٢٣٠/١.

کورد نەتەوەیەک نییە لە وڵاتێک پەیدا بووبێت و پاشان وڵاتێکی دیکەی داگیر کردبێت و کردبێتیە نیشتیمانی تازەی خۆی، بەڵکو نەوە و پاشماوەی دانیشتووانی کۆنی وڵاتەکەیەتی کە لە قۆناغە مێژووییەکاندا بە ناوی جیاجیا دەناسران و چ هۆز یان چ بنەماڵەیەک دەسەڵاتدار و خاوەندی هێز بایە، ناوی دەردەکرد و لە سەرچاوەکاندا ناوی دەبرا و نابێت وا لێک بدرێتەوە ئەو هێز و دەوڵەتانەی لە ناوجەرگەی کوردستان بە ناوێکەوە دەردەکەوتن، لە نەتەوەیەکی تەواو سەربەخۆ و جیاواز بووبێتن لە هاونیشتمانانی دییان و ئاشکرایە لەو دەمانەوە تا ئەم سەدانەی دوایی، ناوی میرنشین و دەوڵەتان زیاتر بە ناوی هۆز و بنەماڵەی دەسەڵاتدارەوە ناوزەد دەکران.

کورد نەتەوەیەکی پاکژە و لەچاو گەل و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، نەژادی زۆر خاوێنە و هەندە فرەرەگەز و فرەنەژاد نییە و بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆڕسک هەر لە کوردستان قۆناغەکانی پەیدابوون و نەشونماکردن و خەملانی نەتەوایەتیی بڕی و هەزاران ساڵە لە خاکی خۆی دەژیت و خۆی لەپێناوی بەکوشت داوە و لایەنی کەم لە چاخی پێش ئیسلامەوە بە خۆی کاروباری ناوچە شاخاوییەکانی نیشتمانەکەی بەڕێوە دەبرد و ژمارەیەک (دەوڵەتی قەڵا)ی هەبوو کە تا هاتنی عەرەبە فاتیحەکان بەردەوام بوون و لە ئاکامی فەتحی ئیسلامی لەناو بران. لە سەدەی سێهەمی کۆچی/ نۆهەمی زایینیەوەیش، بۆ جارێکی دی هاتەوە مەیدان و بەگوێرەی سەنگ و قەبارەی خۆی رۆڵی لە چێکردنی مێژووی سیاسی و رۆشنبیری و شارستانیی ئیسلامیدا گێڕا و ئەم رۆڵەش تا دەهات هەڵدەکشا. زمانی کوردییش بە گشت زارەکانییەوە، لقێکی سەرەکیی زمانە ئێرانییەکانە و زمانێکی دەوڵەمەند و چالاک و پڕ وشەیە و بە درێژایی رۆژگار سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەداوە و کەمترین باندۆر و کاریگەریی زمانانی بیانیی لەسەرە و نزیکەی پێنجسەد ساڵە بۆتە زمانی داهێنانی شیعر.

ئەم نەتەوەیە خاوەند دیرۆک و چاندێکی دەوڵەمەندە و لە هیچی کەم نییە، لە جلوبەرگدا چ نەتەوەیەک هەندەی جلوبەرگی ژنان و پیاوانی کورد جوان و دڵگیرە و کام نەتەوە بەڕادەی کورد، پارێزگاریی لە پۆشاک و جلوبەرگ و سەرپۆش و کەلوپەلی سەربەستانەوەی رەسەنی خۆی کردووە؟، لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا، کام نەتەوە هەندەی هی کورد، دەوڵەمەند و هەمەجۆر و فرەچەشنە؟.

شاڵاوی سەخت و بەربڵاوی عەرەبە فاتیحەکان پاش دەرکەوتنی ئیسلام و هێرشی دژواری تورکی دڵڕەق و بێبەزەیی سەلچوقی و پاشان مەغۆلی کێوی و دڕندە لە سەدەکانی (٥- ٧ک/١١- ١٣ز)، بوونە هۆی لەناوچوون و توانەوەی چەندین گەل و نەتەوە لە عێراق، ئێران، وڵاتی شام، باکوری ئەفریکیا و ئەنادۆڵ، کەچی نەشیان چۆك بە کورد دابدەن و کورد نەفەوتا و وەک کێوە سەرکەشەکانی کوردستان مایەوە، ئەگەر بزاڤ و شۆڕش و بەرخودانەکانیان بخوێنینەوە، دەزانین لە سەنگەری خۆپارێزی و چەپەری بەرگریدا چ شەڕێکی سەختیان لەپێناو مانەوەی خۆیاندا کردووە، لە هەواڵێکدا هاتووە کە دوو خەلیفەی ئومەوی پاش لەناوبردنی شۆڕش و بزاڤە ناوخۆییەکان، کۆششیان کرد ناوچە لەدەستدراوەکانی خیلافە بگرنەوە و سەرئەنجام شارەکانی وڵاتی رۆم و خوراسانیان گرتەوە و دەسەڵات و شکۆی فارسەکانیان لەناو برد و تەنها دەرەقەتی کوردەکان نەهاتن کە لە جێگایەکی تووش و دژوار سەنگەریان گرتبوو. ئەمانە نیشانەیەکی کەمی ئەوەن کە ئەم نەتەوەیە رەسەن و رەگداکوتاوە و مقەوەماتی مانەوەی لە ناخدایە.

تەنانەت کورد زۆر جار هەر لەبەر عیزەتی نەفس و کیبرائیان چەتەیی و رێگرییان دەکرد نەک لەبەر مەبەست و ئامانجی دی، ئەمە خوێندنەوەی من نییە، بەڵکو هی شەرەفخانی بەدلیسی و ئەحمەدی خانییە، بەلای شەرەفخانەوە رێبڕیی کوردان، پتر هەڵوێست و نەفسبەرزییە و ئەوان لەبەر

جوامێری و شکۆمەندیی خۆیان، دزیکردن و رێگری و بگره قوربانیدان و خۆبەکوشتدانیش لە رێگای تاڵانکردن و رفانددا، لەلایان پیاوانەتر و پەسندترە لەوەی لارەخوار بن و بە بەلەنگازی بهێنە بەرچاو و دەستی دەرۆزە بۆ کەسانی نامەرد و بۆرەپیاو پان بکەنەوە[1]. ئەحمەدی خانییش هاوڕای شەرەفخانە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە کورد نەفسبەرزن و لەکنیان نەنگییە خۆیان بەکەمتر لە گەلانی دی پێشچاو بخەن و لەبەر ئەوەی مەرد و دلێرن، هەردەم خۆ بەدوور دەگرن لە هەڵگرتنی مننەت و بەچاودانەوەی خەڵکی بیانی و هەر بەغیرەتی و سەربڵندییانە رێگایان پێ نادات هەڵگری باری مننەتی هیچ کەسێك بن:

**هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن ئەو چەند ژ مننەتێ نفوورن**

**ئەڤ غیرەت ئەڤ عولوی هیمەت بوو مانعێ حەملێ بارێ مننەت**[2].

کورد بە هەموو چەکێک بەرەڤانی لە بوونی خۆی دەکرد و لەوانەش چەکی رێگری و وەک بڵێی لەو حیکمەت و یاسای ژیانە چاک تێگەهیشتبوون کە شاعیری پایەبەرز (المتنبي: م٣٥٤ك/٩٦٥ز) لە شیعرێکیدا هێناویەتیەوە (ولا تتقى حتى تكون ضواريا)، واتا ئەگەر درندە و جەربەزە نەبیت کەس سڵت لێ ناکاتەوە.

ئێمە نابێت روو لە حەقیقەتی خۆمان وەربگێڕین و پەنا بۆ وەهم و قسەی چەواشە ببەین، دەبێت فەخر و شانازی بە رەمزە شکۆدار و نەمرەکانمانەوە بکەین:

---

[1] شرفنامە، ص٥١.

[2] مەم و زین، ل٤٧. ئەم دوو بڕگەیە بە دەستکارییەوە لە کتێبی (کۆمەڵگای کوردەواری) وەرگیراوە.

- سەلاحەدینی ئەیوبی لە سەروبنی جیهاندا ناسراوە و مایەی شکۆمەندی و سەربڵندییە بۆ کورد.
- میر شەرەفخانی رۆژەکی بەدلیسی مێژوونووسێکی پێشەنگە لە جیهاتی ئیسلامیدا ئەگەر نەڵێم یەکەمینە لەوەی کە لەسەر بنەمای (سەرلەبەری مێژووی نەتەوە و نیشتمانێک) کتێبێکی دانابێت، بەوەی کە کورد و کوردستانی کردبێتە بابەتی کتێبی شەرەفنامە.
- حەزرەتی ئەحمەدی خانی یەکەم شاعیری نەتەوەییە لەنێو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە راشکاوی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بکات بە گشت بنەماکانییەوە. ئێمە کەسانی وەک ئەمانە و وەک ئیبن یەزدانیاری ئورمێیی و تاج العارفین ئەبولوەفای حلوانی(پیر شەهریار) و ئەسەدەدین شێرکۆ و ئیبن صەلاحی شارەزوری و ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی گۆرانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و بێسارانی و بێتوشی و مەولانا خالید و نالی مان هەبێت، پێتڤیمان بە مێژووی ساختە و چەواشە نییە.

سەبارەت بە سۆمەری کە نزیکەی چوار هەزار ساڵە وەک گەل دوای براوەتەوە و زمانەکەیان لەکار کەوتووە، ئەرێ خۆ هەڵواسینی راستەوخۆمان پێیانەوە، راستییەکی تێدایە و هیچ خزمەتێکی ئێستا و پاشەڕۆژی دۆزی گەلەکەمان دەکات؟ لێرەش دەڵێم نەخێر چ راستییەکی وەهای تێدا نییە و پەیوەندیی کورد پێیانەوە بە هەمان ئاست و رادەی پەیوەندیی گەلانی دیکەی ناوچەکەیە و سۆمەرییەکان نە رۆژێک لە کوردستان ژیاون نە تیایدا دارێکیان لەسەر بەردێک داناوە و نە رۆژێک حوکمیان گرتۆتە دەست، بە چ هەقێک بیانکەینە باب و باپیرانی خۆمان. بەم ئەقڵیەتە گاڵتەئامێزە ئیش لەسەر بنەچە و ناسنامەی خۆت بکەیت و کۆ لە چ پرەنسیپ و بەربەستێک نەکەیتەوە و ئەسپی خەیاڵت تاو بدەیت و دار و بەرد بکەیت بە کورد، دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕیی دۆست و دوژمن، هەر لە سۆنگەی ئەم جۆرە بەزمورەزم

و چەواشەکارییانەوەیە کە زۆر جار ئەگەر کەسێک ناودار ببێت، نەیارانمان یەکسەر بۆ گەمە و پێکەنین دەیدەن بە رووماندەوە و دەڵێن دەرچوو ئەویش کوردە[1].

جێگای داخە ئەم تەرزە تەرحانە نوێ نین و ئەوەندەی من ئاگادارم لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە برەوی پێدەدرێت و ناوبەناو دەخرێنە روو و کەسانێکی نائەکادیمی بانگەشەی بۆ دەکەن کە تا دێت ژمارەیان هەڵدەکشێت و تەنها لەم بیست ساڵەی دواییدا، حەوت هەشت کتێب بڵاو کرانەوە لەبارەی ئەوەی سۆمەرییەکان کوردن و زمانیان هاوشێوەی کوردییە [2]، بەڵام بە کپی و بێدەنگی تێپەڕین و هەرایان نەنایەوە و هیچیان بەقەد (مێژووی بزر و نەگێڕدراوە) دەنگی نەدایەوە و خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکرد و لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بایەخی پێنەدرا، سەرباری ئەوەی ئەم کتێبە جەماوەرێکی زۆری لەدەور کۆبۆتەوە کە سەرلەبەریان کەسانی ناشارەزان و سەریان لە ئەلفوبێی زانست و فەلسەفەی مێژوو دەرناچێت با هەندێکیان بڕوانامەی باڵاشیان هەبێت، بڕێکی کەم لەمانە بە هەموو رێگا و شێوازێک، لێبڕاوانە داکۆکیی لێ دەکەن و قسەی دزێو و ناشارستانی، بگرە بوختیانیش دەخەنە پاڵ ئەو کەسانەی رەخنەی لێ دەگرن.

وەک زانراوە زۆربەی ئەوانەی وا ئەم چەواشەکارییانە پەسند دەکەن، بەناو ناسیۆنالیستەکانن کە ژمارەیان زۆرە و دەڵێن ئەم تەرزە بانگەشانە با ساختە و نازانستیش بن، مادام دەچنە خزمەت پرۆژەی نەتەوەسازییەوە، با لە

---

[1] کاتێک جۆ بایدن لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٢١ بووە سەرۆکی ئەمریکا، ئۆرهان میرئۆغلو ئەندامی پەرلەمان و سەرکردە لە حیزبی (ئاک پارتی)، لە تویتەرەکەیدا رایگەیاند کە ناوبراو بە رەچەڵەک کوردە لە هۆزی بڕوکی و ناوی جمۆیێ بەهائەدین ئاغایە.

[2] ئەمە جگە لە سەدان وتار و پۆست و ڤیدیۆی سەر تۆڕە جڤاکییەکان.

خاوەندەکانیان گەڕێین کارەکانیان راپەڕێنن، منیش دەڵێم نەتەوەپەروەریی راست و دروست ئەوەیە بچیتە مەیدان و بە بەڵگە و داتا و بە رێبازی زانستی، رەسەنی و دێرینیی نەتەوەکەت بسەلمێنیت، نەک پاڵی لێ بدەیتەوە و چاوەڕێی یەکێکی ناشارەزا بکەیت ساختەکارییەک ئەنجام بدات و یەکسەر رابیت بیقۆزیتەوە و پشتگیریی لێ بکەیت، ئەم وەهم و وڕینانە چ دادێکمان دەدات، لەکاتێکدا دوژمنان و ناحەزانمان ئامادە نین دان بە حەقیقەتمان بنێن و وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بمانناسن، ئەوان نکوڵی لە بوونمان دەکەن و گومان دەخەنە سەر ستوونە پتەو و راستەقینەکانی نەتەوایەتیمان لە خاک و زمان و کولتور، چۆن بەم چەشنە کارە کرچوکاڵانە فریو دەخۆن، چۆن دەکرێت بەم میتۆدە سەقەت و چەوتە بڕوا بە خەڵکانی ئەکادیمی بێنین و دەتوانین هاوسۆزی و پشتیوانییان بەدەست بخەین، کوردایەتی هەرگیز بەم رێگا خواروخێچە ناگاتە ئاکام.

سەرباری ئەمە، داوایش لە ئەکادیمییان و پسپۆڕان دەکەن نەبنە کۆسپ و بەربەست لە پێش کاک سۆران و پشتیوانیی لێ بکەن، من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم، بەڕێزی با کوردێکی بێگەرد و نیازپاکیش بێت و گریمان کتێبەکانیشی خزمەت بە کورد دەکەن، بەڵام رێبازی کارکردنی بێگەرد نییە و نادروستە و ئەنجامی بەرەوڤاژی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر تێکست و سەرچاوەی تازەی بهێنایەتەوە یان خوێندنەوەیەکی نوێ و زانستیی بۆ تێکست و سەرچاوە بەردەستەکان هەبایە و بە گیانێکی ئەکادیمی بیسەلماندایە کە بیروڕا باو و چەسپاوەکان پیرۆز نین و شایەنی پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەن، ئەوا لە ناخی دڵمەوە پیرۆزباییم لێ دەکرد و چیم لەدەست بهاتەیە هاریکارییم دەکرد.

خۆ کەس ناڵێت مێژووی بەرچاوخراوی کورد بێخەوش و ناتەواوییە و تاپۆی ئەکادیمییانە و نابێت کەس توخنی بکەوێت و پێیدا بچێتەوە، نەخێر باوەڕ

ناکەم کەس وای وتبێت، بەڵکو هەر توێژەرێکی خوێنگەرم و زمانزان و چەکدار بە چەکی زانست و بەئاگا لە تیۆر و قوتابخانە نوێیەکانی توێژینەوەی زانستی، دەشێت راڤەکردن و لێکدانەوەی نوێ بۆ چەند بیاڤ و لایەنێکی ئەو مێژووە بکات، پێداچوونەوە و سەرلەنوێ خوێندنەوە ئەگەر ئەنجام بدرێت بە کەسێکی وا دێتە کایەوە، نەک بە کەسێک کە تاقە وانەیەکی مێژووی نەخوێندبێت.

## ٢- رەخنەکانی پێشوو و کاری من:

دیارە من پسپۆڕ نیم لە مێژووی کۆن و ئەم کتێبەشم بۆ خستنەڕوونی ئەو مێژووە نییە، وەلێ ئەو بڕە شارەزاییەی وا هەمە، باهی ئەوە دەکات شتێکی لەبارەیەوە بڵێم و بە تێبینی و سەرنجی گشتی و بابەتی، نووسینی کەسانی دی هەڵبسەنگێنم، من لەو کەسانە نیم لەخۆمەوە بەناو بکەوم و بئاخەڤم و قەد رەخنە لە بابەتێک ناگرم، ئەگەر تەواو دڵنیا نەبم کە ئاگایی و زانیارییەکانم بەشی ئەوە دەکەن بشێم قسەی خۆم بکەم. وەلێ لێرە هەندەی بکرێت هەوڵ دەدەم خۆم لە تێبینی و سەرنجی گوتراو ببوێرم و ئەوەندەی من ئاگادارбم پێشتر: جوتیار ئەحمەد، شێرکۆ عادیل، د. دڵشاد زاموا، دەشتی مەحمود لە زنجیرە وتاریکدا رەخنەیان لە کتێبی (مێژووی بزر)گرت و میتۆدی کارکردنیان هەڵسەنگاند و پەنجەیان لەسەر چەند خەوش و کەلەبەر و کێماسیی هەمەجۆر دانا، بەتایبەت دەربارەی پێشەکی و میتۆد و ئەو پرس و مژارانەی گرێ دراون بە مێژووی کۆن و شوێنەوارەوە کە دیارە پسپۆڕیی خۆیانە یان شارەزایی باشیان لەبارەوە هەیە، پێشتریش کاک هێرش قادری قسەی لەسەر کتێبی (کورد کێیە)کرد، هەرچەند ئەم رێزدارانە دەکرا پتر خۆیان ماندوو بکردایە و وردتر کتێبەکەیان بخوێندایەتەوە و قوولتر هەڵسەنگاندنیان بۆ بکردایە و بەڵگەوە سەرنجەکانیان بسەلماندایە، بۆیە

ڕەخنەکانیان زیاتر تیۆرییە نەک پراکتیکی و شەقڵی گشتگیرییان پێوە دیارە. دواتر کاک شێرکۆ عادیل ئەم وتارانەی کۆ کردنەوە و لە دووتۆی کتێبێکی دووسەد لاپەڕەییدا بڵاوی کردنەوە [1]. بەم دواییانەش مامۆستا کەمال نوری مەعروف شارەزا لە مێژووی کۆن و شوێنەوار، بە دوو هەلقە لە رۆژنامەی (خەبات) سەرنجەکانی لەبارەی بابەتێکی کتێبەکەوە بڵاو کردەوە.

ئەم بەڕێزانە یەکدەنگن لەوەی کاک سۆران ئاگای لە زمانی سۆمەری و بواری ئارکیۆلۆجیا نییە و هیچی لێ نازانێت و لێی تێ نەگەهیشتووە (ل٨-٩) و یەکێکیان دەڵێت: هاوشێوەی چێشتی مجێور، سۆمەری، هوری، مادی و کوردی تێکەڵ بەیەک کردووە و وەک یەک زمان و کولتور و نەتەوە سەیری هەموویان دەکات (ل٥٨).

بەدووری نازانم کەسانێک بێ ئەوەی کتێبەکەیان خوێندبێتەوە و بزانن باسی چی دەکات، بپرسن کە من چۆن قسە لەسەر کتێبێک دەکەم کە سەبارەت بە شوێنەوار و مێژووی کۆنە و دوورە لە پسپۆڕیی منەوە، منیش دەڵێم هەر کەسێک کتێبەکە بخوێنێتەوە، دەزانێت شیوی دەروێش ئاسا، کۆکتێلێکی تێکەڵ و پێکەڵە و لە زۆر بابەت دەدوێت و چی نەماوە باسی نەکردبێت و زۆربەی سەرچاوەکانیشی هی سەدەکانی ناوەڕاستن و کتێبی (کورد کێیە)ش هەر وایە.

لەپاڵ ئەمەشدا، بەڵگە و ئەرگیۆمێنتەکانی هەندە لاوازن و لێکدانەوە و راڤەکانی هەندە ساکار و سەرپێین و گرێدان و لێکچوواندنەکانی هەندە چەوت و رووکەش و نامەنتقین، باوەڕ ناکەم بتوانن قەناعەت بە خەڵکانی رۆشنبیر و خوێندەوار بهێنن، بۆیە هەر خوێنەرێکی وریا و چاوکراوە دەتوانێت بەسانایی پەی بە کرچوکاڵی و سەیروسەمەرەیی راڤەکانی ببات،

---

[1] دەربارەی ڕەخنەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ (سلێمانی: ٢٠٢٣). بە (**pdf**)یش هەیە.

چۆن ناتوانێت کە ببینێت ناوی ناوچەی (azaqaiana) بە " ئازا گیان " و ناوی ناوچەی (rupira) بە رووپیر "روو+ پیر، ئەوەی کە دەموچاوی پیرانەیە /زانایانەیە" لێک بداتەوە(ل٢٥١- ٢٥٢) و پێشتریش بەڵگەیەکی بۆ کوردیبوونی ناوی ناوچەی سیهوە (sihua)ی وڵاتی مانەنا، ناوی" یەکێک لە مەقامبێژە گەورەکانی کورد (سێوە)یە" (کورد کێیە، ل٤٨)، بێئاگا لەوەی کە سێوەی نەمر مەسیحی و ناوی راستیشی (سڵێوە)بوو. ئەم لێکدانەوەیە لە (مێژووی بزر) لابراوە.

رروونە بۆ سەلماندنی کوردیبوونی زمانی مانەنایی، هیچ وشەیەکی دەست نەکەوتووە، چونکە تا ئێستا هیچ دەقێکیان نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ناچار پەنای بردۆتە بەر ناوی ئەم سێ شوێنە و شوێن و کەسایەتیی دیکەی وڵاتی مانەنا کە بەپێی زمانی ئاشووری تۆمار کراون و بەتۆبزی کردوونی بە وشەی کوردیی ئاسایی، ئەوەی راستی بێت سەدان وشەی بە هەمان دەستوور کوردانددووە.

## ٣ - کورد و گەلی سۆمەری:

سەبارەت بە گەلی سۆمەری، ئەوەی لە ئاکامی خوێندنەوەی بڕێک لە کتێبەکانی پسپۆڕانی رۆژئاوایی و عێراقی و رۆژهەڵاتناسان و لە بینینی دیدارەکانیان تێی گەهیشتووم، ئەوەیە کە سۆمەری زمانێکی دابڕاوە و وا بۆ چوار هەزار ساڵ دەچێت (دەوروبەری ١٩٠٠پ. ز) وەک زمانی ئاخافتن نەماوە و لەکار کەوتووە و تەنها وەک زمانی تۆمارکردن لەسەر تاتە گڵێیەکان ماوەتەوە. لە رووی رێزمانەوەش، زمانێکی پێکەوەنوساوە (لاصقة)یە و وشەکانی گەردانکردن (التصریف) هەڵناگرن و بە شێوەیەکی گشتی رەگەکانی

ناگۆڕێن و یەکەی ڕێزمانیی زمانەکەش بریتیە لە لێکدراوی دەنگی نەک تاکە وشە... وا دیارە چ پەیوەندیەکیشی نییە بە چ زمانێکی زیندوو و مردووەوە [١].

ئەم ڕاڤەیە هاوڕایی و یەکدەنگیەکی لەنێو ڕۆژهەڵاتناسان و شارەزایانی عێراقی بەدەست هێناوە و لام وایە پێی ناوێت ئەوەندە لەسەری بڕۆین، ئەوەتا یەکێکیان دەڵێت: پێویستە ئاماژە بە ڕاستییەکی زانراو بدەین لەنێو شارەزایانی زمانی سۆمەری... هێشتا ڕەگوڕیشەی ئەم زمانە وەک مەتەڵێکی ئاڵۆز ماوەتەوە، وێڕای هەوڵ و کۆششێکی زۆر نەتوانراوە بگەڕێنرێتەوە بۆ خێزانێکی مردوو یان زیندووی زمان [٢].

ئەم خەڵکەی وا بە سۆمەری ناوزەد کراون، بە وڵاتی خۆیان دەگوت (کی- ئان- جی: ki- an- gi) ئەوەی من زانیومە و خوێندومەتەوە، ئەم وشە سێبڕگەییە بە واتای (خاکی خودانی قامیشەڵان) دێت، کەچی ئەو لەخۆیەوە و بێ ئاماژە بۆ سەرچاوە بە " خاکی نایاب" و پاشان بە " خاکی گەورە شارستانەکان " لێکی داوەتەوە (کورد کێیە، ل١٢٩، مێژووی بزر، ل٢٥).

لە لایەکی دیکەوە، ئاشکرایە تا ئێستاش نەژادیان یەکلا نەبۆتەوە و دروست نازانرێت چۆن و کەنگی لە باشوری عێراق پەیدابوون و بناخەی شارستانییەکەیان دانا، ئایا هەر دانیشتووی ڕەسەنی ئەوێ بوون یان لەملا و ئەولای ناوچەکەوە ڕوویان تێ کرد یان ئاوارەی وڵاتێکی دوورن، ئەگەر خەڵکی بنەجێی ئەوێ نین، ئەی ئەو وڵاتە کوێندەرە کە زێدی یەکەمیان بوو و لەوێوە کۆچیان کرد بۆ زۆنگاوەکانی باشوری عێراق و لەم بارەیەوە چەند گریمانەیەک هەن[٣].

---

[١] صموئيل نوح كريمر، السومريون، ص٤٣٨.

[٢] فاضل عبد الواحد علي، من سومر الى التوراة، ص٢٩ .

[٣] كارلتون كون، قصة الإنسان، الترجمة العربية، ص٣١٦، أحمد سوسة، تأريخ حضارة وادي

بەڵام ئەوە یەکلا بۆتەوە کە زمانەکەیان زۆر تایبەت و سەربەخۆیە و نزیکییەکی ئەوتۆی بە چ زمانێکی دیکەوە نییە و سەربە هیچ لە خێزانە زمانییەکانی جیهانی کۆن نییە و ئەم مژارە لای زانایان بە (کێشەی سۆمەری) دەناسرێت[1]، ئەوەش دەزانین کە قەت راستەوخۆ حوکمی کوردستانیان نەکردووە و تا ئێستاش یادگارییەکی یاداشتکراو و پاشماوەیەکی مادیی وایان لێرە نەدۆزراوەتەوە، لەوەش ناچێت لە بنەڕەتدا کوردستانی بووبێتن، چونکە بەخۆیان لە تێکستێکدا دەڵێن لە خاکێکی چیاییەوە هاتووین کە دەتوانرێت لە رێگای دەریاوە پێی بگەیت[2].

کەچی ئەم کێشە لێڵ و بێ چارەسەرە کە وەک گرێکوێرەی لێهاتووە و زانایانی بەخۆوە سەرقاڵ و سەرسام کردووە، لای بەڕێزی بە یەکجاری بڕاوەتەوە کە ئەوان کوردن و زمانەکەیان هەر کوردییە و کوردی ئێستا لێی تێدەگات و قسەی پێی دەکات " ئایا بۆچی کورد بە سۆمەری قسە دەکات؟" و بە درێژی و بە هێنانەوەی بەناو بەڵگەوە، لە دوازدە لاپەڕەدا وەڵامی پاساوەکانی داوەتەوە و گوایا کورد بەخۆیشی ئاشنای ئەوە بووە زمانەکەیان سۆمەری بووە (مێژووی بزر، ل٢٥- ٤٠) و بەردەوام وەک راستییەکی رەها جەخت لەمە دەکاتەوە و دەیڵێتەوە "یەکەم زمانی نوسراو، کوردیی کۆن (سۆمەری)بووە و کوردی ئێستا، هێشتا بە جۆرێک لە شێوەی نوێی زمانەکانی سۆمەری و هوری دەدوێن" (ل١٧٧، ٢٢١- ٢٢٢).

ئەگەر ئەمە وایە و بە ڕاست کورد بە سۆمەری قسە دەکات، ئومێدەوارین بەڕێزیان کە کوردە، بفەرمووێت و کەمێک بە سۆمەری بدوێت و دیارە

---

الرافدين، ص١٤١- ١٤٤.

[1] طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ص٧٤- ٧٨.

[2] قصة الإنسان، ص٣١٧، تأريخ حضارة وادي الرافدين، ص١٨٨.

هاوزمانانیشی بە ساناهی لێی تێدەگەن، ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە هەر یەکێک لافی ئەوەی لێدا کە فڵانە زمان کوردییە، دەبێت تەواو لەو زمانە شارەزابێت و بتوانێت بە رەوانی پێی بدوێت تا لافلێدانەکەی پەسند بکرێت، نەک بچێت کاک سۆران ئاسا پەنا بۆ چوار فەرهەنگی سۆمەری- ئینگلیزیی ببات (ل٩، پ١) تا لە وشە سۆمەرییەکان بگات و بەتۆبزی هاوواتایان لە کوردی بۆ پەیدا بکات.

بۆ سەلماندنی قسەکانی، لە چواردە لاپەڕەدا (ل١٠- ٢٣)، دەهان وشەی سۆمەریی بە کوردی داناوە و واتای لێکداونەتەوە، بێگومان من بەخۆم نە سەرم لە مۆرفۆلۆجی و رستەسازی و دەنگسازیی زمانی سۆمەری دەردەچێت و نە ئینگلیزییەکی واش دەزانم بتوانم ئەو فەرهەنگە سۆمەری- ئینگلیزییانە بخوێنمەوە و کەڵکیان لێ وەربگرم، بۆیە لەمبارەیەوە نائاخڤم، وەلێ کە لێیان رادەمێنیت، دەزانیت بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسا و رێسایەکی زمانەوانی و بێ رەوچاوکردنی جیاوازیی دەم و شوێن، زۆربەیانی هەر بەخورتی و بە ئارەزووی خۆی کردوون بە کوردی: وەک (ahan- هانیەوە- هێنانەوەی خواردن)، (گومور بە واتای بڕبڕەی پشت- قەمورا! )، ئەرێ قەمبور نەک قەمور کە وشەیەکی کوردی نییە، کوا مانای بڕبڕەی پشت دەدات؟ (کیس- گشت)، دیارە بڕێکیان لە کوردییەوە نزیکن و ئەمەش زۆر ئاساییە و لە زمانی عەرەبی و بە تایبەت جلفەی عیراقی سەدان وشە هەن کە لە سۆمەری و ئەکەدی و زمانە دێرینەکانی دییەوە خوازراون[1].

سۆمەری چونکە گەلێکی داهێنەر و خودان شارستانییەتێکی پێشکەوتوو بوون و چەندین ئامێر و کەرەستە و کەلوپەلیان داهێنا، گەلانی دی ئەو شتانەیان هەر بە ناوە سۆمەرییەکەوە لێ وەرگرتن. لەمبارەیەوە د. دڵشاد

---

[1] لەمبارەیەوە بڕوانە: طه باقر، من تراثنا اللغوي القديم، دار الوراق (بغداد: ٢٠١٠).

زامو‌ا دەڵێت: " کۆمەڵێک رستەی خۆکرد و لەتە وشە ڕێز دەکات و هەوڵ دەدات پێکەوە گرێیان بدات، لەوانەیە ئەمە بۆ خەڵک سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام بۆ پسپۆڕانی شوێنەوار و نوسینە مێخییەکان لەیەک کاتدا، جێگای پێکەنین و گریانن" [١].

ئاشکرایە هەبوونی وشەگەلێکی زمانێک لەناو زمانێکی دی، مانەی ئەوە نییە ئەم دوو زمانە یەکن یان دەستەخوشکی یەکدین و زمان نییە لە سەرانسەری دنیا، زۆر و کەم وشەی زمانانی دیی نەخواستبێت و هۆکاری ئەم دیاردەیەش زانراون، لەنێو زمانی گەلانی موسڵمانی وەک فارس، تورک، ئوردو، پەشتۆ، ئازەر، مەلاوی، هەزاران وشە و دەستەواژەی عەرەبی هەن و کەسیش ناڵێت ئەم زمانانە عەرەبین، لە خودی زمانی عەرەبییش هەزاران وشەی بیانیی بەعەرەبیکراو هەن[٢].

زمانەوانان دەزانن، رادەی نزیکی و خزمایەتی نێوان زمانەکان بە رێزمان: وشەسازی، رستەسازی، دەنگسازی... هتد دەپێورێت، نەک بە چەردەیەک وشەی لێکچوو. پێم وایە ئەو کەسانەی وا بالۆرەی کوردبوونی سۆمەرییەکان لێ دەدەن، ئەگەر بچن ئەم کتێبە بخوێننەوە و چاویان بەم چەشنە راڤەکردن و وەرگێڕانە بکەوێت، بێ سێودوو لە بالۆرە لێدان دەکەون و لەم لاف و گەزافە پاشگەز دەبنەوە.

---

[١] دەربارەی رەخنەی مێژوویی، ل٩٧.

[٢] الجواليقي (م: ٥٤٠ك/١١٤٥ز) لە (المعرب من كلام الأعجمي) و شهاب الدين الخفاجي (م: ١٠٦٩ك/١٦٥٩ز) لە (شفاء الغليل) و ئەدی شێر(م: ١٩١٥ز) لە (معجم الألفاظ الفارسية المعربة)... سەدان وشەی بەعەرەبیکراو و خوازراویان لە عەرەبیدا هێناوەتەوە.

لێرە کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە سۆمەری هەمان کوردیی نوێیە و تەواو، نەخێر لە ناو کوردییش زاری سۆرانی نزیکترە لە سۆمەرییەوە و لە ناو سۆرانییش بنزاری گەرمیانی زیاتر لە سۆمەری دەچێت (ل٣٤، ٢٢٢)، کەچی لە (کورد کێیە، ل١٣١) دەڵێت بۆ بەراوردکردنی سۆمەری و کوردیی نوێ، پێویستە زیاتر سوود لە زمانی لادێکان وەربگیرێت، سەیر لەوەدایە بۆ کردنی وشەی سۆمەری بە کوردی، بەناو زارە کوردییەکان گەڕاوە و لە کامیان وشەیەکی لەباری دەست کەوتبێت، هێناویەتیەوە کە تاک و تەرایان نەبێت، هیچیان سەربە بنزاری گەرمیانی نین.

## ٤- کورد و گەلانی دی:

بەگوێرەی بۆچوونی کاک سۆران وێڕای سۆمەری، هەر یەک لە گۆتی، هیتی، هوری، مانەنایی، مادی- میدی، لۆڤی کوردبوون و زمانیان جۆرێکی کوردی یان کوردیی کۆن بووە و بە هەمان ڕێسا، لە لاپەڕەکانی (٤٢- ٤٥، ٢٣٧، ٢٤٠- ٢٤٤، ٢٥٠- ٢٥٣، ٢٦٣- ٢٦٧) وشەگەلێکی ئەم زمانانەی شی کردۆتەوە و بە کوردیی داناون. بەڵکو باوباپیرانی کورد هەر وا دێت زیاد دەکات و کاشی و عیلامیشیان هاتە سەر (ل٢٢٩). لە (کورد کێیە، ل٩) دەڵێت" لەبەر ئەوەی کە هیچ تێکستێکی کوردی لە سەدەکانی پێش زاییندا نەدۆزراوەتەوە، دەستنیشان کردنی ڕەچەڵەک و پڕۆسەی گۆڕانکاریەکانی زمانی کوردی زۆر ئاڵۆزە"، با بزانین لە (مێژووی بزر)چی دەڵێت:

- "دەقە هوریەکان دەبنە بەشێک لە وێژەی کوردی دێرین و ئەوان لە باوباپیرانی کورد بوون" (ل١٥٦)، ئەی ئەوە نییە وشەی هوری: هەلبا- هی (halba- he)لە کوردی نوێدا دەبێتە حەلەبی- هی حەلەب و بنەچەی ناوی گەلەهۆزی کەلهوڕ هوریە واتا هوری مەزن- گەورە (ل٢٣٨، ٢٤٠)، دەبێت

ئەوەشی لێیەوە بزانین کە حەلەب و ئەسکەندەرۆنە و ئەنتاکیا و سیلیسیا- قیلیقیایش بەشێکن لە خاکی کورد (ل٧٩- ٨٠).
- تێکستەکەی راهێنەری ئەسپ کیک- کو- لی (kik- ku- li) (نزیکەی ساڵی ١٣٤٥پ. ز) "بە هیتی و تێکەڵی هوری دانراوە، کە خەڵکی کوردی ئەمڕۆ لێی تێدەگات"و ئەم تێکستە "نیشانی دەدات کە زمانەکانی مادی، میتانی و کوردیی نوێ هەمان زمانن" (ل٢٣٦، ٢٣٩). باشە هەردوو کتێبەکە لە کتێبخانەکان بەتەنیشت یەکەوە دانراون بۆ فرۆشتن و ئەگەر کەسێک هەردووکیان بکڕێت و بیانخوێنێتەوە، دەبێت چی بڵێت.
- زۆر وشەی لۆڤی وەک خۆی لە زمانی کوردیی نوێدا ماوەتەوە (ل٥٨)، لە (کورد کێیە، ل٥٣- ٦٤)، فەرهەنگۆکێکی لۆڤی- کوردی رێک خستووە و لێرە لابراوە.
- "مادی و مانایی دوو زاری کوردیی ناوەند بوون" (ل١٥٢).
- "مادەکان حوکمڕانی کوردی ئاخێو بوون، نەک نەتەوە" (ل١٧٨).
- میتانییەکان... "کە لە ناوجەرگەی کوردستاندا ژیاون و بە کوردی دێرین قسەیان کردووە" (ل١٩٠).
- "گۆتییەکان بە زارێکی کۆنی کوردی قسەیان دەکرد" (ل٢٢٢- ٢٢٣).
- سوبارتو، سوبیر، سوبارو- ناوچەی زێباری و خەڵکەکەی هۆزی زێباری (ل٢٣٣).
- "مادی، میتانی و کوردیی نوێ یەک زمانن" (ل٢٣٩).
- "مانییەکان- مانەناکان- کە بە جۆرێک لە کوردی دێرین قسەیان کردووە" (ل٣٠٢). کەس نازانێت بە چ بەڵگەیەک ئەمەی دۆزییەوە، ئەوەتا پێشتر دوو جار دەڵێت کە هیچ دەقێک بە زمانەکەیان نەدۆزراوەتەوە (ل١٥٦، ٢٥٠).
باشە بە چ لۆژیکێک، زمانی ئاخێوەرانی گشت ئەم گەلانە بە کوردی بژمێرین کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بە سەدان و هەزاران کیلۆمەتر لە یەکدییەوە

دوور بوون و له چەرخ و رۆژگاری جیاواز دەرکەوتوون و گۆشکراو و پەروەردەکراوی ژینگە و کەشوهەوای جیاواز بوون، چۆن ئێمەی کوردی ئەمڕۆ هاوکات، هەم بە سۆمەری و هەم بە هوری دەدوێین؟ کە وەک زانیومە تەواو لێکجیان و چ پەیوەندییەکیان بە یەکدیەوە نییە و هوری نە زمانێکی سامییە و نە هیندۆ ئەوروپی و جگە لە زمانی شانشینی ئۆرارتۆ، خزمایەتیی دەگەڵ چ زمانێکی دیکەی کۆن نییە[1]، گەلی سۆمەری لە بەشی باشوری وڵاتی میزۆپۆتامیا و لە رووبەرێکی دە هەزار میلی چوارگۆشە و لە وڵاتێکی کەشوهەوا گەرم و وشک دەژیان[2] و هورییەکانیش لە بەشی باکوری دەر کەوتن، کەچی " لەم کتێبە بە بەڵگە دەرکەوت کە ئەمڕۆ کورد زمانی سۆمەری و هوری قسە دەکات" (ل٢٠٨).

لە رۆژی ئەمڕۆدا، گشتمان بەخۆیشیەوە بەو راستییە تاڵە دەزانین کە زارەکانی کوردی "جیاوازی گەورەیان لەگەڵ یەکتر هەیە" و " هەندێک جار ئاخێوانی ئاسایی ئەم زاراوانە (؟)- زارانە بۆیان گران دەبێت کە لەیەکتری تێ بگەن" (ل٣٤، ١٩٨). باشە کوردێک لە زارێکی دیکەی هاودەمی زمانەکەی بەباشی حاڵی نەبێت، ئەدی چۆن لەم زمانگەلە مردووە تێ دەگات و بە چ لۆژیک و میتۆدێک بە کوردی بیانژمێرین؟ سۆمەری کە لە نزیکەی ساڵی ١٩٠٠پ. ز وەک زمانی ئاخافتن مرد و رێژەیەک لە پەیڤ و وشەکانی بە ناو زمانەکانی دیدا پەرت بوون و هەر گەلێک پاش دەستکاریکردن و گونجاندنیان بەپێی رێسا و رێزمانی زمانەکەی خۆی، ئەوجا وەریانگرتن، چۆن و بە چ پێوەرێک ئەم وشانە پاش هەزاران ساڵ لە گۆڕان و سووان و دەنگگۆڕکێ،

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ: محمد عبد اللطيف محمد علي، الخوريون وصلات مصر بهم، المكتب العربي الحديث (الأسكندرية: ١٩٨٦).

[2] كريمر، السومريون، ص٣.

لەگەڵ وشەی کوردیی ئەم سەردەمەدا هەڤبەر دەکرێن و ئەم دووانە بە یەک زمان دادەنرێن؟ با بڕوانینە ناوی هەولێر تا بزانین کە لە ماوەی چوار هەزار ساڵدا چ گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا هاتووە و لە چییەوە (ئەربائیلۆ) بووە بە چی (هەولێر).

لەم ماوە دورودرێژەدا، دەهان زمان پەیدا بوون و لەناو چوون یان بوونە دایکی چەند زمان و زارێکی نوێ و هاوکات چەندین زمانی دی لەدایک بوون، ئەگەر ئەمانە سەرتاپێیان کورد بن و زمانەکانیان کوردی بێت، ئەدی گەلانی ئەرمەن، فارس، سریان، کلدان، ئارامی، نەبەتی چین و کوێندەرین؟.

لە سەرجەم ئەمانەش سەیرتر و سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە بەردەوام گازندە لە پسپۆران دەکات کە بۆچی سۆمەری و هوری بە ناپەیوەست و مردوو دادەنێن و نکوڵیی نزیکی و خزمایەتیی دەکەن بە کوردییەوە و بەردەوامیش لە هەردوو کتێبەکەیدا، ئەم دوو زمانە بە کوردی دادەنێت (کورد کێیە، ل١٠٥، ١٣١، ٢٨٨- ٢٩٢، ٤٠١، مێژووی بزر، ٢٤، ٢١٣، ٢٤٠... هتد). لێرە هەق نەبوو گازندە بکات و ئەم رەخنەیە ئاڕاستەی هیچ کەسێک بکات، چونکە بەخۆیشی لەمیانەی ستایشی خۆی کە چەند رەنجی کێشاوە و شەکەت بووە، دان بەوەدا دەنێت کە نەک تەنها سۆمەری، بەڵکو هوری، هیتی، میدی... زمانی مردوون:" مامەڵە لەگەڵ لایەنی وشەسازی و فەرهەنگی زمانەوانی سیانزە زمانی مردووی وەک سۆمەری، هوری، هیتی، لوڤی، میدی... کراوە" (کورد کێیە، ل xxi).

ئەوەی راستی بێت، لە ئاست بەکوردیکردنی کۆمەڵێک وشەی سۆمەری و ناسۆمەریدا، مرۆڤ دۆش دادەمێنێت و نازانێت چی بێژێت، چونکە هیچی تیا ناهێڵێتەوە و گشت سنوورێکی لۆژیک بن پێ دەکات و چ حیسابێک بۆ زەوق و ئاستی تێگەهیشتن و رۆشنبیریی خوێنەرانیشی ناکات:

- ناوی راهێنەری ئەسپی هیتی: کیککولی (kik- ku- li)، هاوشێوەی لە کوردیی نوێدا هەیە: کاکل، کاکەڵ، کاکۆڵ، کاکڵە- بەشی پاککراوەی گوێز

(کورد کێیە، ل٦٧، مێژووی بزر، ل٤٢)!. ئاگای لەوە نییە کە کاکل کورتکراوەی کاک عەلی- کاکەلیە، هاوشێوەی مام عەلی-ماملی و کاک ئەحمەد- کاکەمەد و کاکەڵیش نییە لە کوردی، پەیوەستکردن و گەڕاندنەوە کاکۆڵ و کاکڵە گوێزیش بۆ کیککولی بۆ خوێنەرانی هێژا بەجێ دێلم.

- لە میسۆلۆجیای گریکیدا باس لە سوپای ئەمازۆن دەکرێت کە لە ژنانی مەمکبڕاو پێک دێت و شەڕی سوپای گریکی دەکەن، دەڵێن ناوەکەشیان لە وشەی ئەمازوس وەرگیراوە کە بەواتای بێ مەمەک، تاک مەمک دێت، یان گرێی دەدەن بە ئەمازیگەکانی باکوری ئەفریکیاوە، کەچی بەلای کاک سۆرانەوە وێڕای ئەوەی لە ئەنادۆڵ ژیاون کە بەشێکە لە شوینی نیشتەجێی کورد و بە"ناوەکشیان ئەمازۆن (Amazon) وا دەردەکەوێت لە هەمووژن (hamuzhin)ی کوردییەوە هاتبێت... "پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە ناوەکە بریتیە لە وشەی (هەموو) و (ژن)" (ل١١١).

- ئەگەری زۆرە مانەنا ناوەکەیان بە واتای ' خەڵکی زانا ' بێت، چونکە لە زمانی مادیدا، (manah) واتا مێشک و 'منە' واتا پشکنین، شیکردنەوە، توێژینەوە. لەم لێکدانەوە سەرسوڕهێنەرە، چونکە 'منە' لە بنزاری گەرمیانیدا بە مانای گەڕان دێت (منەی چی دەکەیت)، واتا لە چی دەگەڕێیت، ئەگەری زۆرە ناوی مانەناکان کوردی بێت (ل٢٤٨).

- tseerree وشەیەکی هورییە بە واتای کەر (گوێدرێژ)- ئەم وشەیە کوردییە، چونکە (زەڕە) واتا "ئەو دەنگەی کە کەر دەیکات".

- saw وشەیەکی هورییە بە واتای مەزن- بە کوردی هەڵئاوساو(ل٢٤٤).

ئەمەو سەدان وشەی دی.

ساتێک ئەم تەرزە بەکوردیکردنە پڕ بەزم و گاڵتەجاڕییانەم دەخوێندەوە، بەسەرهاتێکی رۆژانی منداڵیی دێیەکەمان و قۆناغی سەرەتایی خوێندنم بیرهاتەوە، کاک عیزەت نەجیمی میمکزام بۆی گێڕامەوە و گوتی پۆلی چواری

سەرەتایی بووین و مامۆستا ئەحمەد عەبدولڕەحیم کاکەیی (گیانی پاکی شاد بێت) وانەی زمانی عەرەبی پێ دەگوتینەوە و وشە عەرەبییەکانی (الکلمة ومعناها)ی بۆ دەکردین بە کوردی، رۆژێک لە خوێندکارێکی پرسی: وشەی (تَرکتَها) مانای چیە؟ ئەویش یەکسەر گوتی: مامۆستا تەرەکتەها یەعنی تەراکتۆرەکەی تەها، لەم یەک دوو کتێبەدا، بە هەمان دەستوری ئەو منداڵە هاوگوندەم، زۆربەی هەرەزۆری وشە ناکوردییەکان کراون بە کوردی.


# بەشی سێهەم

# بەڵگەکانی پەیوەندیی کورد بە سۆمەرییەکانەوە

کاک سۆران بۆ سەلماندنی کوردبوونی گەلی سۆمەری و سۆمەریبوونی کورد، کۆمەڵێک هەواڵ و ئاخافتنی هێناوەتەوە و کردوونی بە بەڵگەی سەلماندنی ئەم پەیوەندی و خزمایەتییە و وەک تیۆرێکی خۆی دایدەنێت و کار بۆ چەسپاندنی دەکات.

ئەوەی راستی بێت، ئەگەر ئەم هەواڵ و ئاخافتنانە کەمێک مەعقول بوونایە و ژێدەر و سەرچاوەکانیان لاواز و ساختە نەبوونایە، دوور نەبوو ئەکادیمییان بڵێن با لێی گەڕێین بۆخۆی ئازادە و چی دەڵێت با بیڵێت و چی رەت دەکاتەوە با رەتی بکاتەوە و پێویستە رێز لەخۆی و بۆچوونەکانی بگرین، بەڵام وەک پێشتر گوتم، بۆ سەلماندنی کوردبوونی سۆمەرییەکان، جگە لە بەزۆر لێکچواندنی زمانی سۆمەری و کوردی لەسەر بنەمای وشە و بڕگە، نەچووە پشت بە تێکست و سەرچاوە رەسەن و باوەڕپێکراوەکان ببەستێت کە دڵنیام دادی نادەن، بەڵکو پشتی بە چەند ئەفسانە و قسەڵۆکێک بەستووە کە هەزاران ساڵ پاش لەناوچوونی ئەم گەلە وتراون و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی ئیسلامی و عوسمانی و باسی شتی دی دەکەن و بە هیچ شێوەیەک باسی سۆمەری لە گۆڕێدا نییە (کورد کێیە، ل١٤٨- ١٥٤، ٢٨٨- ٢٩٢)، لە (مێژووی بزر) دا لێبڕاوانەتر چەخت لە بەها و سەنگینیی ئەم ئەفسانە و قسەڵۆکانە دەکاتەوە. دەبا بزانین ئەم بەناو بەڵگانە چین:

**١- کتێبی (شوق المستهام)ی هەڵبەستراو بە ناوی ئین وەحشیەوە:**




سەرچاوەی بنەڕەتی و ستوونی تیۆرەکەی، ئەم کتێبەیە کە سەرەتا دەبێت بزانین هەڵبەستراوە و گەڕێنراوەتەوە بۆ کابرای نەناسراو (أبو بكر أحمد بن علي بن المختار بن عبد الكريم بن جرثيا بن بدنيا بن برطانيا بن غالاطيا الكسداني؟- الكلداني)، و ساخ بۆتەوە کە هیچ ئەصڵ و بنەمایەکی نییە و هەر تیۆر و گریمانەیەکیشی لەسەر ئاوا بکرێت، بە پڕوپوچ و بێبەها دەژمێردرێت، چۆن بڕوا بە رەسەنیی بکەین کە هیچ دەستخەتێکی کۆن و باوەڕپێکراوی نییە و نە لە ناوونیشان و نە لە زمان و ناوەڕۆک و نە لە پێشەکی و کۆتاهیدا، لە کتێبەکانی سەدەی ٤ک /١٠ز ناچێت و کەس باسی هەبوونیشی نەکردووە و لە پڕێکدا، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم دەستەخەتێکی سەریهەڵدا، بەڵێ چۆن دەشێت ئەم کتێبە بە دەقێکی رەسەن دابنرێت و لە دوا لاپەڕەیدا هاتبێت کە لە سێهەم رۆژی مانگی رەمەزانی ٢٤١ک/٨٥٦ز بۆ خەزانە-کتێبخانەی خەلیفەی ئومەوی (عبد الملك بن مروان) دانراوە و دوعای شادمانی بۆ دەسەڵاتی کراوە، خەلیفەی ناوبراویش ساڵی ٨٦ک/٧٠٥ز مردووە، واتا لە ساڵێکدا کتێبی بۆ دانراوە کە بەخۆی سەدە و نیوێک زووتر مردووە، ئەمەو چەند خەوش و کەلێنێکی دی کە ناکرێت لێرە هەمووی دیاری بکرێت، بۆ ئەم بابەتە بڕوانە پێشەکیی کتێبەکە (ص١٤- ١٦) و ئەم وتارەم: (کتێبی (شوق المستهام) و پرسی هەبوونی

ئەلفوبێ و کتێبی کوردی) [1] و پێش من جەرجیس فەتحوڵا (١٩٢٠- ٢٠٠٦) لەمبارەیەوە، ساڵی ٢٠٠٠ وتارێکی لە ژمارە (٤٨)ی گۆڤاری (گوڵان العربي)، بڵاو کردەوە.

تەنانەت رۆژهەڵاتناسی ئیتالی کارلۆ ئەلفۆنسۆ نەللینۆ (١٨٧٢- ١٩٣٨) دەڵێت من گومان لە بوونی ئیبن وەحشیە دەکەم کە (ابن الندیم: م٣٨٥ک /٩٩٥ز؟)چەند کتێبێکی لەبارەی جادوگەری و کیمیاگەریی داوەتە پاڵ، بۆ ئەوەی شتێکی کەڵکبەخش لەبارەیەوە بخاتە ڕوو و ناوی باپیرانی هیچ لە ناوی ئارامی- نەبەتی ناکەن، بەڵکو (برطانیا) و (غالاطیا) دوو هەرێمی دەوڵەتی رۆمانی ئەو رۆژگارە بوون [2]. بێگومان شارەزایان باش ئاگادارن لە دیاردەی پێکەوەنانی کتێب دەربارەی زانست و هونەرە ناشەرعی و ناپەسندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ کەسانی وەهمیی وەک جابری کوڕی حەیان و ئیبن وەحشیە...هتد.

لەم کتێبە ساختەیەدا کە ساڵی ١١٦٦ک/١٧٥٣ز بۆ پارە پەیداکردن، پێکەوە نراوە و فرۆشراوە بە رۆژهەڵاتناسان، دوو جار باسی کورد کراوە، یەکەمیان سەبارەت بە ململانێی زانستیی نێوان کورد و کلدانە و ئەمە دەقەکەیتی: (صفة القلم على رأي الكلدانيين):

" وأما الكلدانيون، فكانوا أعلم الناس في زمانهم بالعلوم والمعارف والحكم والصنائع. وكان الأكراد الأول يريدون مناظرتهم ومماثلتهم ولكن شتان مابين الثرى والثريا! وإنما كانت براعة الأكراد الأول في صناعة الفلاحة وخواص النبات، يدعون انهم من أولاد بينوشاد، وقد وصل إليهم (سفر الفلاحة) لآدم عليه السلام و(سفر صفريث) و(سفر قوثامي). وعلى كل حال يدعون معرفة

[1] گۆڤاری رامان، ژمارە (٢٤٦)، رۆژی ٥- ١١- ٢٠١٧.

[2] علم الفلك وتأريخه عند العرب، ص٢٠٨- ٢٠٩، مقدمة كتاب شوق المستهام، ١٤- ١٦.

(الأسفار السبعة) و(مصحف السيد دوناي) ويدعون السحر والطلسم وليسوا كذلك، بل ما وصلت إليهم هذه العلوم إلا من الكلدانيين، وهم المقدمون عليهم فيها، لذلك كانت العدواة بائنة مستمرة- أو مستعرة- بينهم "[١].

بينيمان لێرە چ باسێکی سۆمەری ناکات و ستایشی گەلی کلدان دەکات و توانجیش دەگرێتە کورد و دەڵێت هیچیان نییە و ئەو زانستانەی هەیانە و لافی پێوە لێدەدەن، لە ڕێگای گەلی کلدانەوە پێیان گەهیشتووە و جیاوازیی نێوان ئەوان و کلدان، ئاسمان و ڕێسمانە.

لە دوهەمیان باسی ئەلفوبێی کوردی دەکات و پیتەکانی هێناوەتەوە کە بە گوتەی خۆی وێنە و هاوچەشنیان لە چ زمان و ئەلفوبێیەکی دی نییە و بە (الأقلام العجيبة والرسوم الغريبة) وەصفی دەکات کە (بینوشاد) و (ماسی السوراتي) گشت زانست و هونەر و کتێبەکانیان پێ دانا، ئەوجا دەڵێت (٣٠) کتێبی کوردیم لە بەغدا دیت بەم خەتە نووسرابوون و دووانیم لە وڵاتی شام لەلا بوو و لە کوردییەوە وەرمگێڕانە سەر عەرەبی، یەکێکیان دەربارەی چاندنی دارمێو و دارخورمایە و ئەوەی دییان دەربارەی چۆنیەتی دەرهێنانی ئاوە لە خاکە وشک و نەزانراوەکان[٢].

باشە کابرایەکی نەبەتی کلدانیی خەڵکی دێهاتێکی نەبەتنشینی وڵاتی کوفە، گریمان با هەقیقەتیشی هەبێت و چێکراو نەبێت، چۆن وا فێری زمانی کوردی و ئاشنا و شارەزای ئەلفوبێیە نامۆ و "عەجیب و غەریبەکەی" بوو، بە ڕادەیک بتوانێت کتێبی پێ بخوێنێتەوە و پێ وەربگێڕێت؟ ئەم کتێبانەی لە کوێ و لە کێیەوە دەست کەوت و ئەگەر لە بەغدای ئاوەدان و پڕ جموجۆڵی ڕۆشنبیری هەبوون، کوا چییان لێهات و بۆ کەس باسی نەکردوون، کتێبی کەوناری کوردی

---

[١] شوق المستهام، ص٢٠٠.

[٢] شوق المستهام، ص٢٠٣- ٢٠٤.


ئەگەر هەبێت ئەوا لای موغێک، پیرەمێردێک، دانایەکی کورد سەری هەڵدەدا، نەک لای کابرایەکی نەبەتیی نامۆ و نابەڵەد بە کوردستان، دەبوو لە ئەشکەوتێک، پەرستاگەیەک، درزە شاخێک، پەنا و پەسارێکی چیاکانی کوردستان شاردرابێتەوە نەک لە بەغدا و شام.

کاک سۆران هەرچەند ئاگاداری ئەوەیە کە گومان لە راستیی ئەم کتێبە هەیە (ل٢١٤، پ٢)، بەڵام گوێ بەو گومان و سەرنجانە نادات و سوورە لەسەر پشتپێبەستنی، چونکە ئەگەر بەهەندیان وەربگرێت و کتێبەکە بەلاوە بنێت، ئەوا دەبێتە مایەی لەدەستدانی کۆڵەگەیەکی ئەستوور و سەرەکیی پشت تیۆرە پێشوەخت بڕیار لێدراوەکەی سەبارەت بە کوردبوونی سۆمەرییەکان و درزی گەورە دەکەوێتە ناو ئەم تیۆرەوە، بەڵکو بەردەوام ناوی ئیبن وەحشیە دەهێنێت و پشت بە ئاخافتنەکانی دەبەستێت و بێ ڕاڕایی و دوودڵی وەک راستییەکی رەها و بێخەوش و "تۆمارێکی کۆن" پەسندیان دەکات و زۆر جار دوبارە و جەختی لێ دەکاتەوە و تیۆری لەسەر بنیاد دەنێت (ل٣٥- ٣٧، ٥١، ٦٧، ٩٠- ٩١، ١٢٤ (پەراوێز)، ١٥٣، ١٥٧، ١٧٨، ١٩٤، ٢٠٣، ٢٠٩، ٢٦٣) و وا سەرەدەریی لەگەڵ دەکات، وەک بڵێی تێکستێکی پێش چوار هەزار ساڵەی سۆمەرییە و تازەبەتازە دۆزراوەتەوە و رازێکی مەزن و پەنهانییەکی گرنگ لەخۆ دەگرێت:

- ئەو دوو کتێبە کوردییەی وا لەبارەی زانستەکانی ئاودێری و چاندنەوە دانرابوون و ئیبن وەحشیە وەری گێڕاون، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کوردستان مەڵبەندی یەکەمی شۆڕشی چاندنە (ل٤٥- ٤٧).

- ئەو ئادەمەی وا خاوەندی (سفر الفلاحة)یە و ئەم کتێبەی گەهیشتۆتە دەست کورد، ئادەمی ناو کتێبە ئاسمانییەکانیان نییە، (ئادەپە) و (ئادەمو)ی ئۆرجیناڵ و سۆمەرییە و جیاوازە لەوەی تەورات (ل ٣٦، ٩١)، ئەی ئەوە نییە بە گەواهی بەهائوڵا (بهاء الله: ١٨١٧- ١٨٩٢) ئادەم بە کوردی دواوە و وا

دیارە تا سەدەی نۆزدەهەم بڕوابوون بەمە لە ناو کورددا بەردەوامی هەبووە (ل٣٦، ٦٨).




- باسی کارامەیی کورد کراوە لە وەرزێڕی و ڕووەکناسی، ئەمە" بنەچە سۆمەری بوونی ئەوان دەسەلمێنێت کە بەتواناترین نەتەوە بوون لە کشتوکاڵدا (ل٣٦).

- کورد لافی ئەوە لێ دەدەن کە بە (الأسفار السبعة) دەزانن و پێی ئاشنان، پێدەچێت مەبەستی حەفت سفرە لابراوەکەی تەورات بێت، کەچی ئەو وای بۆ دەچێت کە ئەمە ئاماژەیە بۆ حەوت تاتە قوڕە سۆمەرییەکانی دروستبوون (الخلق) (ل٣٧) و گوایا کورد پێی وابووە کە "حەوت کتێبی پێش لافاوەکە"یان هەبووە کە تاتەقوڕی سۆمەرییەکانە (ل٩١).

- ئەم ئەلفوبێیە کوردییە، جگە لە ناوجەرگەی کوردستان، لە بەغداش بەکار دەهات و کتێبی پێ دانراوە (ل١٥٣).

- ڕکابەرایەتی و دوژمنایەتیی نێوان کورد و کلدان لەسەر داهێنانی زانستی، هەر ڕەنگدانەوە و بەردەوامیی شەڕی گۆتی و سۆمەرییەکانی باوباپیرانی کوردە لەگەڵ گەلە سامییەکانی وەک ئەکەدی و کلدانی (ل٢٠٩).

هەر لەمیانەی هەوڵەکانی بۆ پەیوەستکردنی کورد بە گەلانی میزۆپۆتامیاوە، دەقێکی کتێبی (الفلاحة النبطية)ی بەکار هێناوە دەربارەی کەردانیەکان (الكردانيون) و تا ئەمانەش بکات بە کورد و پەیوەندییان بە شارستانییەتی کۆنی باشوری میسۆپۆتامیاوە پێ پتەو بکات، روونە ئەم کتێبەش کە وەرگێڕانی لە کسدانیەوە (؟) بۆ عەرەبی دراوەتە پاڵ ئیبن وەحشیە، گومانی زۆری لەسەرە و پێدەچێت بەمەبەست پێکەوە نرابێت و رۆژهەڵاتناسان ئەلفرێد ڤۆن گۆتشمید (١٨٣١- ١٨٨٧)، تیۆدۆر نۆلدکە (١٨٣٦- ١٩٣٠)، کارل برۆکلمان (١٨٦٨- ١٩٥٦) و شارەزایانی دی لەمێژە رای خۆیان دەربڕیوە و بە هەڵبەستراوی دەزانن [1]. تەنانەت لە سەر بەرگی کتێبەکە، بە وەرگێڕدراوی هەڵبەستراو و گەڕێنراوە بۆ ئیبن وەحشیە (الترجمة المنحولة الى ابن وحشية)دانراوە.

ئەم کتێبە وەک لە ناوونیشانەکەی دیارە، سەبارەت بە کاروبار و هونەری رەزداری و چاندن و کشتوکاڵە لای گەلی نەبەت (النبط) و لابەلا چەند جارێک ئاماژە بە کورد دەدات و لە (ل١٢٥٣)باسی بخوری کورد (بخور الأكراد) دەکات و من کاتی خۆی نەمدەزانی گوماناوییە و کەڵکم لێ وەرگرت، کەچی لە ئاخافتنی ئەوەی کتێبەکەی هەڵبەستاوە و بە کتێبی وەرگێڕاوی ئیبن وەحشیەی داناوە، روونە کە جیاوازیی دەکات لە نێوان کورد (الأكراد) و کەردانیەکان (الكردانيون) و هەرگیز مەبەستی لە کەردانیەکان کورد نییە، بەڵکو مەبەستی وەچە یان هۆزێکی گەلی نەبەتە کە گەلێکی کەونار و دێرینی وڵاتی بابل و سوریان [2]، ئەوەتا دەڵێـت: "وخاصة الكردانيين فإنهم أعلم وأحكم

---

[1] علم الفلک وتأريخه عند العرب، ص٢٠٥- ٢٠٩، شوق المستهام، ص١٤- ١٦.

[2] الفلاحة النبطية، ص٣٧٢، ٨٥٤، ١١٦١.


من جميع أجيال النبط وأبسط فى العلوم لسانا وأبلغ فى العبارة بلغتهم عما يرمزون تعلمه"[1].

بەڕێزی لەبری ئەوەی ئەصڵە عەرەبییەکەی کتێبەکە بەکار بهێنێت، چووە پشتی بە وەرگێڕاوی ئینگلیزی بەستووە کە تەواو واتاکای گۆڕیوە، ئەوجا وای داناوە کە کەردانیەکانیش هەر کوردن چونکە ئیشی پێیان هەیە، بۆ ڕەواندنەوەی پرسیاری ئەوەی ئەی بۆچی یەک گەل لە کتێبێکدا، بە دوو ناو ناودەبرێت، لەخۆیەوە هاتووە پینەی کردووە و گوایە"ئەوەی یەکەمیان ئاماژەیە بە کورد بە گشتی، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان بە خەڵکە سەرەتاییەکانی مێسۆپۆتامیا" (ل٥٠- ٥١).

---

[1] الفلاحة النبطية، ص٣٧٢.

### ٢- ئەفسانەیەکی ئەولیا چەلەبی (ساڵی ١٦٥٥ز):




ئەم گەڕۆکە کاتێک دەگاتە باژێڕی میافارقین، دەڵێت: " بەپێی دیرۆکنووس (المقدسي)، شاری جودی یەکەم شارە پاش لافاوی نوح بنیات نرا، ئەوجا قەڵای شنگار و ئەم میافارقینەش سێهەم شاری ئاوەدانکراوە بوو، هەرچی خاوەندی (شاری جودی)یە کە بە شاە (کوردوم) ناو نرابوو و لە ئومەتی (نوح) بوو و ماوەی شەشسەد ساڵ ژیا و بە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستاندا گەڕا و دەمێک گەهیشتە میافارقین، داخبار و دڵبەندی کەشوهەوایەکەی بوو و لێی گیرسایەوە، ئەو کوڕ و برازا و نەوەی زۆری هەبوون و ئەم خەڵکانە زمانێکی تایبەتیان بۆخۆیان پێکەوەنا کە هیچ لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، عیبری و فارسیی کۆن- دەری نییە و ئێستا بەم زمانە دەگوترێت کوردی و لە کوردستان قسەی پێ دەکرێت، بەڵام زمانی کوردی ئێستا لە دوازدە لەهجە- زار پێکدێت بە شێوەیک، وشەکانی هەر یەکێکیان هاوشێوە نین و بۆ لێکتێگەهیشتن پێویستیان بە وەرگێڕە"[1].

نازانم سەرچاوەی ئەم قسە بێسەروبەرەیە کە لە ئەفسانە دەچێت نەک راستیی مێژوویی چیە و (المقدسي: م٣٨٠ک/٩٩٠ز) لە کتێبەکەی (أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم) شتی وا نالێت، نەدورە هەر بەگۆترە هەڵی بەستابێت و گەڕاندبێتیەوە بۆ گەڕۆکی ناوبراو و دەزانین گەشتنامەکەی پڕە

---

[1] رحلة اوليا چلبي في كوردستان، الترجمة العربية، ص٩٨- ٩٩.

له زێدەڕۆیی و هەواڵی بێبنەما و پڕوپوچی لەم شێوەیە، ئەم شاهە چۆن شەشسەد ساڵ ژیاوە و بۆ زمان خانووە ئاوەها بە ئاسانی دروست بکرێت!. بەڵام هەرچۆنێک بێت توخنی باسوخواسی سۆمەرییەکان ناکەوێت.

کاک سۆران دەقێکی لە داستانێکی سۆمەری هێناوەتەوە کە دەڵێت ڕۆژانێک لە "هەر چوار لای جیهان" بە یەک زمان قسە دەکرا، ئەوجا هاتووە بێ هیچ بەڵگە و لۆژیکێک ئەم دەقەی راڤە کردووە و تەنها بۆ سەلماندنی کوردیبوونی زمانی سۆمەری، سەرەتا هەر لەخۆیەوە دەڵێت "چوار لای جیهان" بۆ سۆمەرییەکان سەرچەم هەموو جیهانی کۆن نییە، بەڵکو تەنها " باشور و باکوری (کوردستانی ئەمڕۆ)ی میسۆپۆتامیا بووە". پاشان دەقێکی (سفر التکوین)ی تەوراتی هێناوەتەوە کە باس لە جودابوونەوەی زمان (بلبلة اللسان) دەکات (ل٢٩، ٣٢) و ئاگای لەوە نییە ئەوەی تەورات باس لە زمانی جووەکانی بابل دەکات بۆیە ئەو شارە بە بابل ناوزەد کرا.

ئەوجا ئەم دوو دەقەی شەتەک داوە بەم ئەفسانەیەی ئەولیا چەلەبیەوە و بە ویست و حەزی خۆی و بێ گوێدان بەو هەزاران ساڵەی لە نێوان گوتنی ئەم دەقانە هەیە، گوایا ئەولیا لە گەشتنامەکەیدا "چیرۆکێکی هاوشێوەی" ئەوەی سۆمەری گێڕاوەتەوە، ئەمە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر خودی گەشتنامەکە، بەڵکو پشتی بە وتارێکی ساڵی ٢٠٠٠ی کوردناسی هۆڵەندی مارتن ڤان برۆنسن گرێداوە، پاشان زیاتر جەخت لەمە دەکاتەوە و ناڵێت هاوشێوە، بەڵکو رێک بە هەمان داستانی سۆمەری دایدەنێت: "چیرۆکی زارە کوردیەکان هەمان چیرۆکە کە لە تەورات و لەلایەن سۆمەریەکانەوە باسکراوە" (ل٣٠-٣٣)، جارێکی دی دەڵێت: " ئەولیا چەلەبی... چیرۆکی سۆمەریەکانی دوبارە کردۆتەوە سەبارەت بە جیابوونەوەی زمانەکان... تەنها ئەوەیە کە ناو و کاراکتەری ناو چیرۆکەکەی گۆڕیوە. لەو چیرۆکەدا چیابوونەوەی زمانەکان لای سۆمەریەکان، دەبێتە جیابوونەوەی زاراوە(؟)-

زاره کوردیەکان" (ل٦٧)، و چوار جاری دی ئاماژەی بەم پەیوەندییە داوە (ل٥٨، ٧٧، ١٢٥، ١٩٩)، ئەمە جگە لە سێ جاری دی لە کتێبی (کورد کێیە، ل٣١٣- ٣١٤، ٣٢٢، ٤٠٠- ٤٠١).

ئەرێ سەرجەم زمانەکانی جیهان لە دەهان زار و بنزار و شێوەزار پێک ناهێن و مەسعودی (م: ٣٤٦ک/٩٥٧ز) و میر شەرەفخانی بەدلیسی و مەلا مەحمودی بایەزیدییش باسی جیاوازیی زارەکانی کوردییان نەکردووە؟. ئەرێ ئەم پۆلینکردنانە چ پەیوەندی و نزیکیی هەیە بە دەقێکی پێش چوار هەزار ساڵی لەمەوبەرەوە؟ ئەمە چیە کوردی لە زارگەلێک پێک دێت کە ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی و باو و گشتگیرە، واتای ئەوەیە سۆمەرییە، چونکە ئەوانیش تەنها باسی جیابونەوەی زمانەکەیان کردووە نەک جیاوازیی زارەکانی؟.

### ٣- ئاخافتنێکی گەڕۆکی ناودار (ابن بطوطة):

ئەم گەڕۆکە سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوانی شاری حیللە لە سەدەی ٨ک/١٤ز دەڵێت: "خەڵکی ئەم شارە گشتیان شیعەی دوازدە ئیمامین و دوو تائیفەن یەکێکیان بە کورد دەناسرێت و ئەوەی دیکەیان بە (أهل الجامعین)، ئاژاوە لەنێوانیان نەبڕاوەیە و شەڕ و کوشتار بەردەوامە"[1]. بەڕێزی ئەم زانیارییەی کردۆتە بەڵگەیەکی بەهێزی سەلماندنی کوردبوونی گەلی سۆمەری دەڵێت:" لە سەردەمی دێرین و سەدەکانی ناوەڕاست، کورد هێشتا وەکو خەڵکی ڕەسەنی خوارووی مێسۆپۆتامیا مابوون. بوونی کورد لە ناوجەرگەی وڵاتی سۆمەر (خوارووی مێسۆپۆتامیا)، تۆمارە ئیسلامیەکان پشتگیری دەکەن... بەم جۆرە کوردی ئەمڕۆ سۆمەری نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە،

---

[1] رحلة ابن بطوطة، ٥٦/٢.

سۆمەریەکان ئەو کوردانە بوون کە لە باکور و خواروی مێسۆپۆتامیا دەژیان"، ئەمجا زانیارییەکەی گەڕۆکی ناوبراو دەهێنێتەوە (ل٣٣).

لێرەش بەم گرێدانە، دەیسەلمێنێت کە چ ئاگاییەکی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست نییە و ئاشنای هێڵە گشتیەکانیشی نییە، ئاشکرایە شاری حیللە تا کۆتاهی سەدەی ٥ک/١١ز نەبوو و میری عەرەب (سیف الدولة صدقة بن منصور المزيدي: م٥٠١ک /١١٠٧ز) ساڵی ٤٩٥ک/١١٠١ز بنیادی نا و کردیە بارەگا و پایتەختی خۆی، میرانی ئەم بنەماڵەیە خزمایەتیی ژنخوازی و هاوپەیمانیی پتەویان هەبوو لەگەڵ هۆزی جاوان- گاوانی کورد و چەند ژنێکیان لێ خواستوون و لە ئەنجامدا و لە سەدەکانی (٥- ٦ک/١١- ١٢ز) دا، زۆربەی ئەم هۆزە لە چیاکانەوە شۆڕ بوونەوە و بەرەبەرە لە شاری حیللە و چەند باژێڕ و گوندێکی ناوچەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی بەغدا گیرسانەوە و بوونە شیعەی دوازدە ئیمامی و پاشان هەندێکیان خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ سەرکردەیەکی ناسراوی عەرەب لە دڵسۆزان و لایەنگرانی ئیمام عەلی[1].

پێشتر لە کتێبی (کورد کێیە، ل٣٢٤)دا، ئەم هەواڵەی هێناوەتەوە و لەوێ خوێندنەوەیەکی سەیرتری بۆ کردووە و کێشە و شەڕی نێوان دوو پێکهاتەکەی بە "بەربەرەکانی فەرهەنگی" داناوە و گوایا ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و لە کتێبی دوهەم لابراوە.

---

[1] بۆ زانیاریی وردتر بڕوانە کتێبی : القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، دار الزمان (بيروت: ٢٠١٦)، ص ٦٨- ٨٦.

**٤- ڕێگران و زانایانی شارەزور:**

- یاقوتی حەمەوی (م: ٦٢٦ک/١٢٢٩ز) لە ناساندنی شارەزوردا، دەڵێت خەڵکە چیانشینەکانی چەتە و ڕێگرن و ڕێگا بە ڕێبواران و کاروانیان دەگرن و دەیانڕوتێننەوە...ئەمەش نەریتێکی خۆڕسکی کوردە... بەڵام هاوکات ئەو کەڵە زانا و ئیمام و دادوەر و شەرعزانانەی لەم وڵاتە دەرکەوتوون، لەژمارە ناهێن، هەندە بەسە باسی پلەوپایەی بەرزی قازییەکانی بنەماڵی شارەزوری بکەین[١]. ڕوونە یاقوت لەم قسانەی هیچ باسی گۆتی و سۆمەری و کێشە و ململانێی نێوان دەشتنشینان و چیانشینان و شەڕی نێوان ڕێگران و زانایان ناکات و تەنها واقیعێکی ڕۆژگاری خۆی دەخاتە ڕوو، بنەماڵەی قازییە شارەزورییەکانیش، کورد نین و عەرەبی شەیبانی و خەڵکی موصڵن و باپیرە گەورەیان هاتە هەولێر و ماوەیەک قازییەتی کرد.

کاک سۆران وەک ڕاهاتووە کاخەزی بێخەت دەخوێنێتەوە و دوو جار ئەم چیانشینە ڕێگرانەی بە گۆتییەکان و چینی زانایانیشی بە دەشتنشینانی سۆمەری چوواندووە و گوایا ئەمە کێشەی کوردی چیا- گۆتییەکان و کوردی دەشت- سۆمەرییەکانە و یاقوت بۆ ئەوەی بیەوێت باسی ئەم دیاردەیەی کردووە (ل٦٩- ٧٠، ٢٠٥- ٢٠٦).

**٥- ناتەبایی کورد و ناسەنتەریی سۆمەری:**

گشتمان دەزانین کە یەکێک لە خوو و خەسڵەتەکانی کورد بەدرێژایی دیرۆک، ناتەباهی و یەکنەگرتوویيە کە زۆر جار سەری دەکێشا بۆ ناکۆکی و خۆخۆری و شەڕی خوێناویی لێدەکەوتەوە و چ کەسانی بیانیی وەک (ابن فضل الله العمري) و (ابن خلدون) و (القلقشندي) و چ شاعیرانی خۆیی لە وێنەی

---

[١] معجم البلدان، ٣/١٦٥.

ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، پەنجەیان لەسەر ئەم برینە و ئەم دەردە کوشندەیە داناوە، ئەوەش ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئەیوبی، نەخاسمە پاش مردنی سەلاحەدین، بە یەکگرتوویی و تاکسنتەری نەمایەوە و هەر ناوچەیەک بە دەستی شاهێکی ئەیوبیەوە بوو.

کاک سۆران ئاماژە بە قسە و روانینی کەسانی ناوبراو دەرهەق کورد و سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئەیوبی دەکات و دەیانکاتە بەڵگە لەسەر یەکبوونی کورد و سۆمەری کە گوایا تەنانەت لە یەکنەگرتوویی و حوکمداریشدا هاوشێوەن و کورد ئەزموونی ئەوانی تاقی دەکردووە، چونکە ئەوانیش سیستەمی ناسەنتەرییان پەیڕەو کرد و حوکمی چەند دەوڵەت شارێکیان (City State) دەکرد (ل٢٠٩- ٢١٢) و ناکۆکی ناوخۆیی کوردیش، ڕەنگدانەوەی کێشە و کێبڕکێی کوردی دەشت- سۆمەری و کوردی چیا- گۆتییە، دیارە ئاگای لەوە نییە کە عەرەب و گەلانی دیش بەردەوام گێرۆدەی شەڕی خۆبەخۆیی دەبوونەوە، هەروەها پێشتر دەوڵەتانی بوەیهی، سەلچوقی، ئەتابەگی بە هەمان سیستەمی ئەیوبی بەڕێوە دەبران.

ئەم گرێدانە بە چ کلۆجێک واقیعی نییە و لەسەر وەهم و خەیاڵ بنیاد نراوە و بە چەشنی گرێدانەکانی دیی بۆ مەبەست و نیازێکی دیاریکراو خراوەتە گەڕ.

### ٦- ململانێی گۆتی- سۆمەری:

زێدی گۆتییەکان چیاکانی زاگرۆس- کوردستان بوو و بێگومان لە باوباپیرانی دێرینی کوردن، ئەویش گشت وزە و شیانی خستۆتە گەڕ تا بیسەلمێنێت گەلی سۆمەری، کوردی بێگەرد و ڕەسەنن و زمان و کولتور و دابونەریت و هەموو شتێکیان، تەنها مڵکی کوردە و غەیرە کورد بۆی نییە داوای پشکی خۆی لەم میراتە بکات، بەڵام کۆسپ و ئاستەنگێکی دێتەپێش ئەویش ئەوەیە کە گەلی

گۆتی لە شەڕێکی درێژخایەنی دژوار و خوێناوین لەگەڵ گەلی سۆمەری و نیشتمانی شاخاوییان هەردەم دەبووە ئامانجی شاڵاو و لەشکرکێشیی شاهانی سۆمەر و ئەکەد و شاهی سۆمەری ئوتو حیگال بەسەر دوا شاهی گۆتی سەر کەوت و دەوڵەتی گۆتیی لەناو برد، ئەم دوژمنایەتییەش بە زەقی لە چاند و ئەدەبی سۆمەری و عێراقی کۆن رەنگی داوەتەوە و ئوتو حیگال لە دەقی (سەرکەوتنامە)کەیدا، گۆتییەکان بە دڕندە و ئەژدیها و ماری کەڵبەداری کێوەکان و دوژمنی خوداوەندەکان وەصف دەکات[1].

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و ئاڵۆزییە و رەواندنەوەی گومان لە هاوخوێنی و هاونەژادیی ئەم دوو گەلە، بابەتەکەی وا پینە کردووە کە گوایا هەردوو لایان یەکن و لە باوباپیرانی کوردن و ئەو ناکۆکی و خوێنڕشتن و دوژمنایەتییەی لە نێوانیان بەرپابووە، لە ئاکامی جیاوازیی رەوشی ئابوری و جڤاکییانەوە بووە، ئەمەش جۆرێکە لە ململانێی نێوان دوو کولتور و دوو تەرزە ژیان: کولتوری دەشت کە سۆمەرییەکان نوێنەرایەتیی دەکەن و کولتوری چیا کە گۆتییەکان نوێنەرایەتیی دەکەن و ئەوەندە لەم لێکدانەوەیە و لەم پینەکردنە دڵنیایە، دەهان جار جەختی لەسەر دەکاتەوە و ئەگەر بڕوانینە پێرستی کتێبەکە (ل٣٦١) دەزانین چەند جار دوو چەمەکی (کوردی چیا) و (کوردی دەشت) دوپات دەکاتەوە، بگرە ئەمەی بە پۆلینکردنێکی زانستیی نوێ بۆ مێژووی کورد داناوە کە هەر خۆی دایهێناوە(لxii، ٧٤).

پاشان پێکهاتەی خەڵکی باژێڕێکی شارەزوری هێناوەتەوە(بڕگەی ٤) وەک بەڵگەیەکی بەردەوامیی ئەم دیاردەیە لە سەردەمی ئیسلامی. ئەگەر ئەمە وایە ئەی شاڵاوەکانی شاهانی ئەکەدی سەرجۆن و نارام سین و شاهانی ئاشوری بۆسەر خاک و خەڵکی چیاکانی زاگرۆس و وڵاتی گۆتییەکان و لۆلۆییەکان و

---

[1] طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ص٣١٨، ٣٢٧، ٤١٢.

هێرشی ئیلامییەکان بۆ سەر وڵاتی سۆمەر و ئەکەد...هتد بە چی و چۆن لێک دەدرێتەوە؟.

**٧- شنگار و کەشتییەکەی نوح:**

یاقوتی حەمەوی لە شیکردنەوەی ناوی سنجار- شنگاردا، باسی تۆفانی نوح ناکات، بەڵکو لێکدانەوەیەکی میللیی خەڵکەکەی دەگێڕێتەوە کە پێیان وابووە ناوی شارەکەیان لە قسەیەکی نوحەوە هاتووە کە کاتێک کەشتییەکەی خۆی کێشاوە بە لوتکەی چیای سنجاردا، وتوویەتی (هذا سن جبل جار علینا) و دیارە ئەم لێکدانەوەیە زۆر سادە و کرچوکاڵە و یاقوت بەخۆیش بڕوای پێ نەبووە و دەڵێت " ولست أحقق هذا والله أعلم به" [١] و لە سەرچاوە کۆنەکاندا ئەم شارە بە سنکارا- سنگارا ناو براوە. کاک سۆران ئەمەی چوواندووە بە چیرۆکێکی کوردی ئێزیدییەوە دەرهەق کەشتییەکی نوح و شنعار و شناری سۆمەری و تەورات بە شنگار دەزانێت و ئەمانەی گشت بەیەکەوە گرێداوە و کردوونی بە بەڵگەی ئەوەی لافاوەکەی نوح و جیابوونەوەی زمانەکانی سەردەمی سۆمەری لە کوردستان روویان داوە (ل٥٢-٥٣).

**٨- دابونەریتی هاوبەش لە نێوان کورد و سۆمەری و گەلانی دی:**

لەمبارەیەوە بەڵگەگەلێکی ساکار و رووکەشی هێناوەتەوە کە مایەی پێکەنینن و ناکرێت هەڵوەستە لەسەر هەمووی بکەین، لەوانە لاواندنەوەی (لێ لێ و لۆ لۆ) و (لای لایە) و (گریەوهەڵا) کە گوایا لای هەردوو لا سۆمەری و کورد هەن (ل٥٨)، واتا ئەگەر دایکێکی کورد بە (لایلایە) منداڵەکەی ژێر

---

[١] معجم البلدان، ٢٦٢/٣.

بکاتەوە و رەنجبەر و جوتیار و شوانکارەیەکی کورد سترانی(لێلێ و لۆلۆ) بچڕن، ئەوە بەڵگەی سۆمەریبوونیانە.

هەروەها پیرۆزیی ژمارە (٤٠- چل)ە لای گەلی سۆمەر و کورد، لای ئەوان بەستراوەتەوە بە خوداوەند (ئینکی)یەوە و لای ئەمانیش" ژمارەکە باڵی کێشاوە بەسە رێورەسم و دابونەریت و بیروبڕوای ئایینی" و چەند نموونەیەکی لە کەلتوری کوردی هێناوەتەوە کە گرنگی و تایبەتیی ئەم ژمارەیە دەسەلمێنن (ل٥٩- ٦١)، ئەو نموونانە زانراون و کێ هەیە پێیان نەزانێت، بەڵام نەدەبوو لە هەردوو کتێبەکەی قسەی خەڵکی پێنجوێن بهێنرێتەوە کە لە سالانی جەنگی عێراق- ئێران دەیانگوت عێراق چل- چل موشەک دەگرێتە ئێران و بیکاتە بەڵگەیەکی کوردبوونی گەلی سۆمەری.

راستە ئەم ژمارەیە لەتەک زیاد لە ژمارەیەکی دی، جۆرە پیرۆزییەکیان لەکن کورد هەیە، بەڵام هەرگیز ئەمە نابێتە بەڵگە بۆ ئەو پرسە، چونکە ئەم پیرۆزییە گشتیە و تایبەت نییە بە کورد تا بکرێتە بەڵگە و هاوکات لای گەل و شارستانیی دیکەی وەک میسری کۆن و عیبری و عەرەب هەیە و لە ئایینە ئیبراهیمییەکان: یەهودی، مەسیحی، ئیسلام ژمارە چل پایەی خۆی هەیە و لە قورئاندا دووجار باسی (چل شەو) و دووجاریش باسی (چل ساڵ) کراوە و ساڵانە شیعە یادی چلەی کوژرانی ئیمام حوسێن دەکەنەوە، ئەم بابەتە هەندە ئاشکرایە و دەهان وتاری لەبارەوە هەن.

پاشان چەند وشەیەکی لێکداوەتەوە و رەگەکەیانی گەڕاندۆتەوە بۆ وشەیەکی کۆن، بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکات برێک لەم وشانە لە بنەچەدا کوردی نین و لە زمانانی بیانییەوە وەرگیراون، وەک:

- سڵاوکردن: سڵاو- سەلام لە (السلام علیکم)ەوە هاتووە و وەک چۆن (تمام)ی عەرەبی دەبێتە تەواو- تەڤاڤ، ئاوهاش (سلام) دەبێتە سڵاو- سڵاڤ، کەچی

دەیگەڕێنێتەوە بۆ بنەچەی (silim)ی سۆمەری و وشەی (خاسی) واتا باشی دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەچەی چەند وشەیەکی هیتی و سۆمەری و لۆڤی.
- بەگ وشەیەکی تورکییە و پێش هاتنی تورکە سەلچوقەکان لە کوردستان بەکار ناهات و ناکرایە پاشناو و ناسناوی میرانی کورد.
- شەمال: ناوی ئەم بایە فێنکەی هاوینان لە شیمال(شمال)ی عەرەبیەوە وەرگیراوە، چونکە لە شیمال- باکورەوە هەڵ دەکات، نالی دەفەرموێت:" گەردی شیمال و گێژی جەنوب و کزەی دەبور"(دیوانی نالی، ل١٧٧). کەچی ئەو دەیباتەوە سەر (Sumalia)ی خوداوەندی چیای کاشییەکان، بە هەمان دەستور وشەکانی مەن، کرمی ددان، شلکێنەی شی کردۆتەوە (ل٥٨- ٦٢).

**٩- ژنی کورد :**

لە هەردوو کتێبەکەیدا، چەند لاپەڕەیەکی پڕ کردۆتەوە لەمەڕ ژنانی کورد کە لای هەمووان ناسراون (کورد کێیە، ل٣٣٨- ٣٥٠، مێژووی بزر، ل٩٣- ١١٨)، تا ئازادی و سەربەستییان بکاتە بەڵگەیەک بۆ گرێدانی کۆمەڵگای نوێ و هاوچەرخی کورد بە کۆمەڵگای گەلانی دێرینی کوردستان و میزۆپۆتامیاوە و دەیەوێت پێمان بڵێت کە چونکە کورد رێزی ژن دەگرن و ئازادی و شکۆداریی بۆ دابین دەکەن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کورد نەوەی ئەو گەلانەیە و میراتگری کولتور و دابونەریتیانن و پێی وایە "لایەنی کولتوری پەیوەست بە یەکسانی جێندەری -نێوان ژن وپیاو- و بوونی یاسای مرۆڤ دۆستی"، یەکێکە لە ئاماژەکانی پەیوەندیی سۆمەری، هیتی، گووتی، ماد و باپیرەکانی تری کورد لەگەڵ کوردی ئەم سەردەمەدا" (ل٩٣).

**١٠- گەڕاندنەوەی ناوی چەند ئاوەدانییەک بۆ زمانی سۆمەری:**

لە درێژەی کۆششی بۆ بەستنەوەی کورد و سۆمەری، بە کەیفی خۆی و بێ گوێدانە ڕێساکانی ئیتمۆلۆژی، ناوی هەندێک شار و گوندی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەکات بە سۆمەری، ڕەگی ناوی شارۆچکەی(کوار)ی وڵاتی هەکاری کە (العمري) ناوی هێناوە[1]، گەڕاندۆتەوە بۆ وشەی (کور)ی سۆمەری (کورد کێیە، ل٣٣٤) و شاری ئۆرشەلیمی پایتەختی ئیسرائیل دەخاتە چوارچێوەی کوردستانەوە تا بیکاتە هاوناوی شاری (ئور)ی سۆمەری و هەروەها پێی وایە ئوربیلیۆم و ئەربائیلا ناوی ڕەسەنی شاری ئەربیل نین، بەڵکو ئوربالا ناوی سۆمەریی شارەکەیە بە واتای شاری باڵا- شاری بەرز(مێژووی بزر، ل٣٧، ٢٨١)، بەڵکو زۆربەی ئەو دێیانەی ناوەکانیان بە کوردی ماونەتەوە و نەگۆڕاون بۆ عەرەبی و فارسی و تورکی، لە بنەڕەتدا وشەی سۆمەری یان هوری، هیتی، میدی، مانەنایین، بەم پێیە، بنچینەی ناوی گوندەکانی کانی مانگا، بەرگەڵو، سەرگەڵو، گەلی عەلی بەگ، کانی سپیکە، بازیان دەگەڕێنەوە بۆ سۆمەری و ئەو زمانانە! (کورد کێیە، ل٣٣٢). چۆن دەکرێت کەسێک خۆی بە توێژەر بزانێت و بخوازێت قەناعەت بە بۆچوونەکانی بکەیت، لەخۆیەوە هەڵبستێت و ئەم ناوە کوردییە نوێ و پەتییانەت بۆ بگەڕێنێتەوە بۆ زمانانی سێ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر.

هەروەها ناوی کۆنە شارۆچکەی سۆمەری (کوثا) کە زێدی مەزندەکراوی پێغەمبەر ئیبراهیمە و ئێستا بە گردی ئیبراهیم (تل إبراهيم) دەناسرێت و دەکەوێتە دەستەچەپی ڕوباری فورات لە سنوری پارێزگای بابل و بە دووری نزیکەی ٤٠کم لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری حیللە، چ پەیوەندییەکی بە ناوی شاری (کوت) ەوە نییە کە ناوێکی نوێیە و چ ڕەگ و ڕیشەیەکی وای نییە و

---

[1] مسالک الأبصار، ٢٦٧/٣، القلقشندي، صبح الأعشی، ٣٧٧/٤.

ساڵی١٨١٢ز ئاوا کرایەوە و وا باوە ناوەکەشی وشەیەکی هیندی یان پورتوگالیە و لەم سەدانەی دوایی شوێنی ناوی واست (واسط)ی گرتەوە کە ئەویش هەندە دێرین نییە و لە سەدەی ١ک/٧ز بنیات نرا.

بۆ ئەوەی گۆتییەکان گرێ بدات بە خاکی سۆمەر و بە کوثای رەشەخاکی عێراق و زێدی ئیبراهیم و ئەو کوردانە وا لەوێ کردیانە ناو ئاگرەوە، (کوثا)ی بە کوت داناوە و گرێی داون بە گوتییەکانەوە و ئەمەشی بە پشتگیریەکی ئەو گریمانەیە داناوە کە کوت/کوثا/گووت/کورد، ئاماژەن بە هەمان خەڵک (ل٤٩- ٥٠، ٢٢٦).

دیارە لەمێژە خەریکی ئەم چەشنە راڤەکردنەیە و بە دووری نازانێت (کرمانج) لە (کوردمان جێ)ەوە هاتبێت وەک گوزارشتێک لە بەجێمانی بەشێکی کورد لە رەوەندەکان و نیشتەجێبوونیان. ئەرێ کوانێ کورد دەڵێت مان جێ، دەڵێت بەجێ مان!. ناوی کێوی بەرزی دەماوەندیش لە باکوری تەهران لە بنەڕەتدا زەماوەند بووە و فارس گۆڕیویانە بۆ دەماوەند، ناوی ئەلبورزیش بە شێوێنراو دەزانێت و پێی وایە راستەکەی(هەرە بەرزایەتی- ئەوپەڕی بەرزییە (مێژووی بزر، ل٣٧، کورد کێیە، ل٣١١، ٣٢٧، ٣٩٦- ٣٩٧).

# بەشی چوارەم
# چەند کێماسی و کەموکوڕییەکی گەورە

کتێبی (مێژووی بزر) جگە لە کێشەکانی میتۆد و بۆچوون و لێکدانەوەی نازانستی، پڕە لە خەوش و کەلێن و کەموکوڕیی دی و لە چ روویەکەوە بیگریت، هەڵدەگرێت قسەی لەسەر بکرێت کە زۆربەیان لە (کورد کێیە)ش بەرچاو دەکەون، ئێمە لەم بەشەدا لە چواریان دەدوێین کە پێمان وایە لاوازی و ئاستنزمی کتێبەکە دەسەلمێنن و گەواهین لەسەر ئەوەی کە دانەرەکەی لێکۆڵەر نییە.

## ١- دەستپاکیی زانستی:

پابەندی بە دەستپاکیی زانستی و راستگۆیی لە ئاماژەدان بە سەرچاوەی زانیاری و هەواڵەکان و پاراستنی مافی مەعنەویی دانەرانی پێشوو، لە ئەرکە بەراهییەکانی توێژەرە و پێویست ناکات لەسەری بڕۆین. بێگومان کاک سۆران لەم ڕووەوە تا رادەیەکی پەسند دەستپاکە و لە راپەڕاندنی ئەم ئەرکەدا کەمتەرخەمیی وای نەکردووە و کەم بڕگە و لاپەڕەی هەردوو کتێبەکەی هەن بێ پەراوێز و سەرچاوە بن با سەرچاوەی یەکەمیش نەبن، هاوکات کەسانێکیش هەن گوێ بە هیچ پرەنسیپێک نادەن و بێ سڵکردنەوە رەنجی ئەم و ئەو دەڕفێنن و ئەو بەخۆی گلەیی لەم دیاردە دزێوە دەکات: "... هەندێک خوێنەر و کەسانی پسپۆڕ و خاوەن دکتۆرا پێشتر کارەکانیان کۆپی کردووم بە ناوی خۆیانەوە" (لxiii)، خۆزگە بە بەڵگەوە ئەم ناهەقی و ماڵخورانەی دەسەلماند و ناوی ئەو ناپاکانەی دەزڕاند، منیش لێرە هەمان گلەیی ئاراستەی خۆی دەکەم، بەڵام بە بەڵگەوە:

**أ- ئاساگی سۆمەری و ئەژدەهاکی نەورۆز:**

ئەساگ- ئاساگ لە تێکستە سۆمەرییەکاندا، وەک تارمایی و کەتەدێوێکی ناقۆڵا و شەڕانگێز و دوژمنی سەرسەختی خەڵک و خاکی سۆمەر وێنا کراوە، لە کتێبی (نەورۆزی کوردستان لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو) کە نەورۆزی ٢٠١٧ بڵاوم کردەوە، بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەک کە لێرە لابراون، دەربارەی ئاساگ- ئەساگ و پەیوەندیی بە ئەژدەهاکەوە وتوومە:

"لە پاشماوەی نوسراوە سۆمەریەکاندا، سێ ئەفسانە ماونەتەوە سەبارەت بە کوشتن و سەربڕینی ئەژدیها و یەکێکیان وەك بەشێك لە داستانی گلگامش تۆمار کراوە. لە ئەفسانەیەکی دییاندا، ئەژدیها پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئەژدیهاکەی لەمەڕ نەورۆزەوە هەیە، واتا ئەوەی لەلای عەرەب بووە بە زوحاك و ناوی بە شێوەکانی: ئەساج، ئەساگ، ئاساگ، ئەساگۆ خوێندراوەتەوە و لە دەقێکدا کە لە شەڕی دژی گۆتییەکان دەدوێت، ناوی براوە. زانای ئەڵمانی د. أ. ئیدزارد (١٩٣٠-٢٠٠٤)، سەبارەت بە ناسینی ئەساگ- ئەژدیهاك دەڵێت: "ئەساگ دێوێکی سۆمەرییە و لە زمانی ئەکەدیدا ناوی بووەتە ئەساگۆ، لە بنەڕەتدا بەرپرسیار و هۆکاری پەتا و نەخۆشی بوو، پاشان کرایە دێوێکی دوژمنی وڵاتی سۆمەر کە لە کێوەکان دەژیا و خوداوەندەکانی وەك ئینەننا و نینۆرتا، هێرشیان دەکردە سەری" [1]، هەروەها لە هەندێك دوعا و نزا و پاڕانەوەی سیحراویدا، باسی شەیتانی ئەساگۆ کراوە.

ئێمە وای بۆ دەچین کە زوحاك- ئەژدەها- ئەزی دهاکە، هەر ئەساگ- ئەساگۆی سۆمەرییە کە بەرجەستەکەری ئەو ترس و گەف و دوژمنایەتیە بوو کە لە چیا بەرز و سەرکەشەکانی کوردستانەوە سەرچاوەی دەگرت و دەبووە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی مرۆڤی وڵاتی سۆمەر و چارەنوسی خۆی و

---

[1] قاموس الآله والأساطير، ص١١٧.

شارستانیەتیەکەی دەخستە مەترسیەوە، وردتر بڵێین هەر چیاکانی کوردستان و گۆتییەکانن، ئەساگۆی سۆمەری و زوحاکی لەمەڕ نەورۆز. لە راستیدا مەرج و پێویستیەکانی بەرجەستکردنی ئادەمی و سروشتیی بیرۆکەی ستەمکار و زۆردارێکی وەك ئەساگۆ و زوحاك لە کوردستان هەبووە و گۆتییەکان لای سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و بابلییەکان، هاوچەشن و هاوڕەفتاری زوحاکی نێو ئەفسانەی نەورۆزن، هەروەها توانەوەی بەفری چیاکانی کوردستانیش هاوشێوەی زوحاك، گەف و هەڕەشە بوون بۆسەر دانیشتوان و ئاوەدانی و شارستانیەتی عێراقی کۆن.

ئێمە لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێمان وایە کە مەبەست لە دێوی ئەساگ- ئەساگۆی سۆمەری و ئەکەدی، هەر چیاکانی کوردستان و دانیشتوانەکەیەتی لە گۆتییەکان و لۆلۆییەکان و هەمان ئەژدیها- زوحاکەکەی لەمەڕ نەورۆزیشە[١].

کاک سۆران لە کتێبی یەکەمی و لە وتار و سیمینار و دیدارە کۆنەکانی، بە هیچ شێوەیەک باسی ئەم دێوە و پەیوەندیی بە ئەژدەهاکی لەمەڕ نەورۆزەوە ناکات و زۆر لەوە دەچێت هەر بە بوونی نەزانیبێت و ئاگای لەم لێکچوونە نەبوو بێت، ئەگەرنا ئەوا لە دیدارەکەی کەناڵی (کوردسات)ی کە نەورۆزی ٢٠١٧ بۆی سازدراوە و لە یۆتیۆبەکەی خۆیشی پەخش کراوەتەوە، باسێکی دەکرد (بڕوانە: گفتوگۆیەک سەبارەت بە مێژووی جەژنی نەورۆز ٢٦ /٢٠١٧/٣)[٢]، تەنانەت لە (کورد کێیە، ل٢٢) بە کورتی باسی ئەستیاگی دوا

---

[١] نەورۆزی کوردستان، ل٢٤- ٢٥، ٥٧- ٥٨.

[٢] لەم دیدارە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لە نەورۆز و پاڵەوانەکانی دەدوێت و هیچ باسی ئەساگ و خوداوەندی نینۆرتای سۆمەری ناکات.

شاهی مادەکان دەکات و دەڵێت لەوە دەچێت ناوی لە بنەڕەتدا (هەستیاو/هەستیاگ)ی کوردی بێت.

کەچی لە (مێژووی بزر)دا، بەزۆری ناوی ئاساگ دەهێنێت و بە خوداوەندێکی گرنگ و نوێنەری گۆتییە شاخنشینەکانی دادەنێت کە پێیان وابووە نەوەی ئەون و باسی شەڕەکانی دەکات لەگەڵ خوداوەند نینۆرتای سۆمەری، بگرە ئەم شەڕانە دەچوێنێت بە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی کاوە و ئەژدەهاک، کاوەی نەورۆز هەر نینۆرتای سۆمەرییە و ئەژدەهاکیش هەر ئەساگە و دەیکاتە بنەمایەکی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز، بەکاریشی دەهێنێت بۆ سەرەداوی روونکردنەوەی هۆکاری کێشە و ململانێی گۆتی- سۆمەری و هەر بە ئەستیاگ- زوحاک- ئەژدەهاکی لەمەڕ نەورۆزیشی دەزانێت (ل٦٥- ٦٩، ٨٣-٨٤، ١٢١- ١٢٢، ٢٢٣).

لێرە پرسیارە ئەوەیە، بۆ پێشتر و بەر لە دەرچوونی کتێبی (نەورۆزی کوردستان) نەگەهیشتبووە ئەم بەستانەوە و لێکدانەوەیە؟، ئەگەر لە ڕێی کتێبەکەی منەوە بەمەی زانی، ئەدی بۆ لە پەراوێز ئاماژەی پێ نادات، ئەگەر نکوڵیش دەکات، ئەدی مەبەستی کێیە لە "زۆر لە توێژەرانی ئەم سەردەمە ئەو ناوە بە هەڵە و بە دەستەواژەیەکی ناوزڕاندن دادەنێن کە لەلایەن خەڵکی مێسۆپۆتامیاوە بۆ ئەوان بەکار هاتبێت..." (ل٦٥، پ١) ئەگەر من نەبێت، نەمزانیوە توێژەرێک بەر لە من بەوردی و درێژی لەمبارەوە ئاخافتبێت. ئەگەر پێش نەورۆزی ٢٠١٧ شتێکی هەیە با بفەرموێت بیخاتە ڕوو.

### ب- چیرۆکی (الجلندي بن كركر):

ئەرێ چۆن بە چیرۆکی جولندی- جولوندی کوڕی کورکور؟ (الجلندي بن كركر)ی زانی کە شاهێکی ئەفسانەییە و بە باپیرەگەورەی میرانی هەدبانی دانراوە و شاعیرێک بە ناوی (مسهر) لە شیعرێکدا ئەمەی درکاندووە و ئەم

شیعره لە ستایشی میر ئەبوهەیجائی هەدبانی خودانی هەولێر هۆنراوەتەوە؟ لە کوێ خوێندیەوە کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا وەک شاهێکی ئەفسانەیی باس کراوە و لە هەموو تەفسیرەکاندا بەو شاهە ستەمکارە لەقەڵەم دراوە کە لەمیانەی چیرۆکی خدری زیندە و پێغەمبەر موسا، لە سورەتی (الكهف/٧٩) باس کراوە؟ چۆن بیستی کە کوردناسی ئەڵمانی ئۆسکار مان (١٨٦٧- ١٩١٧) دەقێکی ئەم ئەفسانەیەی لە (تحفه مظفريه) تۆمار کردووە و شوێنەواری قەڵای جولندییش لە نزیک شاری سلێمانی ماوە (ل٢٨٧، پ٣، ٣٢٧- ٣٢٨). بۆ ئاماژە بەو توێژەرە نادات کە گشت ئەم شتانەی لە سەرچاوەکانەوە هێناوەتەوە و تەنها ناوی هەمان ئەو سەرچاوانە دەبات؟ ئەی بۆچی تەنها ئەو زانیارییانە دەڵێتەوە کە من لە (کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست) هێناومنەتەوە و هی دیی نەهێناوەتەوە کە لە سەرچاوی دی هەن و من پاشتر بەرچاوم کەوتن و لە چاپی دوهەمدا کەڵکیان لێ وەردەگرم؟

تکا لە خوێنەران دەکەم، ئەم زانیارییانە بەراورد بکەن لەگەڵ بابەتی (ئەفسانەی جولندی لە دیرۆک و فۆلکلۆری کوردیدا) لە کتێبی (کۆمەڵگای کوردەواری، چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر: ٢٠١٤)، ل٢١٠- ٢٢٠)، ئەوجا بڕیاری خۆیان بدەن.

### ج- کێشەی نێوان دێنشینان و رەوەندەکان:

کێشە و هەڤڕکیی دژواری نێوان خەڵکانی نیشتەجێ و هۆزە کۆچەرەکان، دیاردەیەکی کۆن و رەگداکوتاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، با زۆر دوور نەڕۆین و عەرەبستان و کوردستانیش لەم دیاردە نەرێنیە بەدەر نەبوون، لە عێراق هۆزە کۆچەرەکانی بیابان هەرگاف فشاریان دەخستە سەر شار و گوند و ئاوەدانییەکان و د. عەلی وەردی (١٩١٣- ١٩٩٥) لە کتێبی (دراسة في طبيعة المجتمع العراقي) لەم مژارەی کۆڵیوەتەوە. لای خۆمانیش هۆزە رەوەندەکان

دەمێک لە چیاکانەوە شۆڕ دەبوونەوە یان لەمیانەی رایەڵەی بەردەوامیان لە نێوان زۆزان- کوێستان و گەرمیاندا، سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە و دەستیان لە موچە و شکارتە و کاتە و شینایی دێنشینان- گۆران نەدەپاراست، دیارە پێش من کەسانێک لایان لەم دیاردەیە کردۆتەوە، با ناڕاستەوخۆ و بەکورتییش بێت، لەوانەش خودی کاک سۆران (کورد کێیە، ل٣٢٣- ٣٢٨). منیش لە (کۆمەڵگای کوردەواری، ل٧٨- ٨٥)، بە پشتبەستن بە ئاخافتنی گەڕۆکە شەیاتحاڵەکان و پەیڤەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی، بەدرێژی لەم دیاردەیە دواوم.

لە (مێژووی بزر)دا زۆر زیاتر جەخت لەم دیاردەیە کراوەتەوە بە شێوەیەکی بەدەر لە زانست و مەنتیق، شەڕ و ململانێی سۆمەری- گۆتیی پێ لێکدراوەتەوە. باسکردنی ئەفسانەی جولەندی لەم کتێبەیدا، سەلمێنەری ئەوەیە کە بەڕێزی ئەو کتێبەمی خوێندۆتەوە، دیارە لێرەش بۆ چەسپاندنی ئەم دیاردەیە کەڵکی زۆری لێ وەرگرتووە بێ ئەوەی وەک سەرچاوەیەک ناوی ببات: " ناکۆکی نێوان کوردی چیا...دژی جوتیاری نیشتەجێی خاکە تەختاییەکانی کوردستان هەتاوەکو سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو"، ئەوجا لە (ل٧١) و (ل٢٢٣) و لە پەراوێزی (٢) ئەم لاپەڕەیەدا، هەمان ئەو ئاخافتنانەی بایەزیدی هێناوەتەوە کە من هێناومنەتەوە و پشتم پێی بەستاون، کاک دەشتی مەحمودیش بەر لە خۆم باسی ئەم پشت پێ بەستنەی کردووە [١].

---

[١] رەخنەی مێژوویی، ل١٨٠.

## ٢- ئاناكرۆنیزم:

ئاناکرۆنی، پەیڤێکی لێکدراوی یۆنانییە و لە دوو بڕگە پێک دێت: ئانا واتا بەبێ شتێک، بەدەر لە شتێک و کرۆن- کرۆنی، واتا دەم، ساڵ و کرۆنیکا واتا بەڵاڤۆکی ساڵانە (حولیات)، زاراوەی ئاناکرۆنیزم (Anachronizm) کە لەم پەیڤەوە داڕێژراوە، بەواتای شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی مژارێکی رابردوو و لێکدانەوەی هزر و بیرکردنەوەی کەسێکی پێشین بێ رەچاوکردنی گۆڕانی دەم و رۆژگار و پشتگوێخستنی جیاوازیی سەردەم و تەماشکردنی جاران بە چاوی ئەمڕۆ و سەپاندنی تێگەهیشتنی هەنوکەیی کەسەکە بەسەر رەوش و دۆخێکی بەسەرچوودا، لەبەر تەشەنکردنی ئەم دیاردەیە و هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر بزاڤی تۆمارکردنی مێژوو، بە تەڵەی ئاناکرۆنیزم (فخ الأناكرونية) وەصف دەکرێت [1].

ئەم تەڵەیە لای خۆمان بۆتە پەتا و بە شێوەیەکی ترسناک لەناو توێژی کۆڵکە رۆشنبیران و خوێندەوارن خەراپ تەشەنەی کردووە و خەڵکانی بەناو توێژەر و کەسانی نائەکادیمی و نائاشنا بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، کەم و زۆر و بە رادەی جیاواز، گیرۆدەی ئاناکرۆنیزم دەبن و هەر ماوەیەک یەکێک راست دەبێتەوە و دەلیڤە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا زۆروزەبەندەکانی راگەیاندن و چاپەمەنی وەردەگریت و بە پێخواسی بەناو دەکەوێت و باژۆ دەشتە ئاسا، بە چەپ و راستدا و چۆن ئارەزوو بکات، ئەوەها شرۆڤەت دەرخوارد دەدات و لێکدانەوە و تیۆرت پێ دەفرۆشێت. لای ئەمانە مێژوو ئەوە نییە کە هەبووە و هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە خۆیان گەرەکیانە.

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ: **Dictionary. Cambridge.org** و چەندین وتار لە ماڵپەڕە فەرمی و باوەڕپێکراوەکان.

یەکێک لە پرسە پڕ سەیروسەمەرەکانی کتێبی (مێژووی بزر) ئەوەیە کە دانەرەکەی بەتەواوی کەوتۆتە داوی ئاناکرۆنیزمەوە و نەشیاوە خۆی لێ دەرباز بکات و ئەمەش بەرووونی لە پەڕە بەپەڕەی کتێبەکەی رەنگی داوەتەوە، بە رادەیەک وای لە کورد کردووە لە شەڕکردن، ناتەبایی و شەری ناوخۆیی، جیاوازیی زارەکانی زمانەکەی، دەوڵەتداری و سیستەمی بەڕێوەبردن، کتێب دانان، گۆرانی چڕین، کۆچکردن و گیرسانەوە، ئەسپ بەخێوکردن و پوتەدان بە چاندن، تەنها رۆبۆتی گەلانی دێرینن بەتایبەت سۆمەری و کتومت ئەوان دوبارە دەکاتەوە (بڕوانە ل٢٣٩). لە بەشی سێهەم نموونەگەلێکمان هێنایەوە و لێرەش هەندێکی دیان دیار دەخەین:

أ- لە ژمارەیەک میر و سەرکردە و زانای کورد دەدوێت کە لە سەردەمی ئیسلامی ژیاون و موسڵمانی دیندار بوون و وەک هەزاران کەسایەتیی دیی رۆژگاری خۆیان، رۆڵیان لە بوارێک گێڕاوە، لە دامەزراندنی دەسەڵاتداری، شەڕوشۆڕ و فراونخوازی، دانانی کتێب، بەشداری لە زانستێک و بەم کارانەیانیش چوونەتە ریزی ناودارانەوە. بەڕێزی ئەمانەی لە هەست و نەستی راستەقینەی خۆیان شۆردۆتەوە و کردوونی بە داشی دەستی خۆی و بە ویست و حەزی خۆی دەیانبزوێنێت و خۆی چۆن بیر دەکاتەوە، ئەوانیش رێک ئاوەها بیر دەکەنەوە و دەجولێنەوە. گوایا یادگاری و سەروەرییەکانی کوردی باوانیان لە دڵ و مێشکیان سەری دەکرد و هەست و سۆزی نەتەوایەتییان دارماڵ بوو، کەم لاپەڕەش هەن ئەم چەشنە شێواندن و چەواشەکارییە لەخۆ نەگرێت و هەر یەکێکیانیش دەگرێت لەکۆڵی نابێتەوە و ناوبەناو دەیڵێتەوە، ئەمەشی تەنها لەپای ئەوەیە کە بێ هیچ بەڵگە و لۆژیکێک، پێمان بڵێت ئەم کەسایەتییانە، کوردپەروەری عەیار بیست و چوار بوون و کوردایەتییان لێ دەچۆڕا و داهێنانەکانی باب و باپیرانی خۆیان لە سۆمەری، هیتی، هوری، گۆتی، لۆلۆیی، میدی لەبیر نەدەکرد و هەردەم لە یادەورییان زیندوو بوون و

شانازییان پێوە دەکردن و هاوشێوەی ئەوان، گورج هەڵسوکەوتیان دەنواند و داهێنان و کار و کردەوەیان ئەنجام دەدا. ئەمە بێ ئەوەی چ حیسابێک بۆ ئەو گریمانە و تیۆرانە بکات کە لەبارەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی و نەتەوەخوازییەوە هەن.

بێگومان ئەم کوردانە، رۆڵەی رۆژگاری خۆیان بوون و بەپێی هەلومەرج و ئاڵنگارییەکانی ئەو رۆژگارە هەڵسوکەوتیان دەکرد، رۆژگارێک کە بیری نەتەوەخوازی و کوردایەتی هەرگیز لەگۆڕێدا نەبوو و کوردبوون، عەرەببوون، تورکبوون...هتد، نەدەکرایە بنەما بۆ سیاسەتکردن و بنیادنانی دەسەڵات و دەوڵەتداری، باشە ئەگەر ئەمانە ئاوەها کوردپەروەر بوون، ئەدی بۆچی هیچ کامیان ڕا نەبوون کوردستان رزگار بکەن و یەکی بخەن و دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکەیان دامەزرێنن، ئەوەی لافی هەبوونی هزری نەتەوایەتی دەدا لەو رۆژگارە، کەسێکی تەواو بێئاگایە لە رەوتی پێشکەوتن و گۆڕانی مێژوو.

ب- کوردستان لانکەی شۆڕشی کشتوکاڵییە و گریمان ئەمە وایە، بەڵگەی کردارییش لە سەردەمی ئیسلامی هەن پشتگیری لە هەمان بۆچوون دەکەن کە چۆن کورد بایەخی چاندن و ئاودێری داوە و "پێشڕەو بوون"، ئەوەتا ئەبوحەنیفەی دینەوەری کتێبی (النبات)ی داناوە و زانا (ابن الرزاز الجزري: م٦٠٣ک/١٢٠٦ز؟) کتێبی زانستیی (الجامع بين العلم والعمل)ی داناوە و ئیبن وەحشیەش دوو کتێبی کوردیی دەربارەی کشتوکاڵ وەرگێڕابوو (ل٤٦- ٤٧، ٧١، ١٤٥)، بە قسەی ئەو ئەم زانایانە لەژێر کاریگەریی پێشەنگیی باوباپیرانیان لە بواری کشتوکاڵدا، بایەخیان پێ داوە، بێئاگا لەوەی کە سەدان

زانای دیی ناکورد بایەخیان بە هونەرەکانی چاندن و رووەکناسی داوە و کتێب و ناملیکەیان لەبارەوە داناوە[1].

کاک سۆران ئەم کتێبەی دینەوەریی نەخوێندۆتەوە و تەنها ناوەکەی بەرگوێ کەوتووە، بۆیە وەک کتێبێکی زانستی بە شانوباڵیی هەڵدەدات، راستت دەوێت ئەم کتێبە کە زۆربەی تێکستی ئۆرگیناڵی فەوتاوە و ئەوەندە هەیە زانایانی دی کەڵکیان لێوەرگرتووە و بەشێکیان گواستۆتەوە نێو کتێبەکانیان، نە بەرهەمێکی زانستیی رووتە و نە سەبارەت بە زانستی رووەکناسیە، بەڵکو زیاتر کتێبێکی ئەدەبی و زمانەوانییە و سەبارەت بە ناساندنی ئەو گیا و رووەکانەیە کە لە عەرەبستان و عەجەمستان دەڕوێن و لە شیعری عەرەبیدا ناویان براوە، لە سەردەمی جاهیلیەوە تا رۆژگاری دانەر و شیعری (١٠٧) شاعیری عەرەبی سەبارەت بە رووەک بە نموونە هێناوەتەوە و چەند جارێک دەڵێت لە ئەعرابی- عەرەبێکی کۆچەریم پرسی و وەڵامی دامەوە و ئەو بەشانەی وا ماون و بڵاو کراونەتەوە، چ پەیوندیەکییان بە دیرۆکی کوردستانەوە نییە[2]. لە (کورد کێیە، ل٢٩١) لاپەڕەیەکی دەسخەتێکی وێنەداری داناوە کە وێنەی دوو پیاو نیشان دەدات خەریکی باخدارییین و بە پەڕەیەکی کتێبی (النبات) ناساندویەتی، بێگومان ئەم پەڕە دەستخەتە ساختەیە و چ پەیوەندیی بەو کتێبەوە نییە.

ج- گەڕیدە (مسعر بن مهلهل: م٣٩٠ک/١٠٠٠ز)، حەکایەتێکی ئەفسانە ئامێزی خەڵکی باژێڕی دزدانی شارەزور دەگێڕێتەوە کە وتوویانە (طالوت) لە

---

[1] بڕوانە: گورگیس عواد، مصادر النباتات الطبية عند العرب، المجمع العلمي العراقي (بغداد: ١٩٨٦).

[2] بڕوانە: كتاب النبات، ج٣ والنصف الأول من ج٥، تحقيق برنهارد لڤين، دار القلم (بيروت: ١٩٧٤)، پێشەکیی کتێبی (الأخبار الطوال، صفحة ز).

زێدی ئەوانەوە پەیدابوو و هاوکاریی بەنو ئیسرائیلی کرد و بەسەر (جالوت)دا سەرکەوت و ئەوانەی بەسەر باژێڕەکە زاڵن خۆیان بە نەوەی ئەم پاڵەوانە دەزانن[1]. ئەم ئەفسانەیەی بەستاوە بە چوونی شاهەکانی ئەدیابنا- حدیاب- هەدەبان کە لەسەر ئایینی جولەکە بوون بۆ ئیسرائیل (سەدەی یەکەمی زایینی)، تا هاوکاری جووەکان بکەن لە شەڕی دژی دەوڵەتی رۆم، گوایا کوردەکانی شارەزور تا سەدەی ٤ک/١٠ز یادەوەریی ئەو بەهاوارەچوونەی ئەدیابینایان لەیاد نەکردووە و (طالوت)ی باپیرەگەورەیان لەو هەدبانیانە بووە (ل٢٨٠- ٢٩١). لە دەمێکدا شاهانی ئەدیابینا راستەوخۆ حوکمی شارەزوریان نەدەکرد و کێش هەیە ئاگای لە چیرۆکی (طالوت وجالوت) نەبێت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەهەمی پێش زایین، نەک ئەوەندە، بەڵکو چوونی سەلاحەدینی ئەیوبیش بۆ شام و میسر هەر دوبارەکردنەوی ئەو هەڵوێستەی ئەوانە.

دەفەرموو، ئەو (طالوت)ەی کە کوردە موسڵمانەکانی شارەزور لە سەدەی ٤ک/١٠ز پێی ئاشنا بوون و خۆیان بە نەوەی ئەو دەزانی، ئەوە نییە کە سەربوردەی لە قورئان هاتووە، بەڵکو شاهێکی ئەدیابنا- هەدبانییە و چووە بەهاوار بەنو ئیسرائیلەوە!.

د- ئەسکەندەری مەکدۆنی بەپێی ئەوەی جیهانگیرێکی ناسراوە و شاڵاوی هێناوە بۆ سەر رۆژهەڵات و لە قورئانیشدا ناڕاستەوخۆ باسی بەسەرهاتی لەگەڵ گەلی (یەئجوج و مەئجوج)کراوە، لە جیهانی ئیسلامی تەواو ناسراو بوو، بۆیە ئاساییە ئەگەر سەرچاوە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکان، بە کورتی یان بە درێژی دەرهەقی بدوێن و پێیدا هەڵدەن، ئەمەش بەگوێرەی زانیاریی خۆیان کە ئەو دەمانە لەبارەیەوە لەئارا بوون، نەک تەواو هاوشێوەی ئەوەی لە

---

[1] الرسالة الثانية، ص١١- ١٢.

سەرچاوە یۆنانیەکان هاتووە، لەوانەش شەمسەدینی شارەزوری (م: پاش ٦٨٧ک/١٢٨٨ز) کە نزیکەی (٣٥) لاپەڕەی لە کتێبەکەی بۆ تەرخان کردووە و بە چەند پەیڤێکی کورت پەسن و ستایشی دەکات و وەک مرۆڤێکی دیندار و خوداناس و پێگیر بە شەرعی خوداوە وێنای دەکات[1].

ئەم ستایشەی شارەزوریی وا لێکداوەتەوە کە گوایا بەهۆی ئەوەوە بووە کە ئەسکەندەر، روخێنەری دەوڵەتی هەخامنشیی فارس و رزگارکەری پارچەیەکی خاکی میدیا بووە: "ئەو روانگەیەی کە ئەلیکسەندەر بە رزگارکەر دابنرێت لە بۆچوونی کورددا لە سەدەی دوازدەی زاییندا- هەڵەیە راستەکەی سێزدەی زایینیە- رەنگی داوەتەوە، زانای کوردی شارەزوری لە کتێبەکەیدا... ئەلێکسەندەری وەکو پیاوێکی زانا، راستگۆ، چاک و دادوەر وێنا دەکات" (ل٢٧٤، کورد کێیە، ل٢٥). بەڵام خۆی لەوە بێئاگا کردووە کە شارەزوری ژیاننامەی دەهان زانا و فەیلەسوف و کەسایەتیی دیکەی یۆنانی تۆمار کردووە و ستایشی کردوون.

ئەرێ چی لەوە سەیروسەمەرەتر هەیە وا دابنێیت کە زانایەکی کوردی موسڵمانی سەدەی ٧ک/١٣ز ئەگەر بە چوار پێنج وشە ستایشی ئەسکەندەر بکات کە ١٦٠٠ ساڵ پێش خۆی ژیاوە و بڵێت رەوشت جوان و ئازا و بوێر بوو لە جەنگدا[2]، لەبەر ئەوەی بووبێت ناوبراو دەوڵەتی هەخامنشی لەناو برد و بەشێکی وڵاتی میدیای رزگار کرد، چونکە زانیویەتی مادەکان کوردن و وڵاتەکەیان پارچەیەکە لە کوردستان و هەخامنشییەکان داگیریان کردووە، ئەرێ دەبێت لەم کوردستانە کەسێک هەبێت ئەقڵی ئەم سیناریۆیانە ببڕێت؟.

---

[1] نزهة الأرواح وروضة الأفراح، ص٢١٧- ٢٥٢.

[2] "لطيف الخلقة ... وكان شجاعا جريئا على الحروب"، نزهة الأرواح وروضة الأفراح، ص٢٣١.

به هەمان شێوە هەر دەقێکی دەست بکەوێت، وەک هەویر دەیشێلێت و دەیکات بە بوکەڵەی دەستی خۆی و گەمەی پێ دەکات و وا شیی دەکاتەوە، ئەو واتا و مەبەستە بپێکێت کە خۆی دەیخوازێت، یان چەند جارێک ئەگەر گەڕۆکێکی سەردەمی خیلافەی ئیسلامی- سەدەکانی ناوەڕاست، باسی رەفتارێکی کورد بکات، ئەوا بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی زۆری سەردەم و رۆژگار، یەکسەر دەیبەستێتەوە بە رەفتارێکی گەلە کۆنەکانی میزۆپۆتامیاوە، ئەم حاڵاتەش کەم نین و تەنها هەندێکیان دەهێنینەوە:

هـ- مەسعودی باسی ئەو هەرێم و دەڤەرانە دەکات کە کوردی تێدا دەژیت یان کوردە رەوەندەکان تێیدا بڵاو بوونەتەوە، لەوانەش ناوچەکانی (الثغور) و ئەمە قسەی گەڕۆکێکی عەرەبە نەک بۆچوونی ئەو رەوەندانە و ئەو ناڵێت لەوێ زیاتر نارۆن، بەڵکو دەڵێت لەوێ و چەندین هەرێمی دی هەن. (الثغور)یش واتا کەوشەن و خاڵە سنورییەکانی نێوان خەلافەی ئیسلامی و دەوڵەتی بیزەنتی کە دەکرێت بڵێین لە شاری مەڵاتیاوە دادەکشا تا کەناری دەریای سپیی ناوەڕاست و هێزی لەشکریی پێویستیان تێدا جێگیر دەکرا، دیارە لەبەر پرسی باج و شەڕوشۆڕ و ئاڵۆزیی ناوچەکە، رەوەندانی کورد بە سانایی نەدەشیان ئەم کەلێنە سەربازییانە ببڕن و بچنە تخوبی دەوڵەتێکی ناموسڵمانەوە.

کاک سۆران بە شێوەیەکی زۆر عەجیب و غەریب ئەم ئاخافتنەی مەسعودیی لێکداوەتەوە، ئەم کوردە رەوەندانە کە تەنها خەمی پەیداکردنی بژێویی ژیان و دابینکردنی لەوەڕگایان هەبووە، وای لێ کردوون هاوشێوەی خۆی و وەک کەسێکی سەدەی بیست و یەک بیر بکەنەوە و ناسیۆنالیستێکی پڕ زانیاری و یادەوەری بن، گوایا بۆیە تا ئەوێ چوونە، چونکە زانیویانە ئەوێ سنوری نێوان دوو دەوڵەتی هەزارە دوهەم (هوری و هیتی) و دوو دەوڵەتی دیکەی هەزارە یەکەمی پێش زایین (میدی و لیدی)ی ناوچەکە بووە،" ئەوە

رێک ئەو سنوورەیە کە لە نێوان هیتی و میتانی (هوری)ەکاندا بووە و لە لایەن هیرۆدۆتەوە ئاماژەی پێکراوە بە رووباری هالیس، وەکو سنووری نێوان ماد و لیدیەکان. هەمان سنوور، کورد بە سنووری خۆیان لەگەڵ یۆنانیەکاندا دایانناوە ( ل٨٠- ٨٢)، ئەم لێکدانەوەیەی لە (ل٢٣٨، ٢٦٩) دوبارە و سێبارە کردۆتەوە.

واتا ئەم رەوەندە کوردانە ئاگایی و شارەزایی تەواویان لە مێژووی ئەو چوار دەوڵەتەی هەزارەی دووەم و یەکەمی پێش زایین هەبووە و زانیویانە کوێ تخوبی نێوان دوو دەوڵەتی نەتەوەیی کورد و دوو دەوڵەتی ناکوردە، بۆیە سنووری نەتەوەیی خۆیان نەبەزاندووە (!). ئەمە جگە لەوەی کە خاڵە سنورییەکان (الثغور)، روباری هالیس- قزل ئیرماق ناگرێتەوە و نێوانیان سەدان کیلۆمەترە و ئەگەر سنووری نێوان هوری و هیتی و نێوان ماد و لیدی بە سنوری خۆیان زانیبێت، واتا هیتی و لیدی کورد نین! کەچی لە سەرپاکی کتێبەکە هیتی بە کورد دانراون و دەهان وشەی لیدیشی کردووە بە کوردی (کورد کێیە، ل٢٦٦- ٢٦٩).

و- لە کۆتاهی سەردەمی عەباسی و رۆژگاری پەلامارەکانی مەغۆل- ناوەڕاستی سەدەی٧ک/١٣زدا-، ولایەتی کوردستان وەک یەکەیێکی کارگێڕی دانرا و پایتەختەکەی کرایە قەڵای بەهار- وەهاری باکوری هەمەدان و سلێمانشاهی ئەیوائی- ئەیواقی تورکمان بە والیی دانرا، دیارە ئەمە تەنها کاروبارێکی رێڤەبەری بوو و چ نەخش و دەستی کوردی تێدا نەبوو، کاک سۆران بێ بەدواداچوون، ئەمەشی بەگەڕخستووە و گرێی داوە بە مادەکانەوە" رێکەوت نییە کە قەڵای بەهاری پایتەختی کوردستان دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی هەمەدانەوە، پایتەختی دێرینی ئیمپراتۆریەتی مادی (ل٧٩، بڕوانە ل٢٧٠، کورد کێیە، ل١٧).

ز- له بەشی دوازدەهەم و سێزدەهەم و سەروبنی کتێبەکەدا، هەر کە باسی دەوڵەتێکی کوردستانی دەکات، یەکسەر بە میراتگر و گرێدراوی دەوڵەتێکی پێشتری دەژمێرێت و لە دووسێ لاپەڕەیەکی پاشتر جەختی لێ دەکاتەوە، تا پێمان بڵێت گشت ئەم دەوڵەتانە، دەوڵەتی نەتەوەیی بوون و لە خەمی کوردایەتی بوون. بەم پێوەرە هەر یەک لە میتانی- هوری، مانەنا، میدی، ئەدیابینا- هدیاب، شەدادی و رەودای، سەلاحەدین و دەوڵەتی ئەیوبی باوباپیری ئەوەی پاش خۆیەتی و کورد پشتاوپشت شانازییان بە سەروەری و شکۆمەندیی باوانی خۆی کردووە و لەیادی نەکردوون و بێ دابڕان و بە هەمان سیستەمی کارگێڕی و شێوازی حوکمڕانی و کولتور، درێژەی بە حوکمی نیشتیمانی خۆی داوە (ل٢٤٧- ٢٥٠، ٢٥٦، ٢٥٩، ٢٦٩- ٢٧٠، ٢٧٣- ٢٧٤، ٢٧٩- ٢٨١، ٢٨٤، ٢٨٦، ٢٩٤- ٢٩٥).

ح- لە بەشی کۆتاهیشدا، بە هەمان شێوە وەک ئەناکرۆنیزمێک قسە دەکات و بێ هیچ بەڵگەیەک، بەردەوام میرانی کوردی سەردەمی ئیسلامی بە میراتگر و درێژەپێدەری دەسەڵاتی دەوڵەتە دێرینەکانی کوردستان و رۆهەڵاتی ناڤین دەژمێرێت، بۆ ئەوەی وایان دەربخات کە سەروەریی باوانیان لەیاد نەکردووە و ئەزموونی ئەوانیان دوبارە کردۆتەوە:

-"بناغەی دەسەڵاتی میرنشینە کوردیەکانی- ئازەربایجان- رەگێکی دێرینی هەبوو کە دەگەڕایەوە بۆ هەزارەی دوهەمی پ. ز... هتد" (ل٣٠٢).

- "قەڵەمڕەوی میرنشینی حەسنەوی هەمان ناوچەی سەرەکی وڵاتی میدیا بوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەژێر سایەی حەسنەویەکاندا، هێندە جیاواز نەبوو لەوەی سەردەمی مادەکان" و میر بەدری حەسنەویی بە دیاکۆی میدی چواندووە (ل٣١٤ وبڕوانە ل٧٨).

- "میرنشینی عەنازی- عەییاری لە ناوچەیەکدا دامەزرا کە هەمیشە لەلایەن باوباپیرانی کوردەوە وەک لولوبی و دواتر مادەوە حوکمڕانی کراوە" و

هەلومەرجی دەرکەوتنی عەننازی هاوشێوەی دەرکەوتنی لۆلۆبیەکان بوو (ل١٢٥، ٣١٩- ٣٢٠).

- "میرنشینی هەزەبانی بەردەوامیی شانشینی ئەدیابینە بوو و شادیی باپیری سەلاحەدین بەو پێشینەی باوباپیرە مادی- میدییەوە لەگەڵ دوو کوڕەکەی چوون بۆ بەغدا و دواتر تکریت" و چەند جار جەخت لەم پەیوەندییە کراوەتەوە (ل٢٣٩، ٢٤٧، ٢٩٥، ٣٢٦، ٣٣١- ٣٣٣).

- ناوی میر باد- پادی کوڕی دۆستەک لە سەرچاوەکاندا بە (باذ) دێت[1]، ئەویش (باز)ی لا راسترە، کە وێڕای ئەوەی لە کوردی ناوی جۆرە باڵندەیەکی راوکەرە، پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەم ناوە پەیوەست بێت بە ئاگاداریی ئەو میرە بە پادشا مەنوبازی هەزەبانیی باوباپیرانی(ل٣٢٢، پ١). دەوەرە ناوی میرێکی سەدەی ٤ک/١٠ز، لە باد- باذەوە بکەیت بە باز و ئەوجا پەیوەستی بکەیت بە ناوی میر مەنوبازی ئەدیابینە- هەولێری سەدەی یەکەمی زایینی.

- "ئیمپراتۆریەتی ئەیوبی، پەیڕەوی هەمان سیستەمی ناسەنتەری (لا مرکزی)ی سۆمەری، هوری، مادی، گوتی... هتد دەکرد و ئەم سیستەمەیان لە سیستەمی کۆنفیدراڵی هوریەکان دەچوو، تەنانەت قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیشیان لەوەی هوریە میتانیەکان دەچوو و بە زیادکردنی میسر و یەمەن" (ل٢٤٩، ٣٣٢).

- " هەندێک ئاماژە هەن کە ئەیوبیەکان ئاگاداری رابردووی مادی- میدی/ کوردی خۆیان بووبێتن" (ل ٣٣٨).

لای شارەزایان و پسپۆڕانی مێژووی کورد روون و ئاشکرایە کە سەرهەڵدانی میرنشینە خۆجێهیەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئەیوبی لە سەدەکانی ناڤیندا، لە چ روویەکەوە و بە هیچ شێوەیەک، پەیوەندیی بە بوون و نەبوونی دەوڵەتانی

---

[1] لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا، زۆر جار پیتی (د) لە ناوە ئەعجەمییەکاندا دەبێتە (ذ).

کوردستانی دێرینەوە نییە و ئەمانە لە ئاکامی دۆخ و هەلومەرجێکی تایبەتی ناوچەکە و وەک رەنگدانەوەی واقیعی جیهانی ئیسلامی هاتنە کایەوە و لەپاڵ میرانی کورد، سەرکردەکانی فارس، رێبەرانی گێل و دەیلەم، سەرۆکی هۆزە عەرەبەکان، سەرانی بەربەر و فەرماندە لەشکرییەکانی تورک و تورکمان، ژمارەیەک میرنشین و دەسەڵاتدارییان دامەزراند[١].

بەڕێزی ئەم قسانە دەکات بێ ئەوەی حیساب بۆ گۆڕانی دەم و رۆژگار و ئەو پەرەسەندنە ڕیشەییانە و ئەو بۆشاییە درێژە بکات کە دەکەوێتە نێوان لەناوچوونی دەوڵەتی میدی و سەرهەڵدانی میرنشینەکانی کوردستان (٥٥٠ پ. ز- ٩٥٠ز)و بێ رەچاوکردنی ئەوەش کە لەم ماوە درێژەدا (١٤٠٠ساڵ) چەندین ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتی ناوەندیی بیانی: هەخامنشی، سلووکی، ئەشکانی، بیزەنتی، ساسانی، عەرەبە فاتیحەکان، ئومەوی، عەباسی، حوکمی کوردستانیان دەکرد. شانشینی ئەدیابینا لە وڵاتی هدیاب- هەولێر لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی- ساڵی ١١٦ز لەناو برا، پاش نزیکەی نۆ سەدە لە دابڕان، ئەوجا میر موسەکی کوڕی چەکۆی هەدبانی سەریهەڵدا و بۆ یەکەم جار لە رووداوەکانی ساڵی ٣٨٧ک/٩٩٧ز ناوی براوە[٢].

## ٣- چەواشەکاری:

بەدووری نازانم ئەگەر بە سەرچاوەکانی هەردوو کتێبەکە بچیتەوە و وردبینییان بۆ بکەیت، نەخاسمە ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزین، زۆر حاڵەتی

---

[١] بڕوانە: إدوارد فون زامباور، معجم الأنسـاب والأسرات الحاكمة في التأريخ الإ سلامي، الترجمة العربية، مطبعة جامعة فواد الاول (القاهرة: ١٩٥١).

[٢] الكامل في التأريخ، ٢٢٨/٧.

نازانستیت بەرچاو بکەوێت، وەک وەرگێڕانی هەڵە، ناوردی لە وەرگرتن، گواستنەوەی نادروستی ناوەکان، ئاماژەدان بە سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکان بێ ئەوەی تەماشا کرابێت، دەستکاریی کات و مەبەستی دەقەکان، وەک چۆن (ئوستاریبار)ی کردووە بە (وەستا رێبەر)و سەردەم و شوێنەکەی گۆڕیوە و گەڕاندوویەتیەوە بۆ مانەناییەکان[1]. منیش بەشێکیانم لە سەرچاوە عەرەبییەکان خستۆتە ڕوو، دیارە ئەمانەش جۆرێکن لە چەواشەکاری و من لێرە لە دووانیان دەدوێم:

**أ - (الرسالة الثانية) نەک (الرسالة الأولى):**

گەڕیدە (مسعر بن مهلهل) لە نامیلکەی دوهەمی (الرسالة الثانية) باسی هاتنی بۆ شارەزور دەکات و دەڵێت خەڵکی شارۆچکەی دزدان دەڵێن (طالوت) وەک باس کرا، لە زێدی ئەوانەوە سەری هەڵداوە[2]، کەچی بەڕێزی چونکە ئاگای لەم شتانە نییە و تەنها لەم و لەوەوە زانیاری وەردەگرێت و نەگەڕاوەتەوە سەر نامیلکەکە کە بە (pdf) بەردەستە و بە سانایی دەست دەکەوێت، بۆ چەواشەکردنی خوێنەر و پیشاندانی ئەوەی کە بەخۆی کتێبەکەی خوێندۆتەوە، لە ماڵپەڕێکدا بە پەلەپزوزرکێ لێی گەڕاوە و بە رێککەوت چاوی بە (الرسالة الأولى)ی گەڕیدەی ناوبراو کەوتووە و ئەم دەنگوباسەی بۆ گەڕاندۆتەوە و لەخۆیەوە لاپەڕە (٢١)ی بۆ داناوە (مێژووی بزر، ل٢٨٧) و نازانێت ئەم نامیلکەیەیان باسی تورکستان و هیندستان و چین دەکات و دەنگوباسی شارەزور و ئەم هەواڵە لە (الرسالة الثانية) دایە. ئەگەر خوێنەران بگەڕێنەوە بۆ (الرسالة الأولى، ص٢١) دڵنیا دەبن باسی شتی وا نەکراوە.

---

[1] رەخنەی مێژوویی، ل١٠٠- ١٠٢.

[2] الرسالة الثانية، ص١١-١٢.

**ب- ئاجتاناک نەک ئەجدانەقان:**

ئیبن خەلیکانی هەولێری(م: ٦٨١ک/١٢٨٢ز) سەبارەت بە زێدی ماڵباتی ئەیوبی، لە فەقیهێکی وریایەوە دەگێڕێتەوە کە لە دەروازەی باژێڕی دوێن لە ئەرمینیا گوندێک هەیە بە ئەجدانەقان ناو دەبرێت، سەرپاکی دانیشتوانەکەی کوردی رەوادین و زایینگای ئەیوبی باوکی سەلاحەدینە "إن على باب دوين قرية يقال لها أجدانقان... وجميع أهلها أكراد روادية، ومولد أيوب والد صلاح الدين بها" (١).

لە سەرێکی ترەوە دیرۆکنووسی ناوداری ئەرمەنی موسای خۆرینی- موسیس خورینانتسی (Movses Khorenatsiم: ٤٩٣ز) لەبارەی رابوونی شا تیگرانی ئەرمەنی- دیگرانۆسی مەزن (٩٥- ٥٥پ. ز) بە نیشتەجێکردنی شاژن و منداڵ و کەسوکاری دیلکراوی دوا شاهی مادەکان ئەژدەهاک (٢) لە ئەرمینیا دەڵێت: "نیشتەجێی کردن لە دەستەڕاستی چیایەکە و لە تخوبی وڵاتی کوگت کە دامباد و پوسکیوگا و تاجکونیک و چەند شوێنێکی دیکەی لێوار روبارەکە دەگرێتەوە، سەرباری پرانجونیک لە بەرانبەر شورای نەخچەوان، پاشان سێ جێگەیی دیکەی بۆ زیاد کردن: خرام و جوگا و خورشاکونیک لەسەر لێوارەکەی تری روبارەکە لەگەڵ ئەو دەشتە بەرینەی کە لە ئاجتاناکەوە دەست پێ دەکات و بە شوراکەی نەخچەوان کۆتاهی دێت (٣).

با بڕوانین کاک سۆران چۆن ئەم دەقە دەستکاری دەکات و چۆن لەنێو گشت ئەم شوێنانە تەنها ئاجتاناک هەڵدەبژێرێت و لەخۆیەوە دەیکات بە

---

(١) وفيات الأعيان، ١٣٩/٧.

(٢) روونە ئەم ئاخافتنەی موسای خورینی راست و ورد نییە و تیگرانی ئەرمەنی هاودەمی ئەژدەهاکی مادی نییە و نێوانیان پێنجسەد ساڵ زیاترە.

(٣) تأريخ الأرمن، ترجمة نزار خليلي، ص٧٣.

ئەجدانەقان تا سەر لە خوێنەران بشێوێنێت و قەناعەتیان پێ بهێنێت کە ماڵباتی ئەیوبی خەڵکی هەمان ئەو گوندەن کە بووە تاراوگای خێزانی دوا شاهی مادەکان و حوکم و دەسەڵاتیان درێژەپێدانی دەوڵەتی مادەکانە: " تەنانەت لە سەدەی پێنجەمی زاییندا، زانیاری سەبارەت بە بنەماڵەی مادەکان لەو ناوچانە لەلایەن مێژوونووسی ئەرمەنی، موسای خۆرین- ەوە تۆمارکراوە. خۆرین ئاماژە بە شوێنێک لە نزیک دڤین دەکات بە ناوی ئەژدانەکان"، لە شوێنێکی دی دەڵێت:" ناوی شوێنی لەدایکبوونی باوکی سەلاحەدین رەگێکی دێرینی لە مێژوو و فەرهەنگی کوردیدا هەیە، گوندی ئەجدانەقان... لە لایەن موسای خۆرینەوە ئاماژەی پێکراوە... وەکو ئەو جێگەیەی کە ئانوش، شاژنی دوا پاشای ماد، ئەژدەهاک و کەسوکار و دەستوپێوەندییان تێیدا نیشتەجێ بوون (ل٣٠٢، ٣٣٠- ٣٣١).

هەروەها لە ئاخافتنی خۆرینی دیارە کە ئاجتاناک لە لای نەخچەوان بووە لە باشوری ئەرمینیا و نزیک سنووری نێودەوڵەتیی ئێران و گوندی ئەجدانەقانیش لە دەروازەی دوێن بووە لە ناوەڕاستی ئەرمینیا و ئەم دوو شوێنە سەدان کیلۆمەتر لەیەکەوە دوورن.

## ٤- دوبارەکردنەوە:

دیارە ئاساییە ئەگەر توێژەرێک ناوبەناو و زیاد لە جارێک پشت بە هەمان دەق ببەستێت، یان لە کتێبێکی دیکەیدا کەڵکی لێ وەربگرێتەوە، بەڵام نەک بەم رادەیەی کتێبی (مێژووی بزر)، ئەمەش خاڵێکی دیکەی هەرە لاوازی ئەم کتێبەیە و کاریگەرییەکی نەرێنیی بەسەر ناوەڕۆکەکەی جێ هێشتووە کە هەم دەبێتە مایەی جاڕستی و بێتاقەتکردنی خوێنەر و هەم بۆی دەبێتە مایەی تێڕامان و پرسیار، ئەرێ لەپای چی ئەم گشت دوبارە و سێبارە و چەندبارەکردنەوەیە لە زانیاریەک، بڕگەیەک، بۆچوونێک؟.

واتا چەندین جار هەواڵێک، ناوی کەسێک، کتێبێک، هۆزێک، دێڕە شیعرێک، تەنانەت لێکدانەوە و راڤەکردنی خودی خۆی دوپات دەکاتەوە و جاری واش هەیە دەگاتە بڕگەیەکی درێژ، وەک بڵێی ئاگای لێ نەبووە کە پێشتر گوتویەتی، هەرچەند جاروبار دەڵێت وەک پێشتر باسکرا، ئەوەی راستی بێت ئەگەر بابەتە دوبارەکراوەکان و ئەو سەدان وێنەیە لا ببرێن، لەوانەیە کتێبەکە سێیەکی لێ نەمێنێتەوە. ئەرێ سوود و بەهای ئەم درێژدادڕی و زۆربارەکردنەوەیە لە چی دایە؟ دەبێت هۆیەکانی چی بن، وابزانم یەکێکە لەمانە:

أ- کتێبەکە چۆن دانراوە هەر ئاوەها بێ پێداچوونەوە و لابردنی بڕگە و هەواڵ و دەنگوباسە دوبارەکان، وەک رەشنووس (مسودة) بڵاو کراوەتەوە.

ب- یەکەم جار وەک کۆمەڵە وتارێک دانراوە و بێ رێکخستنەوە و بەراوردکردن، ئەم وتارانە پێکەوە لکێنراون و کراون بە کتێب، ئەوەتا چەند جار لە پەراوێزدا بابەتێک شی دەکاتەوە کە لە ناوەڕۆکدا باس کراوە (ل ٣٤، پ١، ٥٠، پ٣، ٦٢، پ٢، ١٢٤، پ٣، ل٢١٤، پ٢، ل٢٧٢، پ٥...هتد)، تەنها بۆ نموونە وشەی (خاسی) لە (ل٥٨) شی کردۆتەوە و لە پەراوێزی (٢)ی (ل٣٠٩) دوبارەی کردۆتەوە.

سەرچاوەی ئەم وتارانەش جیاواز بووە و بەهۆی فرەسەرچاوەییەوە لە زانیارییەکی سادەدا، کەوتۆتە هەڵەوە و ئەمەش بۆتە مایەی ناکۆکی و دژبەیەکی، بۆ نموونە سەردەمی دوو میرنشین (شەدادی، رەوادی)یان یەک کەسایەتی (مەسعودی) کە پێشتر باس کرا، بۆ سەدەی جیاواز دەگەڕێنێتەوە، شەمسەدینی شارەزوری کە راستە لە زانایانی سەدەی سێزدەهەمە (ل٢٨٧-٢٨٨)، کەچی لە (ل٢٧٤) باسی کراوە و گەڕێنراوەتەوە بە سەدەی دوازدەهەم و ئەمەیانی کتومت لە (کورد کێیە، ل٢٥، ٣٢٧)ەوە گوێزاوەتەوە.

یان یاقوتی حەمەوی کە ساڵی ۱۲۲۹ز مردووە (ل٦٩، ١٦٣)، کەچی لە (ل٥٣) ساڵی ١٢١٥ز ی بۆ مردنی داناوە، هەروەها دوو چاپی یەک سەرچاوە بەکار دەهێنێت و لە ناوەڕۆک ناوی یاقوت دەبات و لە پەراوێزەکەی خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ گەشتی (ابن بطوطة، ص٥٠) (ل٣٣، ٥٣)، یان بۆ یەک زانیاریی وەک کتێبی (القلاع والاكراد)، هەر جارەی گەڕاوەتەوە بۆ ژێدەرێک (ل٢٠٣، ٢٩٦).

ج- ئەرگیۆمێنت و دەنگوباسی پێویستی نەبووە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان روداوە لێکدابڕاوەکان و قەبەکردنی کتێبەکەی، ناچار ئەوەی دەستی کەوتووە، لەکۆڵی نەبۆتەوە و چەندبارەی کردۆتەوە، تا ئەو رادەیەی کە دەگمەن زانیاری هەن دوپات نەکرابێتنەوە، ئەمانەش بەشێکن لە بەڵگەگەلێک لەسەر ئەوەی برای دانەر کۆنترۆڵی بابەتەکانی پێ نەکراوە و زانیاریی پتەو و جێگیریشی نەبووە تا نەکەوێتە هەڵەوە و کتێبەکەی بە پەلەپەلی و هەڵەشەیی پێکەوە ناوە و چ پێداچوونەوە و بژارکردنێکیشی بۆ نەکراوە:

- چوار جار ئاماژە بە شیعرێکی چێکراوی شاوەیس قولی دەکات کە سێ جار دەڵێت ئەصڵم کوردە باوکیشم کوردە و لە دەستەی ئەو شێرانەم کە سوپای زوحاکی تێکشکاند، هەرجارەی بۆ بابەتێک بەکاری هێناوە (ل٦٧، ٨٩، ١٢١، ٢٠٠) وەک بڵێی دەقێکی گرانبەها و ناوازەی دۆزیبێتەتەوە. لە دەمێکدا ئەم شاعیرە هیچ شوێنەوارێکی مادی و دەستنووسێکی رەسەنی لەپاش بەجێ نەماوە و یەکێکە لەو دەهان و سەدان شاعیرە پیاو و ژنە وەهمیانەی کە لە دەستخەتە نوێ و ساختەکان ناوی براوە و شیعری دراوەتە پاڵ و بۆرەکەیی ئاخنیویەتیە نێو کتێبەکەیەوە[1]. روونە شیعرەکەش نوێ و هەڵبەستراوە و چ

[1] مێژووی وێژەی کوردی، ٣٨٣/١.

پێویست دەکات شاعیرێکی سەدەی پازدەهەم ئەگەر بوونی هەبێت، جەخت لەسەر کوردبوونی نەژادی بکات، خۆ سەردەمی تورکیای کەمالی نییە.
- شەش جار باسی شیعرەکەی نیزامی گەنجەوی دەکات لەبارەی دەوالی ئەبخازی و کوردی مادی یان عادی- عالی نەژاد (ل٤٨- ٤٩، ٩٢، ١٧٠، ٢٥٩، ٢٧٩- ٢٨٠، ٣٣١).
- شەش جار ئاخافتنێکی موسای خۆرینی دەڵێتەوە لەمەڕ بابەتێکی پەیوەست بە شا ئەژدەهاکی ماد- میدییەوە (ل٦٦، ١٨٦، ٢٧٦- ٢٧٧، ٢٧٩، ٣٠٤، ٣٣٠- ٣٣١).
- وەک پێشتر باسکرا، زیاد لە دە جار قسە هەڵبەستراوەکانی ئیبن وەحشیە دەڵێتەوە (ل٣٥- ٣٧، ٥١، ٦٧، ٩٠- ٩١، ١٢٤ (پەراوێز)، ١٥٣، ١٥٧، ١٧٨، ١٩٤، ٢٠٣، ٢٠٩، ٢٦٣).
- شەش جار باسی کتێبی نەبووی (أنساب الأکراد)ی دینەوەری دەکات (ل٨٢، ٨٤، ٨٨، ٩٠، ١٦٥، ١٩٤) و تەنها لە هەشت لاپەڕەدا (٨٢- ٩٠) چوار جار و چوار جاری تریش لە کورد کێیە (ل١٥٢- ١٥٣، ٢٩١، ٣٥٧- ٣٥٨) و دەڵێت: "کتێبەکە بزرە، بەڵام لە سەرچاوە ئیسلامییە دێرینەکاندا ئاماژەی پێکراوە" (ل٨٨)، ئەم قسەیە راست نییە، ئەبوحەنیفە ئەحمەدی کوڕی داودی کوڕی وەنەندی دینەوەری (م: ٢٨٢ک/٨٩٥ز)، هەم مێژوونووس و ئەدیب و شیعردۆست و هەم زانایەکی شارەزای ماتماتیك و ژمێریاری و ئەستێرەناسی بوو و (ابن الندیم) [(١)] و یاقوتی حەمەوی [(٢)] ناوی هەژدە کتێبی دانراوی ئەویان ریز کردووە و کـتێبی (أنساب الأکراد)ی تێدا نییە. هەروەها حاجی خەلیفە (م: ١٦٥٧ز) لە (کشف الظنون) و ئیسماعیل پاشای بابانی (م: ١٩٢٠) لە (إیضاح المکنون) ناوی ئەم کتێبەیان نەهێناوە.

---

[(١)] الفهرست، ص١٠٦.

[(٢)] معجم الأدباء، ٣٥٥/١- ٣٥٦.

- گەڕۆکێکی سەدەی ٤ک/١٠ز ناوی دەهان هۆز و تیرەی کوردی دەهێنێت کە نیشتەجێی هەرێمی فارسن، لەوانەش: بەندامیهری، میهرکی، ئوستامیهری، سێ جار ئاماژە بەم هەواڵە دەدات تا ناویان بکاتە بەڵگەی پەیوەندییان بە خوداوەند (میهر)ەوە (ل٥٩، ١٩٠، ٢٣٨)، ئەمە راستە و زانراوە، بەڵام چونکە نابەڵدە نازانێت هۆزی میهرانییش هەیە کە زۆر لەم هۆزانە ناودارترە و هاوکار وپشتیوانی دڵسۆزی بنەماڵەی ئەیوبی بوون و پێویستی بەم سێبارەکردنەوەیە نەبوو.

- پێنج جار باسی زانا (ابن الرزاز الجزري) و کتێبەکەی دەکات (ل ٤٧، ٧١، ١٤٥، ١٧٣، ٢٩٦).

- پێنج جار ئاخافتنەکەی ئەولیا چەلەبی دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی لێکدانەوەکانی (ل٣٠، ٣٢، ٥٨، ٦٧، ٧٧، ١٩٩).

- لە دوو بەشی لەدوویەکدا، دوو جار باسی شەهابەدین یەحیای سورەوەردی و شەهابەدین عومەری سورەوەردی دەکات (ل١٦٦- ١٦٩، ل١٨٨- ١٩٠).

- دوو جار بەیتێکی شاعیری کورد بەشنەوی دەهێنێتەوە و جارێکیش ئاماژەی پێدەدات (ل٥٧، ٨٩، ٣٠٢).

- تەنها لە هەشت لاپەڕەکەی بەشی شەشەمدا- نەورۆز (ل١١٩- ١٢٧) کە دوو لاپەڕەشی وێنەیە، سێ جار قسەکانی جەیمس مۆریە دەڵێتەوە دەربارەی جەژنی کورد لە چیای دەماوەند (ل١٢١، ١٢٥- ١٢٦).

- تەنها لە بەشی دوازدەهەم و سێزدەهەمدا کە تایبەتن بە مێژووی دەوڵەتە کوردستانییەکانی پێش ئیسلام، شەش حەوت جار، دەڵێت هەردوو میرنشینی شەدادی و رەوادی، درێژەپێدەر و تەواوکەری ئەو دەوڵەتانەن (ل٢٤٧، ٢٤٩، ٢٥٦، ٢٧٩ (دوو جار)، ٢٨١، ٢٨٤).

- بە هەمان شێوە چەندین جار دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی دەبەستێتەوە بە دەوڵەتەکانی میتانی، مانەنا، میدی، ئەدیابینا (هدیاب).

- تەنها لە پێنج لاپەڕەدا، سێ جار باسی شارەزوریەکان و ئەفسانەی (طالوت)دەکات (ل٢٨٧- ٢٩١).

- گوتەیەکی سێ دێڕیی (گۆپینک)ی هێناوەتەوە و لە دوا ئەنجام دوبارەی کردۆتەوە (ل١٧٩، ٣٥٣).

- ئەگەر زیاد لە جارێک ناوی هەر دانەرێک بێت، تەنها جاری یەکەم ساڵی مردنی دەنوسرێت، کەچی گشت جارێک دەینوسێتەوە.

## بەشی پێنجەم

# ناشارەزایی لە مێژووی کوردستانی سەدەکانی ناڤین

ئیبن حەجەری عەسقەلانی (م: ٨٥٢ک/١٤٤٩ز) لە باسی یەکێکدا، بە پەیڤێکی جوان و پوخت، گوزارشت لە راستییەک دەکات: (إذا تكلم المرء في غير فنه أتى بهذه العجائب)، واتا ئەگەر مرۆڤ لە هونەرێک- کارێک بدوێت ئیشی خۆی نەبێت، ئەم شتە سەیروسەمەرانە دەهێنێتەوە[1]، ئەم پەیڤە رێک کاک سۆران دەگرێتەوە لە سەرتاسەری کتێبەکەیدا.

بێگومان وەک گشتمان دەزانین، دەگمەن کتێب هەن لە کەموکوڕی و چەوتی و هەڵەی هەمەجۆر بەدەربن: هەڵەی چاپ، زمانەوانی، ڕێنووس و خاڵبەندی، نادروستی لە تۆمارکردنی ناوی کەسایەتیەک، ساڵی ڕوودانێک، سەردەمی دەسەڵاتدارێک، لاپەڕەی سەرچاوەیەک، ناوردی لە گواستنەوەی دەقێک و لێکدانەوە و راڤەکردنێک... هتد و من بەخۆم دڵنیام هەڵەگەلێکی لەم تەرزانە لە کتێبەکانم هەن و بەخۆم درکم بە هەندێکیان کردووە و لەبەرەوە هەمواریان دەکەمەوە و نەدوورە لەم کتێبەشم هەبن. دیارە ئەمەش شتێکی نۆرماڵ و گشتگیرە و هۆکارەکانیشی زۆر و جۆربەجۆرن. ئەم دیاردەیە کتێبی (مێژووی بزر)یشی گرتۆتەوە و رێژەکەشی زێدە بڵندە، من لێرە باسی ئەم تەرزە هەڵانە ناکەم کە ئاسایی و باون، وەک ئەوەی لە سەرانسەری هەردوو کتێبەکە لەبری وشەی (زار- لهجة)، وشەی (زاراوە- مصطلح)ی بەکار هێناوە. یان سەدەی (١٧پ. ز و ٧پ. ز) کراون بە (١٧ز و ٧ز) و ساڵانی ( ١١١١ز و ١١١٦ز) کراون بە (١١١ز و ١١٦ز) (ل٢٤٥، ٢٥٦، ٣٠٩) و (الثرى

---

[1] فتح الباري شرح صحيح البخاري، ٥٨٤/٣.

والثريا) دوو جار بە "شەونمی پرشنگدار و ئەستێرەی ئاسمان" وەرگێڕدراوە (ل ٣٥).

بەڵکو لەوانە دەدوێم کە دەیسەلمێنن کاک سۆران ئەهلی دنیای مێژوونووسی نییە و وەک میوانێکی ناوەخت دەیەوێت بەخورتی خۆی بسەپێنێت بەسەر خوانی ئەو دنیایەدا، بەڕێزی بە زار و خامەی خۆی پێمان دەڵێت کە زۆر دەستکورتە و تا بڵێی نابەڵەد و بێئاگایە لە فەزای کارکردن لە مێژووی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستیش و لە پێکەوەنانی ئەو بەش و بابەتانەی پەیوەستن بەم مێژووەوە، زۆربەی جار نەگەڕاوەتەوە سەر چاووگی یەکەم و سەرچاوەی بنەڕەتی و لەوە دەچێت هەر پێشیانی نەزانیبێت و تەنها لە ڕێگای سایت و ژێدەرەکانەوە بە هەبوونی هەواڵەکان دەزانێت و بێ سێودوو وەریان دەگرێت، بێئەوەی لێیان پشتڕاست و دڵنیا بێت، ئەمە سەرباری پەلەپەلکردنی، بۆیە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەکانی، مۆرکی چەواشەکارییان وەرگرتووە. ئەوەش دادی نادات کە بڵێت گوایا کتێبەکە یەکەم جار بە ئینگلیزی دانراوە و پاشان کراوە بە کوردی و ئەو هەڵە و ناکۆکییانەی وا کەوتونەتەوە لە ئاکامی وەرگێڕانەوەن.

من سەرم لەو جۆرە کەسانە سوڕ دەمێنێت کە زانیاریی بەراهی لەسەر بابەتێک، کەسێک، سەردەمێک شک نابەن و زاتی ئەوە دەکەن لەبارەیەوە بدوێن، ئەمە وەک ئەوە وایە بێ تێشوو و بێ شارەزایی ڕێگای هات و نەهات بگرێتەبەر و بێ ئەوەی مەلەوان بیت مل بنێیت بە دەریایەکەوە.

١- پەیوەندیی کورد بە مادەکانەوە لەمێژە زانراوە و لە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەدا خراوەتە ڕوو و ئەمە مژارێکی کۆن و ئاشکرایە، لێرە تەنها لە دوو سێ نموونەی سەیری بەڕێزی دەدوێین کە کردوونی بە بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە گوایا لە سەدەکانی ناوەڕاستیش" کورد خۆیان ئاگاداری ئەو ڕاستیە بوون":

أ- ابن الأثير (م: ٦٣٠ک/١٢٣٣ز)، له هەواڵەکانی ساڵی (٤٠٠ھ)باسی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان بەدری کوڕی حەسەنۆ (٣٦٩- ٤٠٥ک/٩٧٩- ١٠١٤ز) میری چیاکان و شارەزور و هیلالی کوڕی دەکات و بە هۆی کوشتنی میرێکی شارەزور بە ناوی (ابن الماضي) کە نازانرێت لە چ نەتەوەیەکە و بە ناوەکەیدا لەوە ناچێت کورد بێت:

"فأوّل ما فعله أنّه أساء مجاورة (ابن الماضي) صاحب شهرزور، وكان موافقا لأبيه بدر، فنهى بدر ابنه هلالا عن معارضته، فلم يسمع قوله، وأرسل إلى يتهدّده، فأعاد بدر مراسلة ابنه في معناه وتهدّده إن تعرّض بشيء هو له، فكان جواب نهيه أنّه جمع عسكره وحصر شهرزور ففتحها، وقتل (ابن الماضي) وأهله وأخذ أموالهم...الخ" [1]، ڕەوانشاد محەمەد ئەمین زەکی ئەم هەواڵەی وەک خۆی وەرگرتووە [2].

کاک سۆران لەخۆی نەگرتووە بگەڕێتەوە سەر کتێبی (الكامل في التأريخ) و کتێبی (خولاصە)یشی نەخوێندۆتەوە کە لە پێشەکیدا پەسنی ئاستی بەرزی دەکات، ئەی ئەگەر دانەرەکەی بە"مێژوونوسی گەورەی کورد" دادەنێت کە بێگومان ئاوەهایە، ئەدی بۆچی نەلێرە و نە لە زۆر بابەتی دیدا پشتی پێ نابەستێت؟. بەڵکو هەواڵەکەی لە کتێبێکی ئەرشاک پۆلادیان گوێزاوەتەوە کە ئەلکسەندەر کەشیشیانی ناشارەزا لە مێژووی کورد وەریگێڕاوە و (ابن الماضي) ی وەرگێڕاوە بۆ (ابن المادي)[3]، ئەگەر بەڕێزی بەڕاستی ڤەکۆڵەر بایە، دەبوو بچوایەتەوە سەر سەرچاوەی ڕەسەن و یەکەمی هەواڵەکە و نەدەکەوتە هەڵەی وا زلەوە و (ابن الماضي) لەلا نەدەبوو بە (مادزادە، کوڕی ماد، ابن


---

[1] الكامل في التأريخ، ٢٨٥/٧.

[2] خولاصەیەکی تاریخی، ٦٧١/٢.

[3] الأكراد فى حقبة الخلافة العباسية، ص١٣١.

المادي)، لەمەش سەیرتر ئەم هەڵەیەی سێبارە کردۆتەوە (ل ٩٢، ٢٥٩، ل٢٧٢، پ٥) و جارێکی دیش باسی کوژرانی ئەم میرە دەکات، سەیرە لەمەیان پشتی بە (خولاصە) بەستووە (ل٣١٧) و دەبێت زانیبێتی کە ئەو حوکمڕانە کوژراوەی شارەزور ناوی (ابن الماضي) یە و بە مەبەست کردبێتی بە (ابن المادي) یان لە پەلەکردن و هەڵەشەییدا ئەمەی بەسەردا تێپەڕیوە[(١)].




ب- نیزامی گەنجەوی، لە شاعیرە هەرەمەزنەکانی شیعری داستانی- مەلحەمیە لە ئەدەبی فارسی و خاوەندی پێنج داستانی شیعریە کە بە (خمسە نظامی) دەناسرێن، یەکێکیان داستانە شیعری (شەرەفنامە)یە کە بە شێوەیەکی ئەفساناوی باسی شەڕوشۆڕ و پاڵەوانێتی و فراوانخوابیەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی دەکات و بە خەیاڵی خۆی چەند سەرکردەیەکی وەهمیی هێناوە و کردوونی بە هاوکار و یاوەری ئەسکەندەر،

---

(١) لە چاوپێکەوتنەکەی کەناڵی (بەها ئینتەرتەینمێنت) کە دەنگێکی باشی دایەوە، باسی ئەم هەڵە زلەییم کرد، بۆیە لە هەلقەیەکی بەرنامەی (خۆناسین)ی کەناڵی (زووم)دا کە تایبەتی کردبوو بە (ئیمپراتۆریەتی ماد و رابردوویەکی لەبیرکراوی کورد)، خۆی لە باسکردنی ئەم زرە بەڵگەیە بوارد.

لەوانەش دەوالی سالاری ئەبخاز - ئەبخازیا کە لەگەڵ کوردانی ئێران زەمین لە هێرشەکانی بۆسەر روسیا بەشداری دەکات:

**دوالی ز ابخاز و هندی ز ری    قباد صطخری ز خویشان کی**

**دیوالی و کردان ایران زمین    سوی میمنه گرم کردند کین** [١].

لە چاپی دیکەی (شەرەفنامە)ی گەنجەویدا، (کردان- کوردان) بە (گردان- گوردان) خوێندراوەتەوە، واتا یەکەیەکی لەشکری- کەتیبە. لە بەیتێکی دیکەی چەند دەستخەتێکی داستانەکەدا، باسی ئازایی کوردی (عادی- عالی- مادی) نەژادی ئەبخازیا دەکات وەک لە چاپی دی هاتووە:

**در ابخاز کردیست [مادی] نژاد**

**کە از رزم رستم نیارد بە یاد** [٢].

پێشتر مینۆرسکی و د. ئیسماعیل شەمس لەم شیعرە دواون و شییان کردۆتەوە.

لە لێدوانی (بهروز ثروتیان)ی ساخکەرەوەی داستانەکە سەبارەت بەم دێڕە دەردەکەوێت کە لە چ دەستخەتێکی شەرەفنامەدا (مادی نژاد) نەهاتووە و دەڵێت لە چەند دەستخەتێکدا بە کوردی (عادی نژاد) هاتووە و لە بڕیکی دیدا بە (عالی نژاد) و لە دانەیەکیشدا شێوێنراوە بۆ (علوی نژاد)، ئەوجا دەڵێت بەو پێیەی ناوچە کوردنشینەکان بەشێک بوون لە وڵاتی میدیا، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمە هەڵەیە و وێدەچێت ناسخەکان لە ناشارەزاییەوە (مادی) یان کردبێت بە (عادی) و راستەکەی (کردیست مادی نژاد) بێت و لە چاپەکەدا وا دایناوە و کردویەتیە ناو کەوانەوە [مادی] تا خوێنەر سەرنجی بداتێ [٣].

---

[١] شرفنامە، مؤسسە أمیر کبیر (تهران: ١٣٩٣ش)، ص٣٧٠.

[٢] شرفنامە، ص٢٤٧.

[٣] شرفنامە، ص٣٥٤، ٦٤٣.

شارەزایان باش دەزانن کە هەڵە و بەدحاڵیبوون لە خوێندنەوە و نەسخکردنی دەستخەت دیاردەیەکی کۆنە و ڕەنگە راستەکەی (عالی نژاد) بێت و ئاساییە کە گەنجەویی خوشکەزای کورد، بەم پەیڤە پەسن و ستایشی خاڵوانی بکات، و پێم وانیە (عادی نژاد)راست بێت.

بە هەرحاڵ ئەمە دەقێکی ئەفسانەییە و خەیاڵکردی شاعیرێکی سەدەی ٦ک/١٢ز یە و ناکرێت وەک ئەرگیومێنتێک سەرەدەریی لەتەک بکرێت و بۆ ڕووداوێکی سەدەی ٤پ. ز، پشتی پێ ببەسترێت، ئەبخازیاش نە ناوچەیەکی کوردنشینە، کاک سۆران وەک بڵێی دەقێکی زۆر گرنگی دۆزیوەتەوە، پێنج جار ئەم بەیتەی هێناوەتەوە و کردوویەتی بە بەڵگەی پەیوەندیی کورد بە مادەکانەوە (ل٤٨- ٤٩، ٩٢، ١٧٠، ٢٥٩، ٢٧٩).

ج- هەر لەم هەوڵانەیدا، بە هەڕەمکی و بێ ڕەچاوکردنی ساکارترین بنەمای ئیتمۆلۆجی، ناوی چەند شوێنێکی شی کردۆتەوە تا بیانکاتە بەڵگەیەکی دیی ئەم خزمایەتی و پەیوەندییە:

- ناوی کرماشان- کرمانشاهان، بە مانای" شوێنی مادە کوردەکان"! دێت (ل٤٠).

- گۆماتە موغێکی میدی بوو، لە هەخامنشییەکان هەڵگەڕایەوە و ساڵی ٥٢٢پ. ز لە لایەن شا دارای یەکەمەوە کوژرا و یاخیبوونەکەی لەناو برا، پێی وایە گوندی گۆمەتەی ناوچەی قەرەداغ و گوندی گۆمەتەی کەچی دەڤەری بازیان و دووی گوندی دی، پەیوەندییان بە ناوی ئەم موغەوە هەبێت (ل٢٧٢، پ٥). بێگومان کردنی گومەت بە گۆماتە جۆرێکە لە بەلاڕێبرن و ئەم گوندانە هەندە کۆن نین و ئەوپەڕی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی ئیسلامی و ناویان لەوەوە هاتووە کە گومەتی مزگەوت یان گومەتی مەزارێکیان لێ هەبووە کە بۆتە نیشانە و هێمای ناسینەوەیان و گۆمەتەی کەچ واتا گۆمەتەی لار، خوار.

٢- مەحمودی کاشغەری (م:٤٩٦ک/١١٠٢ز؟) کتێب- فەرهەنگی (دیوان لغات الترک)ی داناوە، چونکە ئەم کتێبەشی نەبینیوە و تەنها لەملا و ئەولا گوێبیستی ناوونیشانەکەی بووە، بۆیە لەلای بۆتە (دیوان اللغات الأکراد) (کورد کێیە، ل٣٣٥)، دواتر بێئەوەی ئاماژەی پێ بکات، درکی بەم هەڵەیەی کردووە و گوایا راستی کردۆتەوە و گۆڕیویەتی بۆ (دیوان لغات الأتراک) و مێژووی دانان- نەک بڵاوکردنەوەی گۆڕیوە (مێژووی بزر، ل٨٢- ٨٣)، بەڵام بەدرێژایی ئەو نۆ دە ساڵەی نێوان مێژووی بڵاوکردنەوەی هەردوو کتێبەکەی (٢٠١٣- ٢٠٢٣)، هێشتا لەخۆی نەگرتووە کتێبەکە ببینێت، دەنا (دیوان لغات الترک)ی نەدەکرد بە (دیوان لغات الأتراک).

٣- لە وتارێکەوە کە بە ئینگلیزییە و لە سایتێک بڵاو کراوەتەوە، زانیارییەکی گرنگ دەگوازێتەوە لەبارەی شەهابەدین یەحیای سوهرەوەردی "بەیهەقی (البیهقي) وەسفی سورەوەردی دەکات لە کتێبی (صوان الحکمة)دا" (ل١٨٩). لێرەش هیچ سۆراخێکی ئەنجام نەداوە و بێ سێودوو ئەم هەڵەیەی وەک خۆی هێناوە، ئەگەر بیکردایە، دەیزانی ناوی کتێبەکەی (ظهیر الدین البیهقي) (تتمة صوان الحکمة)یە کە بە ناوونیشانی (تأریخ حکماء الاسلام) بڵاو کراوەتەوە و (صوان الحکمة) دانراوی (ابو سلیمان السجزي- السجستاني: م٣٨٠ك/٩٩٠ز) یە و دەشیا بە ئاسانی بەراوردی بکات، ئەگەر سەیری ئەم کتێبەی بەیهەقی بکەین، دەبینین باسی سوهرەوەردی ناکات، چونکە ساڵی ٥٦٥ک /١١٦٩ز مرد و سوهرەوەردی لەو ساڵە تەمەنی شازدە ساڵێک دەبوو و بیست و دوو ساڵ پاشتر و ساڵی ٥٨٧ک/١١٩١ز هاتە کوشتن و ئەو دەمەی بەیهەقی کتێبەکەی دانا، سوهرەوەردی هێشتا منداڵ بوو.

٤- دیرۆکنووسی ناودار ئەبولحەسەن عەلیی کوڕی محەمەدی مەدائینی (المدائني: م٢٢٥ک/٨٣٩ز) کتێبی (القلاع والأکراد) ی دانابوو کە مخابن وەك

زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی دیکەی فەوتاوە[١]. لێرەش چونکە پشتی بە ئەرشاک پۆلادیان و ژێدەرێکی دی بەستووە و نەچۆتەوە سەر سەرچاوەکان[٢]، ناوونیشانی کتێبەکەی پاشوپێش کردووە و دوو جار بە (الأكراد والقلاع) گوێزاویەتیەوە و بە (کورد و قەڵا) و (قەڵا و کوردەکان) وەریگێراوە و ئەلمەدائینی لەکن بۆتە (ئەلمەدانی)[٣] (مێژووی بزر، ل ٢٠٣، ٢٩٦).

٥- ئەحمەدی کوڕی یەحیای عومەری (العمري: م٧٤٩ک/١٣٤٨ز) لە هەردوو کتێبەکەی (مسالک الأبصار في ممالك الأمصار) و (التعريف بالمصطلح الشريف) گەلێك زانیاریی دەگمەن و گرنگ و بەکەڵکی دەربارەی کورد و میرانی کوردی سەردەمی مەغۆلی بەدەستەوە داوە، لە کتێبی (التعريف)دا باسی ناکۆکی و ناتەبایی کورد و شەڕی خوێناویی خۆبەخۆییان دەکات: "الأكراد: وهم خلائق لا تحصى... بالدماء مبلول"[٤]. دواتر قەلقەشەندی (م: ٨٢١ک/١٤١٨ز) بە دەستپاکی و ناوهێنانەوە، زۆربەی زانیارییەکانی عومەریی گوێزاوەتەوە نێو کتێبەکەیەوە (صبح الأعشى) و هەمان ئاخافتنی سەرەوەی لێ وەرگرتووە و دەڵێت: "قال في التعريف"، واتا عومەری لە کتێبی (التعريف) دەڵێت: "وهم خلائق... بالدماء مبلول"[٥].

کاک سۆران چونکە نازانێت (التعريف) ناوی کتێبە و چ دوڤچوونێکی ئەنجام نەداوە، بەهەڵەدا چووە و (التعريف) ی وەرگێڕاوە بۆ (پێناسە) و

---

[١] ابن النديم، الفهرست، ص ١٣٣، ياقوت الحموي، معجم الأدباء، ٤/ ٢٢٦.

[٢] الأكراد من القرن السابع الى القرن العاشر، ص١١.

[٣] کابرایەکی دی کە لەم رۆژانە سەری هەڵداوە، دەیگوت مەدائین راستەکەی مادیانەیە تا ببیەستێت بە مادەکانەوە.

[٤] التعريف بالمصطلح الشريف، ص٥٨.

[٥] صبح الأعشى، ٣٠٦/٧.

دەڵێت: "بۆ نموونە قەلقەشەندی (١٣٥٥- ١٤١٨) سەبارەت کورد دەڵێت: " لە پێناسەدا هاتووە کورد...." (ل ٢١٠).

٦- لە پێشەکیدا (لxx) باسی بۆشایی دەکات لەسەر ئایینە رەسەنەکانی کورد و بەتامەیە کتێبی داهاتووی بۆ ئەو ئایینانە و بابەتی دی تەرخان بکات تا ئەو بۆشاییەش پڕ بکاتەوە!، روونە مەبەستیشی کاکەیی و ئێزیدییە، ئەوەتا لەپاڵ تێکۆشەر موسا عەنتەر (١٩٢٠- ١٩٩٢)و خانم زارای محەمەدی، کتێبەکەی پێشکەش بە "پەیڕەوانی ئایینە دێرینە کوردیەکانی یارسان و ئێزدی کوردستان "دەکات. دیارە ئەم پێشکەشکردنە جوانە و لەجێی خۆیەتی، بەڵام خودا دەزانێت بەتەمایە لەم کتێبەیشی چیی دی هەڵ بوەشێنێتەوە و چ دۆزینەوە و یەکلاکردنەوەیێکی دی بهێنێتە گۆڕێ؟. ئەی ئەوە نییە لە ئێستاوە ئەکادیمییانی کورد لە توانج نابوارێت و بە کەمتەرخەمیان دەزانێت لەوەی کە ئەو دوو ئایینە پەیوەست دەکەن بە زەرەدشتییەوە، کەچی رەگیان لە زەرەدەشتی دێرینترە و زۆر لە بنەماکانیشیان بە پێچەوانەی ئەوەوەن (ل٢١٤- ٢١٥). هەر لە ئێستاوەش کاکەوییە (الكاكويهي) دەکات بە کاکەیی (ل٣٠٥، ٣٢١).

جارێک ئەمە نارۆشنە و با بزانین بەچی دەگات، ئەوەی لێرە دەبێت هەڵوستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ناوی عەنازی و عەیاری رەت دەکاتەوە و وای بۆ دەچێت ناوی راستی میرنشینی گەورە و گرانی عەنازیی شادنجانی، یاری /هەیارییە و چەندین جار عەیاری دەکات بە هەیاری (ل٧٨، ١٢٥، ٢٠١، ٣٠١، ٣٢١...هتد) بە واتای شوێنکەوتووانی ئایینی یاری- هەیاری- یارەسانی تا پێمان بڵێت کە ئەم بنەماڵەیە هەریاری- یارەسانی بوون، نەدورە ئەم گریمانە

نادروستەشی لە بۆرەکەیی وەرگرتبێت، ئەوەتا ئەویش ناوی هەژدە شاعیری ژن و پیاوی یارەسانیی گەڕاندۆتەوە سەردەمی عەییاری[1]؟.

بێگومان ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە و میرانی عەنازی- عەیاری لە دوور و نزیکەوە تێکەڵی و پەیوەندییان بەم ئایینەوە نییە و بە ناو و ناسناوەکانیان دیارە موسڵمان بوون و میر فارسی کوڕی محەمەدی کوڕی عەنازی شادنجانی ناسناوی (حسام الدولة) بوو.

روونە یارەسانی ئایینێکی خۆماڵیی کوردییە و لە ناوجەرگەی کوردستان سەری هەڵداوە و سەدان ساڵە ئایینی بەشێکی بنەڕەتیی گەلەکەمانە، ئێمە چۆن شانازی بەم ئایینە نەکەین و رێزی لێ نەگرین، کە پەیڕەوانی نوێژ و رێوڕەسمەکانیان بە کوردی دەگێڕن و گەلێک ئاواز و سترانی رەسەنی کوردەوارییان پاراستووە و سەربوردەیان روونکراوەتەوە[2].

پێم وایە پێویست ناکات کەس موزایەدەیان بەسەردا بکات و پێیشی ناوێت برایانی کاکەیی پشتگیریی کاری نازانستی و پیاهەڵدان بکەن، چونکە چ پێویستییان پێ نییە.

٧- چ لە چاوپێکەوتن و سیمینارەکانی و چ لەم کتێبەیدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەربوردە و حەقیقەتی سەلاحەدینی ئەیوبی شێوێندراوە و بە ئایدۆلوجی کراوە و وا خۆی دەردەخات کە دەخوازێت هەمواری بکاتەوە، لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، گازندەی ئەوە دەکات کە لە زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستان" لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر سەلاحەدین نییە" (لxxi). دواتر ئەم گازندەیە دەگۆڕێت بۆ توانج و رەخنەیەکی توند: "بە

---

[1] مێژووی وێژەی کوردی، ٧٨/١- ١٣٥.

[2] سەدان کتێب و لێکۆڵینەوە و نووسین هەن لەبارەیانەوە، لەوانە: کاکەیی- ئەهلی حەق و شەبەك، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر: ٢٠٢٠).

هەمان شێوە، بەهۆی زاڵبوونی ناسیونالیزمی کوردیەوە، دژایەتیکردنێکی لایەنگرانە هەیە بەرانبەر بە کاراکتەری مێژوویی سەلاحەدین بەهۆی سەپاندنی روکەشێکی عەرەبی بەدەوری ناسنامەی سەلاحەدیندا، لە ناو کوردا زانیاری سەبارەت بە بنەماڵە، کاریگەری و ڕۆڵی سەلاحەدین لە ناو مێژوودا بەشێوەیەکی روون نەزانراوە بەهۆی هەوڵی زۆری بەعەرەبکردنی ئەوەوە. بەو جۆرە، ئەکادیمییە کوردەکان قبوڵی روانگەی عەرەب دەکەن سەبارەت بە سەلاحەدین و ئەوان لێکۆڵینەوە لەسەر بوارەکە بە خزمەتی عەرەب دادەنێن " (ل ٢١٥).

دیارە ئەم ئاخافتنە هەرگیز رەوا نییە و بەلاڕێبردنی واقیع و راستییەکانە و پێچەوانەکەی تەواو راستە و ئەکادیمییانی کورد لە زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، دەهان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا و کتێب و تۆژینەوەیان بۆ لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی لایەن و بیاڤە جۆربەجۆرەکانی مێژووی ئەیوبی تەرخان کردووە و با هەندێکیشیان لە ئاستێکی بەرزدا نەبن و دەگمەن شاهی ئەیوبی هەیە نامەیەک یان زیاتری لەبارەوە نەبێت و تەنها لە زانکۆی دهۆکدا شەش هەڵگری دکتۆرا لە دیرۆکی ئەیوبی هەن، بەڵکو زۆر جار گازندە لەوە دەکرێت کە بۆچی بەو رادەیە بایەخ بە مێژووی ئەیوبی دەدرێت و جەخت لەسەر کوردبوونی دەوڵەتەکەیان دەکرێتەوە.

ئێستا با بڕوانین خۆی چی ئەنجام داوە، لە پازدە لاپەڕەدا (ل٣٣٠-٣٤٤) بە وێنە و نەخشەوە بە کورتی لەبارەیانەوە ئاخڤیوە و شتێکی ئەوتۆی وا نوێی نەهێناوە و تەنها دوبارەکردنەوەی ئاخافتنە سەرپێیەکان و زانیارییە گشتییەکانە و بۆ ئامادەکردنی، پشتی بە سەرچاوە تایبەت و رەسەنەکانی سەردەمی ئەیوبی نەبەستاوە و پتر لە کتێب و گوتارەکانی ب. ستیڤن هەمفریس (Humphreys) و کلۆد کاهین و مینۆڕسکی و سامی صەقار...هتد زانیاریی گواستۆتەوە، ئەمەش پێشێلکردن و لەبەرچاونەگرتنی مەرجێکی

بنەڕەتیی تۆژینەوەیە کە پێتڤییە پشت بە سەرچاوە ڕەسەن و بنەڕەتیەکان ببەستیت، ئەوانەی وا دانەرەکانیان هاودەمی شاهانی ئەیوبی بوون، وەک کتێبەکانی (العماد الأصفهاني) و (القاضي ابن شداد) و (ابو شامة) و (ابن واصل)...هتد.

ئەرێ یەکێک ئاگای لە هێڵە پانەکانی مێژووی ئەیوبی نەبێت و نەزانێت کە عەلیی کوڕە گەورەی سەلاحەدین بە (الملک الأفضل) دەناسرا و کورت دەکرایەوە بۆ (الأفضل)، هەقی گلەیی هەیە؟. لەبری ئەوەی سەیری یەکێک لەو دەهان سەرچاوە تایبەتانە بکات تا بە ناوی دروستی ئەم کوڕەی سەلاحەدین ئاشنا بێت، بچێت پشت بە وتارێکی کلود کاهین ببەستێت و تێیدا ببینێت ناوی ئەم شاهە بە ئینگلیزی بە (Afdhal)، (Al- Afdhal) هاتووە، وا بزانێت (عەڤداڵ)ە (ل٣٤٠). ئاگای لەوەش نەبێت کە ئەو دەمانە کەنگی ئەم چەشنە ناوانە هەبوو، بەڵکو لە سەدەکانی پاشتر و نەخاسمە لە سەردەمی عوسمان کورد عەبدوڵایان دەکرد بە عەڤداڵ- ئەڤدال- ئاودەل. ئەرێ ئەم بەڕێزە بە چ پاساوێک مافی ڕەخنەگرتنی لە کەسانی دی هەیە؟.

هەر لەم بابەتە، قەیموری کە هۆزێکی کوردە و ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی گێڕا لە دەوڵەتی ئەیوبی، کراوە بە ئەلقەمەری، قەمەریەکان (ل٣١٤، ٣٤٢) و سەرۆک وەزیرانی عێراق عەلی جەودەت ئەیوبی (١٨٨٦- ١٩٦٩) کە ناسناوەکەی لە ناوی ئەیوبی باپیرییەوە وەرگیراوە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئەیوبییەکانەوە نییە، بە کوردی ئەیوبیی داناوە (ل٣٤٤).

٨- ئاخافتنێکی میکائیل ئیپێل (Michael Eppel)ی لە کتێبی ( A People without State- خەڵکێکی بێ دەوڵەت، ل٣٩) وەرگرتووە و وەریگێڕاوە: "دوو کاری گەورەی وێژەی کوردیی سەدەکانی شانزە و حەڤدە بریتین لە شەرەفنامە، کە مێژووی دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکانە و بە کوردی نوسراوە، لەگەڵ مەم و زین ...هتد" (ل ٨٧).

من سەرەتا وام دانا میکائیل ئیپێل بەهەڵەدا چووە و نەیزانیوە کە (شەرەفنامە) بە فارسییە نەک کوردی و کتومت وەرگێڕدراوە، بەڵام کە گەڕامەوە سەر دەقی ناوبراو، دیتم ئەو وا ناڵێت و دەڵێت بە فارسی نووسراوە [1]. کاک سۆران کە خۆی بە شارەزای مێژووی کورد لەقەڵەم دەدات، دەبوو بزانێت کە شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامەی بە چ زمانێک داناوە، ئەو زانیارییە بەڵگەنەویستەی کە گشت لێکۆڵەران و خوێندەوارانی کورد پێی ئاشنان و دەبوو هەڵەی کەسانی بیانی هەموار بکاتەوە، نەک بچێت ئاخافتنی دروستیان بەلاڕیدا ببات.

لە پێشەکیدا وتم گەلێک سەرچاوەی ئینگلیزیی بەکار هێناوە کە پێم ناکرێت بگەڕێمەوە سەریان و ئەمە کەسی خۆی گەرەکە و خۆزگە یەکێکی ئینگلیزیزان بەم سەرچاوانەی کتێبەکەی دەچووەوە تا بیزانیایە تا چ رادەیەک پابەند بووە بە وەرگێڕانی ورد و دروستەوە، بەڵام دوانیان بە (pdf) بەردەست بوون و گەڕامەوە سەریان و بۆم دەرکەوت لە وەرگێڕانی هەردووکیان بەهەڵەدا چووە، یەکێکیان ئەمەی ئیپێلە و ئەوەی دییان قسەیەکی مینۆڕسکییە لەسەر بنەماڵەی شەدادی لە کتێبی مێژووی قەفقاسیا (ل٩٨، ١١١) و لە بەشی داهاتوو قسەی لەسەر دەکەم. ئەمە جگە لەوەی هۆی سەرەکیی رێژەیەکی بەرچاوی هەڵەکان ئەوەیە کە لە سەرچاوەی نوێی ئینگلیزییەوە وەرگیراون.

---

[1] ئەم کتێبە بە ناوونیشانی (نەتەوەیەک بەبێ دەوڵەت) لە لایەن بادینان محەمەدەوە، لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی و دەزگای جەمال عیرفان ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

# بەشی شەشەم

# چەند هەڵە و کەموکوڕییەکی دی بەپێی بەشەکان

وێڕای ئەو چەوتی و چەواشەکاری و کەموکوڕییانەی وا لە بەش و بڕگەکانی دی دیاری کران، چەندینی دی هەن کە لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا ناوەشێنەوە و هاوکات نیشانەی ئەوەن کە لە ئاکامی ناشارەزایی و وەرگێڕانەوە کەوتوونەتەوە و لە بەشەدا دەیانخەینە ڕوو.

## ١- بەشەکانی یەکەم تا سێزدەهەم:

أ- بەشی یەکەم زۆر کورتە و تەنها چوار لاپەڕەیە و سێیەکی وێنەیە (٣- ٦)، کەچی بەشی دوهەم دەربارەی بنەچەی کوردە و زۆر درێژە و شەست و هەشت لاپەڕەیە و چەند وێنەیەک دەگرێتەخۆ (٧-٧٤)، ئەم ناهاوتاییە لە قەبارەی بەشەکان خەوشێکی دیکەی کتێبەکەیە.

ب- بەشی سێهەم دوازدە لاپەڕەیە و چواریان نەخشەن (ل٧٥- ٨٦) و گومانێکی وا نییە کە یەکەم جار وەک وتارێک نوسراوە و دواتر تێکهەڵکێشی کتێبەکە کراوە، زۆربەی شتی زانراو و ناوبردنی کتێبن کە لە بەشەکانی دی وتراون، بڕێکیشی پێهەڵدانە بە کورد و وڵاتە بەرفراوانەکەی و باسی هەوڵی دەوڵەتانی بیانییە بۆ سڕینەوەی کورد و بچوککردنەوەی نیشتیمانەکەی، باسی ئەدیابینا- هەدبانیش لە دوو بەشی دی هەن:

- چونکەش دەقی فارسیی کتێبی(نزهة القلوب)ی نەبینیوە و پشتی بە وەرگێڕدراوی ئینگلیزی بەستووە و زانیاریی خودی- زاتیشی نەبووە، ناوی چەند باژێڕێکی بە چەوتی وەرگێراوە: ئەلیشتەر- عەلیشتەر، خۆشان- کۆشان

و دژبیلی کوردستانی کردووه به دیزەفولی خوزستان(ل٧٨)، له (ل٢٧٠)، ئەلیشتەر راست کراوەتەوە.

- شەپۆلی هۆزە تورکەکان بەرەو کوردستان نە لەگەڵ سوڵتان سەنجەر- نەک سەنجار- بوو (سەدەی ٦ک/١٢ز) و نە لە سەدەی ٤ک/١٠ز بوو (ل٧٨، ٨٤)، بەڵکو لە سەدەی ٥ک/١١ز بوو.

- وڵاتی ماد (الجبال) لە سەردەمی سوڵتان سەنجەر (١١١٨- ١١٥٧ز) لە ژێر ناوی کوردستان حوکم دەکرا، پاش چوار لاپەڕە " لە سەدەی چواردەی زانیینیەوە بە کوردستان ناوبراوە (ل٧٧- ٧٨، ٨٤). دیارە هیچیان راست نین.

ج- بەشی چوارەم تەنها شەش لاپەڕەیە (ل٨٧- ٩٢) و چوار وێنەش دەگرێتەخۆ کە نزیکەی لاپەڕەیەکیان خواردووە و شتی نوێ لەخۆ ناگرێت و زۆری ناوەڕۆکەکەی دوبارەیە و لە بەشەکانی دی چەندبارەی کردوونەتەوە، وەک: باسی کتێبی (انساب الأکراد) و ئاخافتنەکانی ئیبن وەحشیە و شیعرەکانی شاعیران حوسێنی بەشنەوی- بەژنەوی و نیزامی گەنجەوی و شاوەیس قولیی یارەسانی (؟) و پێدەچێت ئەم بەشەش وەک وتارێک ئامادە کرابێت و دواتر ئاخنرابێتە ناو کتێبەکەوە. دەکرێت بێژین تاکە بڕگەی نوێ و گرنگی ئەم بەشە، وەرگێڕان و هێنانەوەی ئاخافتنێکی میکائیل ئیپێلە کە پێشتر بۆمان دەرکەوت بە دروستی وەری نەگێڕاوە.

- بەشنەوی راستە شانازی بە باوباپیرانی خۆیەوە دەکات، بەڵام دەڵێت هاوکات (نخوة- جوامێری)ی عەرەب لە پشت و رەگم دایە: (مفاخر الکرد في جدودي ونخوة العرب فی إنتسابي). لە بەیتێکی دیدا، خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەسێکی وەهمیی عەرەب بە ناوی (کرد بن صعصعة) لە نەوەی قەیس کە بەناو هەواڵزانان و حەکایەتخوانانی خەیاڵپڵاوی عەرەب لەخۆیانەوە وەك سەدان کەسی وەهمی و نەبوو، ئەم کەسەیان داتاشیوە تا بڵێن کورد نەوەی ئەون و بە ناوی ئەویشەوە ناوزەد کراون:

**نحن الذؤابة من كرد بن صعصعة        من نسل قيس لنا في المحتد الطول**

دوو سێ جار (ل٥٧، ٨٩، ٣٠٢) ئاماژەی پێدەدات و دەقەکەی دەهێنێتەوە و وا لێی تێگەهیشتووە کە بەشنەوی شانازی بە باوانی کوردییەوە دەکات، کەچی لە راستیدا ناوبراو شانازی بەو باپیرە عەرەبە وەهمیەی دەکات.

د- بەشی پێنجەم بیست و شەش لاپەڕە دەگرێتەوە (ل٩٣- ١١٨)، تەرخان کراوە بۆ (ئافرەتی جەنگاوەری کورد و رەگە مێژووییەکەیان) و زۆربەی ئەو ژنانەی وا باسکراون جەنگاوەر نین. ئەوەی جێگای سەرنجە لەم بەشەشدا کە هەر دوبارەکردنەوەی(کورد کێیە، ل٣٣٨- ٣٥٠)ە، هیچ پێگیریی بە ناوونیشانی کتێبەکەیەوە ناکات و ئاگای لەوە نییە کە وەک خۆی دەڵێت، دەربارەی (مێژووی بزر و نەگێڕاوەی کوردە... تا ساڵی ١٣٠٠ز)، کەچی تا کاتی دانانی کتێبەکەی هێناویەتی و بەدرێژی باسی بەرگری و بەرخودانی شەڕڤانانی ژنی کوردستانی رۆژئاڤا دەکات دژی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، ئەمجا باس لە گەواهی چەند گەڕۆک و رۆژهەڵاتناسێک دەکات کە لە سەردەمی عوسمانی و پاشتر، لەبارەی ئازادی و سەربەستی و رۆڵ و بەشداریی ئەرێنیی ژن لە حوکمڕانی و لە جڤاکی کوردیدا وتوویانە، دواتر بە کورتی باسی رۆڵ و پایەی ژمارەیەک ژنی کورد دەکات وەک: قەرە فاتیمە، ژنانی ماڵباتی ئەیوبی، ژنە جولەکە ئەسێناس بەرزانی، خانزادی سۆران، مەستورە خانمی ئەردەڵان، عادیلە خانم، حەپسەخانی نەقیب، قەدەم خێر، ژنانی یارەسان، لەیلا قاسم، لەیلا زانا، دادوەر و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زەکیە ئیسماعیل حەقی...هتد و نزیکەی بیست وێنەی نوێ و نیگاری پەیوەست بە ژنی کورد داناوە (ل٩٣- ١١٠).

دەپرسین ئایا رۆشنبیر و خوێندەواری کورد هەیە ئاگاداری لە زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم هەژدە لاپەڕەیە نەبێت؟ کێمان هەیە زانیاریمان دەربارەی ئەو کەڵەژنانەی کورد نەبێت کە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و گوتار و بەرنامە لەبارەیانەوە بڵاو کراونەتەوە؟، د. بەدرخان سندی بەشێکی کتێبەکەی (الکرد

فِي المنظور الإستشراقي) تەرخان کردووە بۆ پێگەی ژنانی کورد لای ڕۆژهەڵاتناسان. ئەرێ ئەمەیە مێژووی بزر و نەگێڕاوەی کورد؟ ئەرێ ناساندنی ئەم ژنانە چ پەیوەندیی بە مێژووی کوردی ئەو سەردەمانەوە هەیە.

ئەگەر لێکۆڵەر بایە و خۆی ماندوو بکردایە، بابەتی زانراو و باسکراوی دوپات نەدەکردەوە، بگرە دور نەبوو پرس و بابەتی تازەی لەمەڕ ژنی کورد بهێنایەتەوە، نەک بەم کارە هەڵنەستاوە، بەڵکو لە هەردوو کتێبەکەی، شاعیر پور فەرەیدونی شیرازی (سەدەی ٧- ٨ک/١٣- ١٤ز)ی بۆ کردووین بە ژن (کورد کێیە، ل٣٤٢، مێژووی بزر، ل١٠٤). بێ ئەوەی لەخۆی بپرسێت، ئەرێ چۆن دەبێت ئەم شاعیرە ژن بێت و ناوی فەرەیدون بێت؟. یەکەم جار وام دانا ئەم هەڵە زەقەی لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی)ی بۆرەکەییەوە وەرگرتبێت، ئەوەتا لە پێشەکیدا بە شانوباڵی هەڵ دەدات و بە" گەورەترین کار لەسەر مێژووی وێژەی کوردی" دایدەنێت (مێژووی بزر، لXI) و لە هەردوو کتێبەکەشدا زانیارییەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو، دەمێک گەڕامەوە بۆ دوو چاپی کتێبەکە[1]، دیتم ئەو وەک شاعیرێکی پیاو دەیناسێنێت نەک ژن! ئەوجا نازنرایێت چۆن کەوتۆتە ئەم هەڵەیەوە و ئەرێ بۆچی هەڵەی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەسانی دی و ڕەنگە (پور)ی فارسیی بە واتای کوڕ، بە (پور)ی کوردی بە واتای میمک- پلک تێگەهیشتبێت و بۆیە ئەم شاعیرە پیاوەی لابۆتە ژن.

هەروەها چاپەکەی (إنتشارات ناجی)، ساڵی ١٣٧٠هیجریی شەمسی پێوەیە کە زۆربەی دەکەوێتە بەرانبەر ساڵی ١٩٩١ی زایینی، بەڵام چونکە سفرکەی ساڵی ١٣٧٠ بە فارسی لە شێوەی (٥)ی بچووک نوسراوە، وا دیارە

---

[1] چاپی إنتشارات ناجی (بانە: ١٣٧٠ش)، ٣٩١/١- ٣٩٣ و چاپی دەزگای ئاراس (هەولێر: ٢٠٠٨)، ٣٩٥/١- ٣٩٧.

نەیزانیوە سفر بە فارسی بەو شێوەیە دەنوسرێت و ئەم ساڵەی بە ساڵی ١٣٧٥ تێگەهیشتووە و لەم لاپەڕەیە و چەند لاپەڕەی دی و لە لیستی سەرچاوەکان (کورد کێیە، ل٤١٩) کردویەتی بە ساڵی ١٩٩٦ز.
- میر سلێمانی کوڕی شاقولی سۆران- میر سلێمان کوڕی شاکەڵی (ل١٠١). ڕەنگە ئەمەی بە گوندی شاکەلی لای کفری زانیبێت.
- کوێخا نێرگزی شوان- کوێخا نێرگز شوانیی[1] کردووە بە مامە نێرگزە ڕەشەی شوانی ناوچەی گەرمیان (کورد کێیە، ل٣٤١). یان مامە قەرە نێرگزی هۆزی شوان (مێژووی بزر، ل١٠٢)، دەڤەری شوان کوا گەرمیانە و ئەرێ کورد بە ژن دەڵێت مامە فڵانە ژن؟.

هەروەها ئاخافتنی کوردناس مینۆڕسکی بە هەڵە و نیوەچڵی وەرگێڕاوە، کە دەڵێت محەمەدی کوڕی شەداد دامەزرێنەری میرنشینی شەدادی و سێ کوڕی لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی ٤ک/١٠ز روویان کردە ئەرمینیا و کورد زۆر جار محەمەد دەکەنە مەم و ئەمیشیان بە (مەم) ناو دەبرد کە هەر کورتکراوەی محەمەدە، مێژوونوسێکی ئەرمەنی بەهەڵەدا چووە و وای زانیوە (مەم) ژنە و دایکی ئەو سێ کوڕەیە، ئەحمەدی کیسرەوی (١٨٩٠- ١٩٤٥) درکی بەم بەدتێگەهیشتنە کرد و راستیی مژارەکەی روون کردەوە و دواتر مینۆڕسکی پشتگیریی کیسرەوی دەکات و لە کتێبی (چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی قەفقاسیا) باسی دەکات، کاک سۆران لە دەقی ئاخافتنی مینۆڕسکی تێنەگەهیشتووە و دەڵێت: "میری دەوڵەتی شەدادی... ناوی دایکی بەکارهێناوە "(ل٩٨)، و دواتر دەڵێت "دایکی میری دەوڵەتی شەدادیەکان (٩٥١-١٢٠٠)، کاریگەریی بەهێزی خۆی هێشتبووەوە بەسەر کاروباری بنەماڵەکەدا" (ل١١١).

---

[1] بڕوانە د. ڕەفیق شوانی، هۆز و ناوچەی شوان، دار رؤى (كركوك: ٢٠١٦)، ل٣٥٠- ٣٥١.

هـ- بەشی شەشەم کورتە و دەربارەی نەورۆز و سەرساڵی کوردییە (ل١١٩- ١٢٧) و ئاماژەکەی جەیمس مۆریە و قسە ئەفسانەییەکانی دینەوەری و مەسعودی دەگێڕێتەوە سەبارەت بە نەورۆز و جارێکی دی ئاماژە بە شاعیری وەهمی شاوەیس قولی دەکات و گوایا کتێبە باوەکانی ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆز زیاتر بە هی فارس لەقەڵەم دەدەن[1]. حوکمی هەردوو میرنشینی حەسنەوی و عەیارییشی تا چیای دەماوەند کشاندووە، چونکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، باسی چەژنێک کراوە لەوێ بە ناوی (کورد) و ئاگر کراوەتەوە، لەم بەشەش پێگیری بە ناوونیشانەوە نەکراوە و باسی ئاهەنگێڕانی خەڵکی سلێمانی کراوە لە دەستپێکی سەدەی بیستەم.

و- بەشی حەوتەم (ل١٢٩- ١٤٧) سەبارەت بە (سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانیەتی رۆژئاوا و ریشەی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان)ە و هەر لە ناوونیشانەکەیدا روونە باسی چی دەکات و بە زیادەڕۆییەوە قسە لە رۆڵ و پێشەنگیی شارستانیی کورد دەکات و گەڕاوەتەوە سەر سۆمەرییەکان و بڕێک وشەی سۆمەریی لێکداوەتەوە و بە کوردیی دایناون و هەڤبەری کردوون لەگەڵ زمانە هیندۆئەوروپییەکان، بۆ نموونە بێ هیچ بەڵگەیەک وشەی (قەیسەر)ی رۆمانیی گرێی داوە بە وشەی(خۆشتری)ی کوردی(ل١٣٢) کە لە شیعرێکی شاعیر نەوشێروانی بەغدادی (ساڵی ٥٧٥ک/١١٧٩ز) هاتووە و ناوبراو چەند وشەیەکی سەرزاری خەڵکی بازاڕی هەولێری تێکهەڵکێشی شیعرێکی کردووە و یاقوتی حەمەوی هێناویەتەوە[2]. پێشی وایە کە "زۆربەی

---

[1] لە دوا پەیامی دەربارەی ئەم جەژنە، کە نەورۆزی ئەمساڵ پەخشی کرد، دەڵێت: "هەموو ساڵێک کە نەورۆز دێ، من خەمم لێدێ، چونکە خەڵکانێک شتی سەیروسەمەرە لەسەر نەورۆز و کاوە و زوحاک دەڵێن...".

[2] معجم البلدان، ١/١١٦- ١١٨.

چیرۆکە ئایینیەکانی باخی عەدەن (جنات عدن)، بورجی بابل، کەشتییەکەی نوح و چیرۆکی دیی دێرین لە (گرێ میرازان) لە کوردستان پەیدا بوون" و گەهیشتۆتە ئەو ئەنجامانەی کە " شارستانیەتی رۆژئاوا بنەچەکەی لە کوردستان و کوردەوە هاتووە" (ل١٤٤، ١٤٧)، پاشتر تەئکید لەمە دەکات و "شوێنی گوزەرانی پێغەمبەر ئەیوب"یش دەخاتە سەریان (ل٢٩٦).

ز- بەشی هەشتەم بۆ زمان و وێژەی کوردی تەرخان کراوە (ل١٤٩-١٦٢) و بەرێزی چ شارەزاییەکی وای لە ئەدەبی کوردییش نییە و قسەکانی چ زانیارییەکی نوێی راست و دروست لەخۆ ناگرن، کەچی بە پێویستی دەزانێت پێداچوونەوە بە وێژەی کوردی بەدرێژایی مێژوو بکرێت (ل١٤٩) و کۆنترین جۆری وێژەی کوردیی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ٣٢٠٠پ. ز، واتا بۆ سەرەتای دەستکردنی گەلی سۆمەری بە تۆمارکردن. جارێکی دیش لە ئەلفوبێیە هەڵبەستراوەکەی ئیبن وەحشیە و ئەلفوبێیە ساختەکەی برایانی یەزیدی دەدوێت کە خۆیشیان بڕوایان پێی نییە بە ساختە و چێکراوی دادەنێن (ل١٥٣- ١٥٤). ئەوجا ناوی ژمارەیەک شاعیری ناودار و ناسراوی کورد دەبات، سەرباری ریزکردنی ژمارەیەک شاعیری وەهمیی شارەزوری و لوڕی و یارەسانی کە لە کتێبە نازانستیەکەی صدیق بۆرەکەیی و کتێبی هاوئاستی وەری گرتوون (ل ١٥٨- ١٦١).

بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە لێرەش پتر پشتی بە سەرچاوەی ئینگلیزی بەستووە، لەوانەش کتێبەکەی میهرداد ئێزەدی، ئەگەرنا ئەوا شاعیری ناوداری سەدەی هەژدەهەم سەلیمی کوڕی سلێمانی هیزانی، دانەری چیرۆکی (یوسف و زولێخا)ی لەکن نابوو بە "سالم سەلمان" (ل ١٦٠). ئەگەر پشتی بە سەرچاوە رەسەنەکانی وێژەی کوردی ببەستایە یان ئاگاهیەکی بەراهی لەمەڕ چاندی کوردی هەبایە، توشی هەڵەی واش نابوو، هۆی هەڵەکەش روونە و (سەلیم) و (سالم) بە ئینگلیزی بە هەمان پیت دەنوسرێن (Salim) و دەشیزانی

مەلا محەمەدی هەکاری هەر فەقێی تەیرانە و پێشتریش شاعیر ئەحمەدی خانیی بە نووسەر دانەدەنا و دەبوو شیعرێکی ئەم کەڵە شاعیرە لە (مەم و زین) وەربگرتایە، نەک لە ژێدەرێکی ئینگلیزی (ل٥٧).

- شێخ عەدی کوڕی موسافری هەکاریی کردووە بە شێخ عادی (ل ١٥٨- ١٦١).

ح- بەشی نۆهەم تایبەتە بە (کەسایەتیە ناودارەکانی کورد بە درێژایی مێژوو) (ل١٦٣- ١٧٥)و بەکورتی تەنها باسی سێزدە ناودار دەکات و نەشیاوە چ زانیاری یان هەواڵێکی نوێ بهێنێتەوە و ناکرێت بە مێژووی نەگێڕاوە دابنرێت، ئەو کەسایەتیانەش زۆر ناسراون و لەمێژە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بڵاو کراوەتەوە، جگە لەمە چەند هەڵەیەکیش کراوە:

- بەردیسان (١٥٤- ٢٢٢ز) زانا و بیرمەندێکی سریانییە نەک کورد، باوانی خەڵکی وڵاتی هدیاب- ئەدیابین بوون و کۆچیان کرد بۆ روها- ئۆرفە و لەگەڵ گەهیشتنیان، ئەو لە شوێنێکی لێوار رووباری دیسان لە ئۆرفە لەدایک بوو، بۆیە ناویان نا بەردیسان واتا کوڕی دیسان و ناوی چ پەیوەندییەکی بە چیای داسن و کوردە داسنییەکانەوە نییە.

- کتێبەکەی دینەوەری (الأخبار الطوال)ە، نەک (أخبار الطوال) و (اخابر الطوال) (ل١٦٥).

- سەردەمی مێژوونوس (ابن الأثير: ١١٦٠- ١٢٣٣ز)ی بۆ زانا ئەلجەزەری (الجزري) داناوە (ل١٦١)، روونە هۆی ئەم تێکەڵکردنە ئەوەیە کە (ابن الأثير)یش لەدایکبووی گوندێکی جەزیرەی بۆتانە و بە (الجزري) ناو دەبرێت و دەمێک لە شوێنێک بینیویەتی ئەم سەردەمە بۆ ئەلجەزری ناوێک دانراوە، بێ تەئکیدکردن وەک خۆی دایناوە وای زانیوە مەبەست زانا (ابن الرزاز الجزري)یە و لێرە مەبەستی (ابن الأثير) نییە چونکە پاشتر ناساندویەتی (ل١٧٤).

- کونیەی موزیکزان عەلی کوڕی نافیع ناسراو بە (زریاب) ئەبولحەسەنە (ابو الحسن)، کەچی کردوویەتی بە عەبدول حەسەن (ل ١٧٠)، دەبێت ئەمەشی لە کتێبێکی ئینگلیزییەوە وەرگرتبێت، بێئاگا لەوەی ئەو دەمانە چۆن ناوی خەڵکی دەکرا بە عەبدی حەسەن.

- (العز الضرير) و (ابن الرزاز الجزري) تا ئێستا چ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کوردن، وەک چۆن بەڵگەی بەهێزش نییە کە کورد نەبن، (ابن الأثير) و بنەماڵەکەیانیش راستە لە گوندێکی سەربە جەزیرەی بۆتان دادەنیشتن، بەڵام عەرەبن و لە هۆزی شەیبانن و نەک کورد و ئەمە راستییەکە و گومان هەڵناگرێت (ل١٧٣- ١٧٤) و لە شوێنێکی دی باسی کوردبوونی ناکات و بە گەورەترین مێژوونووسی سەردەمی ئیسلام دایدەنێت (ل١٨٦).

- باوانی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی ناودار بە (ابن خلكان) لە هۆزی زەرزاری (زراری- زەرزا)ن و خەڵکی گوندی خەلیکانی سەرووی رەواندزن کە تا ئێستاش ئاوەدانە، نەک خەلەکانی لای دوکان، (ابن المستوفي) باسی باوکی ئیبن خەلیکان ناکات کە ناوی ئەحمەدە، بەڵکو باسی عومەری کوڕی ئیبراهیم دەکات کە هەر لە ناوەکەی دیارە دەبێتە مامی نەک باوکی (ل١٧٢)، لێرەش دەردەکەوێت کە چەند رووکەشانە و بە هەڵەشەیی زانیاری دەگوازێتەوە، چۆن عومەر ناوێک دەبێتە باوکی ئەحمەدی کوڕی محەمەد ناوێک؟.

ط- بەشی دەهەم چل لاپەڕەیە (ل١٧٧- ٢١٦)، شازدە لاپەڕەی یەکەمی (ل١٧٧- ٢٠٤) هەرچەند دارشتنەوەی بەشی چوارەمی (کورد کێیە، ل٣٥٦- ٣٩٨)یە، بەلای منەوە وێڕای چەند تێبینیەک کە بەشێکی لە شوێنی خۆی و بەشێکی دی لێرە دەخرێنە ڕوو، باشترین پشکی کتێبەکەیە و شایانی دەستخۆشییە و بریتیە لە خوێندنەوەیەکی ورد و شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی رۆژهەڵات کە چۆن

ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسانی گەلانی دەرهاوسێ، سەرپاکی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردووە بە مڵکی خۆیان و چاوپۆشییان کردووە لە ئاست ڕۆڵ و پشکی نەتەوەی کورد لەم مێژووە، هەرچەند ئەم خوێندنەوەیە زێدەڕۆیی و گشتگیریی تێدایە، ئەم بەشەش لە هەڵە و تێنەگەیشتن بەدەر نییە:

- گەڕۆک (ابن حوقل: م٣٦٧ک/٩٧٧ز) دەڵێت لوڕ- واتا لوڕستان- ... پێشتر سەربە هەرێمی خوزستان- ئەهوازی ئێستا- بوو و پاشان خرایەسەر هەرێمی چیاکان (الجبال)... و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن[١]، ئەم ئاخافتنە کراوە بە: "ئیبن حەوقل وەسفی خوزستان دەکات بە ناوچەیەک کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن"(ل١٨٣). ئەمەش هەر بەڵگەی هەڵەشەییە لە خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاری.

- تۆماس مەرگە (توما المرجي: سەدەی ٣ک/٩ز) دانەری کتێبی (الرؤساء) بە زمانی سریانی، لەدایکبووی گوندی نەحشونی دەڤەری (بیث شارونایی)یە کە مەبەست وڵاتی شێروان و بارزانە نەک شارۆچکەی شێروانە(ل١٩٤)، پێدەچێت شارونایی بە قەڵای شێروانەی تەنیشت کەلار تێگەیشتبێت، لە (کورد کێیە)ش دەڵێت تۆماس کتێبەکەی لە کەرکوک نووسیوە (ل٣٨٢)، ئەمەش وا نییە و کتێبەکە لە دێری (بیث عابي) لە دەڤەری ئاکرێ نووسراوە و چ پەیوەندییەکی بە کەرکوکەوە نییە و ئەم زانیارییانە هەر لەسەر بەرگی وەرگێڕدراوی عەرەبی کتێبەکە یاداشت کراوە [٢] و نازانرێت ئەم زانیارییە هەڵەیەی لە کوێ هێناوە.

---

[١] صورة الأرض، ص٢٣٣.

[٢] بڕوانە، توما أسقف المرج، كتاب الرؤساء ويتناول أخبار أناس فضلاء عاشوا في مختلف الأجيال في دير (بيث عابي) المقدس، عربه ووضع حواشيه الأب ألبير أبونا، المطبعة

- ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی شەهرەزوری مەدەنی (شاری مەدینە) نەک مەدانی (المداني)، یوسفی کوڕی ئەلیاسی گۆرانی نەک (یوسف الألياس)ی گۆرانی (ل١٩٩).

- مستەوفی قەزوێنی (م: ٧٥٠ک/١٣٤٩ز) ناڵێت سلێمانشاهی یەکەم والیی کوردستان، سەلچوقی بوو[1]، ئەم هەڵەیە بەهۆی بەدتێگەهیشتنی رۆژهەڵاتناس گی لی سترنجەوە (١٨٥٤- ١٩٣٣) تەشەنەی کرد و وەک راستییەک چەسپا، ئەمەش بەڵگەیە کە کتێبەکەی مستەوفی قەزوێنی نەبینراوە (ل٢٠٧).

ی- بەشی یازدەهەم، سێزدە لاپەڕەیە (٢١٩- ٢٣١) و شازدە وێنە و نەخشەیەک دەگرێتە خۆ کە نزیکەی سێیەکی لاپەڕەکانیان گرتۆتەوە و سەبارەت بە چاخی نیۆلیسیکە ( ١٠٠٠- ١٦٠٠پ. ز)، پێویست بوو ئەم بەشە بکرێتە بەشی یەکەم نەک بەشە کۆتاهیەکانی کتێبەکە، ئەمەش نیشانەیەکی زەقی ئەوەیە کە ئەم کتێبە چەند کێشە و گرفتی هەیە و تەنانەت لە ریزکردنی بەش و بابەتەکانیشی بێخەوش نییە، هاوکات سەنگی ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە کتێبەکە سەرەتا وەک کۆمەڵە وتارێک ئامادە کراوە.

هەرچۆنێک بێت لەم بەشەدا جارێکی دی گەڕاوەتەوە لای سۆمەرییەکان و پەسنی باڵادەستی و داهێنانەکانیان دەکات و کێشەیان لەگەڵ گۆتییەکان کە هەردوو لایان کوردن بە کێشەی نێوان کوردی دەشت و تەختایی و کوردی چیا لێک داوەتەوە، ئەمجا بەکورتی باسی هەڵکشانی گەلانی سامی- جەزەریی وەک ئەکەدی، ئەموری، دەرکەوتنی گۆتییەکان، بووژانەوەی سۆمەری، کاشییەکان دەکات.

---

العصرية (الموصل: ١٩٦٦).

[1] نزهة القلوب، ص١٦٢- ١٦٤.

ک- بەشی دوازدەهەم و سێزدەهەم دەربارەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی هوری- میتانی، شانشینی مانایییەکان، ئیمپراتۆریەتی ماد، شانشینی میدیای ئاترۆپاتیان، شانشینی هەزەبان، شانشینی کوردایین- گۆردائینەیە (ل٢٣٣- ٢٩٨).

جارێکی دی دەڵێم بریا پسپۆڕانی مێژووی دێرین و ئەرکیۆلۆجیا دەکەوتنە خۆ و خوێندنەوەیەکی وردیان بۆ سەرچاوە و چۆنیەتی وەرگێڕان و وەرگرتنی زانیارییەکانی ئەم سێ بەشە (١١- ١٣) دەکرد. ئەوەتا لە چواردە لاپەڕەدا (ل٢٨١-٢٩٥) زۆر بە زیادەڕۆییەوە لە هێز و پایە و سنوور و ڕەگوڕیشە و تەمەنی شانشینی هەزەبان- ئەدیابینە دەدوێت کە هەر دووبارەکردنەوەی ئەوەی (کورد کێیە، ل٢٤٣- ٢٥٦)یە. ئەگەر کەسێک ئەم لاپەڕانەی هەردوو کتێبەکە لەگەڵ ئەم دوو تۆژینەوە ئەکادیمییەدا، بەراورد بکات کە بە (pdf)یش هەن:

١ـ د. کامەران محەمەد جەلال، پێگەی ئەدیابین و کاریگەریی لە گۆڕانە سیاسی و کلتورییەکاندا لە سەدەی یەکەمی پێش زایینەوە تا سەدەی حەوتەمی زایین[1].


٢- د. کۆزاد محەمەد ئەحمەد و هاژە عەبدولجەبار ڕەزا، بارودۆخی سیاسیی ئەدیابین لە سەردەمی ئەشکانیدا[2] و ئەو نەخشەیەی شانشینەکەش (ل ٢٧٨) لەگەڵ نەخشەی هاوپێچ بەراورد بکات، ئەوجا دەزانێت کاك سۆران چیی بەسەر

---

[1] گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٢)، ژمارە (٤)، سالی ٢٠١٥، ل١٦٥- ١٨٨.

[2] مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد (٩)، العدد (٤)، سنة ٢٠٢٣، ص٧٤- ٨٠. نەخشەکەم لەم تۆژینەوەیە وەرگرتووە و ئەوانیش لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزییەوە وەریان گرتووە.

مێژووی کورددا هێناوە و چۆن بە ئارەزووی خۆی و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەیشێوێنێت و دەیەوێت وێرانی بکات[١].




بەخۆم لە بەشەکانی دی چەندین کەموکوڕی و کێشەی میتۆدی ئەم سێ بەشەم دیاری کرد و هێشتا هی دی هەن:

[١] لەم ڕۆژانە ئەم بابەتەی کردە هەلقەیەکی بەرنامەی (خۆناسین) بە ناوونیشانی (هەزەبان دەوڵەتێکی کوردی لە پیرەمەگروونەوە تا قودس) و بڕوانە سنوورەکەی لە نەخشەکە.

- گوندی حەزە (حزة) کە کۆنترین ئاوەدانیی ناوداری وڵاتی هەولێرە و هەنکە بە عەزە- عەزەوقونیان دەناسرێت، چ پەیوەندیی بە ناوی حدیاب- هدیاب- ئەدیابینەوە نییە.
- حدیاب لە سەردەمی ئیسلامی بووە ناوی گەورەترین هۆزی کورد، هدیابانی
- هەدبانی کە لە گشت سەرچاوە عەرەبییەکاندا کراوە بە (الهذبانیة)، واتا پیتی (د) کراوە بە (ذ)، وەک چۆن وشەکانی پالودە، پۆڵاد، ئوستاد، هەمەدان...هتد کراون بە فالوذة، فولاذ، أستاذ، همذان، کەچی لە سەرانسەری کتێبەکە کراوە بە هەزەبانی.
- گریمانەی پەیوەستکردنی ناوی گوندی (گردعازەبان)ی هەولێر بە هەدبانی- هەزەبانییەوە، بەدەرە لە راستی و واتای ناوی ئەم گوندە روون و ئاشکرایە.
- باسی میرێکی هەدبانی دەکات کە لە سوپای ئەیوبی بووە و ساڵی ٦٨٧ک بۆتە والیی دیمەشق (ل٢٨٣، ٢٨٧)، ئەم میرە ساڵی٦٩٣ک/١٢٩٤ز لە ولایەتی دیمەشق لابرا و یەکێکی دی لە جێگای دانرا [١]، کەچی دیمەشق لە ساڵی ٦٥٨ک/١٢٦٠ز ەوە بەدەست ئەیوبیەکانەوە نەما و دەوڵەتەکەیان لەناو برا.

## ٢- بەشی کۆتاهی: دانان یان وەرگێڕان:

لە بەشی کوتاهی- چواردەهەمدا، چل و هەشت لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ ئاخافتن لەبارەی میرنشینەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست (ل٢٩٩- ٣٤٧)، وێڕای ئەوەی هیچ شتێکی تازە و نەزانراوی نەهێناوە و هەرگیز مێژووی نەگێڕدراوەی بۆ نەگێڕاوینەتەوە و تەنها دەقی ناو چەند کتێبێکی نوێ و

[١] بڕوانە: الذهبي، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، دار الكتاب العربي (بيروت: ١٩٩٣)، ٢١/٥٢.

ناسراو و بەردەستی ئینگلیزی و عەرەبی و وتاری ئینسایکلۆپێدیاکانی ئیسلامی، ئیرانیکا، بریتانیکای وەرگێڕاوە و جاروبارىش خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی رەسەن، ئەوەندە هەیە بە ویست و ئارەزووی خۆی شرۆڤە و راڤەی بۆ رەفتار و هەڵسوکەوتی میرانی کورد کردووە کە لە بەشی چوارەم برگەی (٢) لێیان دواین، بۆیە رەوا نییە ئەم بەشە بە دانان ناو بنرێت، بەڵکو وەرگێڕانێکی رووتە و لە گەلێک بابەتدا کەوتۆتە هەڵەوە و ناوەکانی بە نادروستی و شێواوی وەرگێڕاوە.

لەم بەشەش دەهان جاری دی دەیسەلمێنێت کە هیچ ئاگاهیەکی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست نییە و زۆربەی هەرەزۆری زانیارییەکانی تەنها لە ژێدەرە نوێیەکان و بەرهەمی رۆژهەڵاتناسان گوێزاوەتەوە.

ئەگەر تۆزێک ورد بایە، ئەوا میر وەهسودانی کوڕی مەملانی رەوادیی خاوەندی ئازەربایجان و میر (أبو الهيجاء بن ربيب الدولة)ی خوشکەزای کە ئورمێی بەدەستەوە بوو، نەدەکرد بە یەک میر و تەنها پاش سێ لاپەڕە، ئەم خاڵ و خوشکەزایەی[1] نەدەکرد بە مام و برازا (ل٣٠٤، ٣٠٧) و ونداد و غانمیشی کە خاڵی میر حەسەنویە- حەسەنۆی کوڕی حوسێنی بەرزەکانی بوون[2]، نەدەکردن بە مامی و وندادیشی نەدەکرد بە ویداد(ل ٣١٥).

ئەوەی راستی بێت، سەرەتا نەمدەزانی بۆچی دوو جار (خاڵ) دەکات بە (مام)؟، پاشان رازەکەم بۆ ئاشکرا بوو و زانیم کە وشەی ئەنکل (uncle)ی ئینگلیزی هاوکات واتای خاڵ و واتای مام بەدەستەوە دەدات، ئەویش تەنها ژێدەری ئینگلیزی بەکار دەهێنێت و ئاگای لە کتێبی (الكامل في التأريخ) و

---

[1] الكامل في التأريخ ، ٤١٦/٧، ١٧/٨.

[2] الكامل، ١٢٤/٧.

سەرچاوە و ژێدەرەکانی دی نییە، دیارە نەشیزانیوە ئەو وشەیە دوو مانا هەڵدەگرێت، بۆیە هەواڵەکەی شێواندووە.
- شەڕی قادسیەش لە نێوان عەرەبەکان و ساسانییەکان لەسەر خاکی کورد رووی دا (ل٢٩٩)، دەرکەوت باشوری عێراقیش بەشێکە لە کوردستان.
- (الغز العراقيين)ی وەرگێڕاوە بۆ ئەراقیەکان و تورکمانی ئەراقیە و بێگومان نەیزانیوە ئەراقیە هەر (العراقيين)ە(ل٣٠٧).
- توگرل- توگرێل، ئەحمەدیلی- ئەحمەدلی (ل٣٠٨، ٣٢١).
- ئاق سونقر و خاص بەگ، دوو کوێلەی تورکی بوون و پاش کوژرانی میر ئەحمەدیلی رەوادی لە ساڵی ٥١٠ک/١١١٦ز حوکمی مەراغە و پارچەیەکی ئازەربایجانیان گرتە دەست، ئەو کردوونی بە کورد و کوڕ و نەوەی ئەحمەدیل و لێکدانەوەیەکی دوبارە و سەیریشی بۆ ناوی (خاص بەگ)ی تورکی کردووە و گرێی داوە بە وشەیەکی سۆمەری و وشەیەکی دیی میدییەوە (ل٣٠٩، پ٢).
- لە باسکردنی شەدادییەکاندا، تەنها دوو ئاخافتنی مینۆڕسکی و ئاخافتنی کتێبێکی نوێی عەرەبیی وەرگێڕاوە (ل٣١٠)، قسەکانی دیکەی وەرگێڕانی وتارێکی (Peacock)ە لە ئینسایکلۆپیدیای (ئێرانیکا).
- چونکە ناشارەزایە لە مێژوو و بە پەلەش لە کتێبێکی ئینگلیزییەوە دەنگوباسێک دەگوێزێتەوە، سەردەمی خەلیفە (المعتضد: ٨٩٢- ٩٠٢ز)ی لەلا بۆتە ساڵی تێکشکاندنی سوپاکەی شەدادی کورد خاوەندی قەڵای (الحسنية)- زاخۆ نەک ناوچەی جەزیرە" ...لە ساڵی ٨٩٢- ٩٠٢ز لە لایەن سوپای خەلیفەوە تێکشکێنراوە" (ل٣٠٩)، ئەمە ساڵ نییە سەردەمە. یان کە لە کتێبێکی ئینگلیزی دەنگوباسێکی دی وەردەگێڕێت، شاوری کوڕی فەزڵ (فضل)ی شەدادی دەکات بە شاڤور کوڕی فازیل و مەحمودی کوڕی شاور دەکات بە مەحمودی کوڕی شاڤۆر (ل٣١٢- ٣١٣).
- موسای کوڕی فەزڵۆنی شەدادی نەمرد، هاتەشتن (ل٣١١).

- چونکە بە شپرزەیی دەنووسیت و پێیدا ناچێتەوە، نەی پرسیوە چۆن دەگونجێت فەزلۆنی چوارەمی شەدادی کە ساڵی ١١٢٦ز شاری ئانی گرتەوە و باوکیشی پاش ساڵی ١١٢٤ز مرد، کچی خۆی بدات بە میر نەسرئەلدەولە (نصر الدولة)ی مەروانی- نەک ناسر ئەلدەولە- کە ساڵی ١٠٦١ز لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد (ل٣١٣)؟.

- لە کتێبەکەی مستەوفی قەزوێنی ناوی عەنازی بە عەیاری هاتووە[1]و پێدەچێت ئەمە هەڵەی نەسخکارانی دەستخەتەکان بێت کە (عناز)یان بە (عیار) خوێندۆتەوە و شەرەفخانی بەدلیسییش هەر لەوەوە ئەم هەڵەیەی وەرگرتووە[2]، کەچی بەڕێزی چونکە سەرچاوەکەی نەدیتوە، مستەوفی قەزوێنیی لەلا بووە بە ئیبن مستەوفی (ابن المستوفي: ٦٣٧ک/١٢٣٩ز) دانەری کتێبی مێژووی هەولێر(تأريخ أربل) (ل٣١٨) کە تایبەتە بە ژیاننامەی ناودارانی هەولێر و هەرگیز ناوی میرانی عەنازیی شادنجانی نەهێناوە. دیارە ئەم جیاوازییەی لە د. حوسامەدین نەقشبەندی یان یەکێکی دیەوە وەرگرتووە کە ئەویش هەر لەوەوە وەریگرتووە بێ ئەوەی ناویان بهێنێت. پێشتر لە نەشارەزاییەوە (عەنازی) بە (عەنەزی) وەرگێڕاوە (کورد کێیە، ل٤١٣)، بەڵام لێرە عەنازی و عەیاری بە راست نازانێت و وای بۆ دەچێت ناوە راستەکەی هەیارییە.

- دەسکەرە- کراوە بە داسکەرە (ل٣١٨).

-لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی (Encyclopaedia of Islam) بابەتی (Annazids) باسی شەڕی میری شادنجانی دەکات لەگەڵ هەردوو هۆزی (بنو

---

[1] تأريخ گزيده، ص٥٥١.

[2] شرفنامه، ص١١٩.

عقيل) و (بنو مزيد)، هۆزی دوهەمی وەرگێڕاوە بۆ (بەنو مەعاز) و لە دێڕی پاشتر بە (بەنو مەزیاد) خوێندویەتیەوە (ل٣٢٠).

- دۆستەک ناوی باوکی میر باد- پادە و وای زانیوە ناوی هۆزە و دوو جار دەڵێت هۆزی دۆستەکی (ل٣٢٢).

- ئەبوعەلی کوڕی مەروان کوڕی کەک- کراوە بە ئەبوعەلی کوڕی مەروان کوڕی دۆستەک (ل٣٢٢- ٣٢٣).

- نظام الدين نەصر راستە وەک لە (تاريخ الفارقي)و سەرچاوەکانی دی هاتووە، نەک نظام الدولة نەصر (ل٣٢٥) لە سەرچاوەی درەنگتر بە هەڵە کراوە بە (نظام الدولة).

- (الفارقي) و (ابن المستوفي) کورد نین و بەخۆیان دەڵێن عەرەبین و باپیری (ابن المستوفي) لە موصڵەوە کۆچی کرد بۆ هەولێر (ل ٢٣٤، ٣٢٥).

- زیاری کوڕی شەهراکویە (زيار بن شهراکويه)[1]، کراوە بە زیاری کوڕی شەهری ئاکۆیی (ل ٣٢٢) و موسەکی کوڕی جکو- چەکۆی هەدبانی، کراوە بە موسەکی کوڕی ئاکۆی هەزەبانی (ل٣٢٧، ٣٢٩). پێدەچێت وای زانیبێت ئەم کەسانە لە عەشیرەتی ئاکۆی دانیشتووی دەڤەری رانیەن.

- ناوی میرانی عەنازی براوە و وێنەی دراوێکی میر عەلیی کوڕی عومەر پیشان دراوە، ئەم دراوە لەزووەوە لێکۆڵینەوەی لەمەڕ کراوە و محەمەد سەلیم بەدرخانیش کە کوردێکی دانیشتووی ئوردنە، کتێبێکی لەبارەی دراوی میرانی کورد داناوە و باسی ئەم دراوە دەکات، کاک سۆران وێنەکەی لە سایتەکان هێناوە و دایناوە بێ ئەوەی لەسەری بدوێت و بڵێت کێیە و دیارە لە ماڵباتی دەسەڵاتداری عەنازی نییە.

---

[1] الكامل، ١٥٣/٧.

- باسی (ممهد الدولة)ی مەراونی کراوە و کە وێنەی دراوێکی خراوەتە ڕوو، کراوە بە (مؤید الدولة) (ل٣٢٠، ٣٢٤)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنها سەرقاڵی زانیاری خڕکردنەوە بووە و ئەم ناکۆکییانە سەرنجی رانەکێشاوە.
- پاش کورتە باسێکی میرنشینەکان، دێتە سەر باسی (ئیمپراتۆریەتی ئەیوبی)، لەبەر گرنگی ئەم بابەتە لە لە بڕگەیەکی تایبەتی بەشی پێشوودا، سەرنجەکانم خستە ڕوو، ئەمجا باسی هەر چوار دەوڵەتی: لوڕی گەورە، شوانکارە، کوردگەلی و لوڕی بچووک (ل٣٤٥- ٣٤٧)، دەکات کە تەنها لە کتێبی (تاریخ الدول والإمارت الكردية)ی محەمەد ئەمین زەکییەوە گوێزاویەتەوە و ئاماژەی پێداوە.

ئەمەو چەند ناتەواوییەکی دی وەک نەبوونی لیستی سەرچاوە لە کۆتاهی کتێبەکەدا و نووسینی پەراوێزەکان بە پیتی لاتینی، چۆن دەکرێت کتێبێک بە پیتی عەرەبی نووسرابێت و سەرچاوە و ژێدەری عەرەبی و کوردی بەکار هێنرابێت و ناوی ئەو سەرچاوە و ژێدەرانە لە پەراوێزدا بە پیتی لاتینی بنووسرێت.

# بەشی حەوتەم
# ئامانجی ئەو و ئەنجامی ئەم کتێبەی من

## ١- ئامانجی ئەو، خزمەتکردن و راستکردنەوەی مێژووی کوردە یان بازرگانی پێوەکردنیەتی؟:

من لێرە بە کورتی دەیبڕمەوە و تەنها هەندێک راستی پێشچاو دەخەم کە لە خودی کتێب و چالاکییەکانی خۆیەوە هەڵهێنجراون، ئەوجا خوێنەران ئازاد و سەرپشک دەکەم لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە:

- ئایا مەبەستی کاک سۆران لە دانانی ئەم یەک- دوو کتێبە، بەڕاستی خزمەتکردن و راستکردنەوەی مێژووی کوردە؟ یان ئەم مێژووەی وەک کاڵایەک خستۆتە گەڕ بۆ بەرژەوەندیی مەعنەوی و مادیی خۆی، واتا بۆ ناودەرکردن و بازرگانیکردن؟:

أ- لە دەستپێکی (کورد کێیە)دا، مافی چاپی بۆ خۆی پاراستووە- بێگومان ئەمە هەقی خۆیەتی- و رێگای بە کەس نەداوە بە کڕین یان بە ناوهێنانی کورتی ئەکادیمی نەبێت، بە هیچ شێواز و رێگایەکی دی کەڵکی لێ وەربگرێت، لە پێشەکیی (مێژووی بزر)یشدا، بە دوپاتکردنەوەی ئەم ئاگادارییە نەوەستاوە، بەڵکو وریاکردنەوەیەکی یەک لاپەڕەیی داڕشتووە کە من بەخۆم لە هیچ کتێبێکدا، وریاکردنەوەی وا زبر و درێژم نەبینیوە و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم لە هەڕەشەنامە نزیکترە. ئەگەر هەر کەسێک بە کۆپیکردن، دۆکیومێنتەری ڤیدیۆیی یان دەنگی، بە(pdf)کردن، بەدەنگکردن، وەگێڕانی هەر بەشێکی... دەستدرێژی بکاتە سەر کتێبەکەی، ئەوا بە دزیکردن دایدەنێت و وەک دز رەفتاری لەگەڵ دەکات و سکاڵا لە دژی تۆمار دەکات (لxiii).

ب- کتێبی (مێژووی بزر) له کتێبخانەکان دانراوه و نرخی (٢٥٠٠٠) دیناره و له پیشانگای ئەمساڵی هەولێر نمایش کرا و کۆڕی لەسەر گێڕا و ڕێکلامی بۆ کرد و بەپێچەوانەی نەریتی پیشانگاکان، چ داشکاندنێکی بۆ نەکرا، هاوکات چاپی دوهەمی (کورد کێیه)شی بڵاو کردەوه و به (١٥٠٠٠) دینار دەفرۆشرێت و کاتی خۆی نرخی چاپی یەکەمی ئەمەشیان (٢٥٠٠٠) دینار بوو، ئەمه له دەمێکدا دەگمەن کتێبی کوردی هەن نرخیان هەنده گران بێت.

ج- ئەرێ بۆچی هەمان کتێب پاش ده ساڵێک، دەستکارییەکی کەم و رووکەشانەی دەکات و پاشوپێش به بەشەکانی دەکات و لێی زیاد و کەم دەکات و زیاتر له سەد وێنەی و نەخشەی بۆ زیاد دەکات[1] و شتی زانراوی دەخاته سەر و به ناوونیشانێکی نوێوه بڵاوی دەکاتەوه و دەیفرۆشێتەوه؟ که دەکرا و وا باویشه، لەبری ناوونیشانی نوێ، به چاپی لێزیادکراو، پوختەکراو، بژارکراو، دەستکاریکراو چاپ بکرایەتەوه، ئەرێ کەنگی و کام توێژەر یەک کتێبی به دوو ناوونیشانی جیاواز بڵاو دەکاتەوه!.

د- چاپی (Hardcover)ی ئینگلیزیشی:

(THE LOST AND UNTOLD HISTORY OF THE KURDS) له ئەمازۆن به (٧٤.٢١) دۆلاره و به بەرگی ئاساییش به (٦١.٦٧)دۆلار و وێنەی خستنەڕووی کتێبەکەم لەلایه.

هـ- هەر رۆشنبیر و خوێنەرێک، ئاگای له چالاکیی چڕ و فرەچەشنەی بێت و کتێبەکانی خوێندبێتەوه، چاک دەزانێت که هەردەم خۆی به تاکه شاسواری مەیدانی مێژوونووسیی کوردی دادەنێت و وەک توێژەرێکی زانا و دڵسۆز و خەمخۆر خۆی نمایش دەکات و گوایا هاتنەدەنگیشی تەنها لەپێناو خزمەتکردن و هەموارکردنەوەی چەواشەکاری و چەوتی و چەوێڵییەکانی

---

[1] له کورد کێیه، نزیکەی حەفتا وێنه و نەخشه هەیه.

مێژووی نیشتیمان و نەتەوەکەیەتی، ئەگەر یەکێک بەڕاستی ئاوەها بێت و هەندە رەنج و شەونخونی کێشابێت تا ئەم پەیامە پیرۆزەی بگەهێنێت، پێویست بوو لە ئاست هاوزمانان و هاونیشتیمانانی، دەستوپەنجەی نەرم بکردایە و نرخێکی گونجاوی وەهای لەسەر یەک- دوو کتێبەکەی دابنایە، گشت خوێنەرانی تینووی راستی و هەقیقەت توانای دارایی ئەوەیان هەبایە بیانکڕیایە، تا هۆشیار ببنەوە و بە مێژووی راستەقینەی باوانیان و بە سەروەری و پێشەنگیی نەتەوەکەیان ئاشنابن، نەک نەوێرن توخنی بکەون و تەنها هەقی ئەوەیان هەبێت بچن بە نرخێکی گران بیکڕن.

بەڵێ ئەگەر هیوا و ئامانجی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری بایە، دەبوو نرخی زۆر هەرزانتر بکردایە و تۆزێک خاتری جەماوەری هاوڕێیان و هاوبیران و هەوادارانی بگرتایە کە بێڕادە پێی دڵبەند و گرفتارن و هی وایان تێدایە بە پێویستی دەزانێت کتێبەکەی "بە ئاوی ئاڵتون" بنووسرێتەوە و هەشیانە پێی وایە بەڕێزی"حەزرەتی ئیبراهیم ئاسا بە گۆپاڵەکەی کەوتۆتە شکاندنی یەکەیەکەی بتەکان". برادەرێکی یارەسان- کاکەییشی بە نەوازشەوە بۆی نووسیەوە کە کار و کردارە پیرۆزەکانی بە هاوتای پیرۆزیی دەقەکانی کتێبی (سەرەنجام) دەزانێت و دڵنیایە (خاوەندکار) چۆن زاتی پیر بنیامینی بە ئەفلاتۆن و زاتی داود- ئیسرافیلی بە ئەرستۆ بەخشی، ئاوەهاش زاتێکی دیکەی کە رەنگە پیرموسای قەڵەمزەڕی بێت بە ئەو بەخشیوە![1]. ئەمە لەکاتێدا زۆر لێکۆڵەر و دانەر و وەشانخانەی حکومی هەن، بەرهەمەکانیان دەکەنە (pdf) و لە سایتەکان دایدەنێن، تا خوێنەران و توێژەران کەڵکی لێ وەربگرن و حاڵی حازر هەزاران کتێبی پەیوەست بە کوردەوە بەم شێوە ئاسانە بەردەستن. هەشە بە نرخێکی گونجاو و لەبار دەفرۆشرێت.

---

[1] ئەم پێهەڵدان و ستاییشانە، لە کۆڕ و پۆست و دیدارەکانییەوە وەرگیراون.

و- وەک چۆن خاوەند کاڵایەک دەمێک ڕیکلام بۆ کاڵاکانی دەکات، لەپەناوە تانە و تەشەر دەگرێتە کاڵای هاوپیشە ڕکابەرەکانی، ئەویش کە دێت لە بابەتێکی زانراو و باسکراوی پەیوەست بە کورد و کوردستان دەدوێت، ناهێت ئاماژەیان پێ بکات و نموونەیەکیان لێ بهێنێتەوە، بەڵکو تەنها ئاماژە بەو کارانە دەکات کە بە خراپی و نەرێنی لەو مژارە دواون و بەلاڕێدا بردوویانە، ناوی ئەو توێژەرە کوردانەش نابات کە پێشتر بەرپەچی ئەو چەشنە چەوتی و نۆڕینانەیان داوەتەوە و جارجار توانجی کەمتەرخەمی و پشتگوێخەرییان ئاڕاستە دەکات، تا وا پیشان بدات کە بەر لەخۆی کەس ئاگای لەو مژارەی نییە و ڕاستی نەکردۆتەوە و ئەو بە هەڵەداوان هاتووە و فریا کەوتووە و ڕاستییەکەی پێکاوە(ل٣-٤، ١٢٦، ١٤٩، ١٧٨، ٢٠٠ -٢٠٣، ٢٠٥ -٢٠٦، ٢١٤، ٣٠٦)، یان لەخۆیەوە و بێ بەڵگەهێنانەوە، توانج لە زانکۆکان و دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستان دەگرێت و هەوڵ دەدات کارەکانیان نابووت و بێبەها بکات (ل٢١٥).

ز- بە کتێبەکەیەوە جگە لە کوردستان، وڵات بە وڵاتی ئەوڕوپا و شار بە شاری ئەڵمانیا: نویرنبێرگ، شتوتگارت، دارمشتاد، هانۆڤەر، بەرلین و میونشن دەگەڕێت تا بۆ ڕەوەندی کورد نمایشی بکات و پێیانی بفرۆشێت و لە سیمناری ناساندنی کتێبەکەی لە پیشانگای هەولێر- ٢٠٢٤، ڕایگەیاند کە بیست و نۆ کۆڕی گێڕاوە و دیارە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ح- یۆتیۆبەکەی کردووە بە سەکۆیەکی ڕیکلامکردن بۆ فرۆشتن و ساخکردنەوەی کتێبەکەی و ژمارەیەک ڤیدیۆی پەخش کردووە، بۆ دڵنیابوون بڕوانە ڕیکلامی (بێ تێگەیشتن لە کورد مەحاڵە لە مێژووی دێرینی مرۆڤایەتی بگەین)، لە ٢٧- ١- ٢٠٢٣ و (کۆنترین دەقی ڕاهێنانی ئەسپ لە مێژوودا بە زمانی کوردی دێرینە)، لە ٢٤- ٤- ٢٠٢٣...هتد.

ئەرێ کێ دیویەتی کەسێک کتێبێک دابنێت و پاشان وەک کاڵایەک و کەلوپەلێک، پەیتاپەیتا لە تۆڕە جڤاکییەکانەوە ڕێکلامی بازاڕکردنی بۆ بکات، ئەم ڕێکلامکردنە چڕە تەنها بەسە بۆ ئەوەی تەواو قەناعەت بهێنین کە کتێبەکە ڕێک کاڵایەکی بازرگانییە نەک شتێکی دی، ئەگەر کتێبێک زانستی و بەسوود بێت، ئەوا خەڵکانی روناکبیر و خوێندەوار بەپەرۆشییەوە بۆی دەگەڕێن و پەیدای دەکەن و چ پێویست بە ڕێکلام و بانگەشە ناکات.

ط- هەر کەسێک، کتێبخانەیەک، رۆژنامەیەک، سایتێک پەسنی خۆی و کتێبەکەی بکات، گورج بڵاوی دەکاتەوە و بەخۆی سەرجەم ئەم بزاڤ و چالاکییانەی داناوە و لە تۆڕەکان بەردەستن. توێژەری راستەقینە هەندە پەرۆشی دەستخۆشی خەڵکی نییە و هەندەش گوێ بە ستایش و پێداهەڵدان نادات.

## ٢- ئەنجام:

- کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد)، هەرگیز دەست نادات بە زانستی و متمانەپێکراو لەقەڵەم بدرێت و لە ناوەندە ئەکادیمییەکان جێگای بکرێتەوە و پشتی پێ ببەسترێت، چونکە بەدەرە لە زۆربەی هەرەزۆری پرنسیپ و بنەماکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و دارماڵە لە شێواندن و گاڵتەجاڕی و بەلاڕێبردن و هەڵەوپەڵە و کێماسیی جۆربەجۆر.

- دانەر لە نووسینیدا، تەواو بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی نەمر محەمەد ئەمین زەکی کاری کردووە کە تکا لە لاوانی کورد دەکات" تابیعی حیس و خەیاڵ نەبن و لەخۆیانەوە هیچ هەڵنەبەستن و حادیثاتی تاریخییە نەگۆڕن بۆ ئەو بەحثانەی کە ئەینووسن، وەثیقەیەکی موعتەبەر و مەعرووف نیشان بدەن". بۆیە ئەو ڕەنجەی لە دانانی کێشاویەتی "بەضایەع" چووە و کتێبەکەی" قیمەتێکی عیلمییە"ی نییە و "لە لایەکی تریشەوە"، زیان بە "خۆی و قەومەکەی" دەگەهێنێت.

- به چ بیانوو و پاساوێک، خزمەت بە دیرۆک، کولتور، ئەدەب، زمان، جڤاک، رۆشنبیریی کوردی ناکات و بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی دۆزی رەوای ئێستا و ئایندەی نەتەوەکەمان نییە، بەڵکو نەدووره زیانی پێ بگەهێنێت.
- گورزێکی هەنوکەیی کوشندەیە لە بزاڤی مێژوونوسیی کوردی و هەر کوردناسێک و پسپۆڕێکی بیانی بیخوێنێتەوە، بە ئەقڵی کورد پێدەکەنێت و بەزەیی پێمان دێتەوە کە کەسانی وامان هەن ئەوەندە لە بواری لێکۆڵینەوەدا ساکار و کۆڵەوارن، ئەم ئەنجامانە کتێبی (کورد کێیە)ش دەگرنەوە، چونکە دەکرێت بە چاپی یەکەمی (مێژووی بزر) دابنرێت.
- وابزانم هەر کەسێکی دلسۆز و بێلایەن و بەویژدان، کتێبەکە و پاشان ئەم کتێبەی من بە وردی بخوێنێتەوە، تەواو هاوڕام دەبێت و دەگاتە هەمان ئەنجام.

## ٣- دوا پەیڤ:

مایەی شادمانی و خۆشحاڵییە کە ئەم تەرزە شێواندن و چەواشەکارییانە با ماوەیەکی کورت یان درێژ بخایەنن و خەڵکانێک دەستخەڕۆ بکەن و جەماوەرێک بۆخۆیان پەیدا بکەن و کاریگەریی نەرێنیی بەروەخت و کاتی بەجێ بهێلن، ئەوەندە بڕ ناکەن و هەر دەپوکێنەوە و شوێنەوار و باندۆریان نامێنێت و پشتڕاستم کە وەک چۆن رێژنە بارانی بەهار بەخۆڕ دەبارێت و زوو لێی دەکاتەوە و چۆن ئاگری سوڕناتک کڵپە دەکات و زوو دادەمرکێتەوە، ئەمانەش ئاوەها زوو یان درەنگ، ئەمڕۆ نا سبەی هەر ئاوا دەبن و لەبیر دەچنەوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆ و درێژخایەنیان نابێت لەسەر رێڕەوی مێژوونووسیی کوردی.

وەک دەزانین، بەزمی پێکەوەنانی مێژووی قەڵب و ساختە و بەکورد دانانی گەلان و دەوڵەتانی کۆن و ناودارانی جیهان و بەکوردیکردنی ناوی شاران و

وڵاتان... هتد لەپێناو خۆهەڵکێشان و خۆدەرخستن، بەزمێکی نوێ و زادەی ئەم رۆژگارە ئاڵۆز و بێسەرەوبەرەیە نییە، بەڵکو لەمێژە بازاڕی گەرمە و ناوبەناو سەرهەڵدەداتەوە و ماوەیەک ناوەندی رۆشنبیریی کوردی بەخۆیەوە خەریک دەکات و نەدووره لەمەودواش جاربەجار سەرهەڵبداتەوە. لەوێنەی ئەوەی کە سۆمەرییەکان یان ساسانییەکان کوردن و کورد تاکە خاوەندی نەورۆزە و کوردستان زێدی گەلانی دێرین و لانکەی یەکەمی شارستانییەتە و فڵانە کەس و فڵانە پێغەمبەر کوردەن و فیسارە وشە و زاراوە کوردین.

هەر بۆ نموونە لە ساڵانی کۆتاهی سەدەی رابردوو، هەڵگری بڕوانامەیەکی باڵا، وتارێکی بە عەرەبی لە گۆڤارێکی هەولێردا بڵاو کردەوە لەبارەی ئەوەی کە فەلەستین ناوێکی کوردییە و راستەکەی (فەلە ستێن)ە و گوایا ئەمەش لەوەوە هاتووە کە فەلە خاچهەڵگرەکانی ئەوروپا ئەو خاکەیان لە موسڵمانان ستاند، ئەوەندەی نەبرد یەکێکی دی هاتە دەنگ و لە وتارێکدا رایگەیاند کە ئەو پێی وایە فەلەستین لە (فەلەستان)ەوە هاتووە و ئەمە دۆزینەوەی خۆیەتی و لە چیرۆکێکیدا ئاماژەی پێداوە، پاشتر ئەدیبێکی بەئەزموون روونکردنەوەی دا و پشتگیریی ئەم دۆزینەوە گرنگەی کرد! و گوایا ئەمە نوێ نییە و کاتی خۆی گفتوگۆی لەسەر کراوە و ئەویش هەمان بۆچوونی هەیە کە ناوی ئەو وڵاتە وشەیەکی کوردیی رەوانە و لە فەلە ستێنەوە هاتووە و کوردی نێو سوپای ئەیوبی بەو ناوە ناوزەدیان کردووە.

ئەم بەڕێزانە ئەگەر بڕۆکەیەک زانیاریی مێژووییان هەبایە، دەیانزانی سێسەد ساڵ بەر لە شەڕی خاجهەڵگرەکان، ناوی فەلەستین لە سەرچاوەکاندا هاتووە.

هەر لەم سەروبەندەدا، شاعیرێکی هەولێر زنجیرەیەک وتاری بە عەرەبییەکی لاواز و پڕ گرێوگۆڵە بڵاو کردەوە سەبارەت بەوەی کە ماڵباتی ئەیوبی لە هۆزی زەرزاری- زەرزا- زرارین نەک هەدبانی و خەڵکی کەلهی

دوێنی وڵاتی هەولێرن نەک دوێنی ئەرمینیا و هەوڵی دەدا ئەم رایە نادروستە بسەپێنێت[١]، بەم دواییەش نووسەرێکی ناسراو ئیبراهیمی خەلیل و خدری زیندە و یونس پێغەمبەر و (ذي القرنين)ی کردن بە کورد[٢].

دیارە ئەم دیاردەیەش تایبەت نییە بە کورد، بگرە لای عەرەب و گەلانی دیش ماوەیەک بازاڕی هەبوو، لە سەرەتای سەدەی رابردوو دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکرایەوە کە ولیام شکسپیر (١٥٦٤- ١٦١٦ز) بە رەچەڵەک عەرەبە و ناوی راستەقینەی شێخ زوبێرە، دواتر صەفاء خەلوصی (١٩١٧- ١٩٩٥) برەوی بەم دەنگۆیە دا و هەوڵی دەدا لەمیانەی وردەکاریی ژیان و بەرهەمەکانی شکسپیردا، چەند نیشانە و سەرەداوێک هەڵهەنجێنێت بۆ سەلماندنی عەرەببوونی و ناوی دەقی شانۆیی (ئۆتێلو)ی دەگەڕاندەوە بۆ (عطاء الله).

سەبارەت بە سۆمەرییش، لەمێژە زۆر هەوڵی لەرزۆک و پێکۆڵی نەزۆک هەن کە لە لایەن خەڵکانی نەتەوەی جیاوازەوە دەدرێن لەپێناو ئەوەی بیانکەنە مڵکی خۆیان، صەدام حوسێنیش هەر وایکرد و بە فەرمی داوای پێداچوونەوەی کرد بە مێژووی عەرەب و عێراقدا تا چ گەل و دەوڵەت و شارستانییەتێک لە جوگرافیای نیشتمانی عەرەب پەیدابوونە بە مێژووی یەکگرتووی عەرەب بژمێردرێن[٣]، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە مایەپووچ بوون.

---

[١] بۆ ئەم دوو بابەتە بگەڕێرەوە بۆ گۆڤاری (گولان العربي)، ژمارەکانی (١٤- ٢١)ی ساڵانی ١٩٩٧- ١٩٩٨.

[٢] بگەڕێرەوە بۆ: خوسرەو جاف، زولقەرنەین کوردە، چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر: ٢٠٢٢)، ئەم نامیلکەیە لەسەر بنەمای بەرنامەکانی بانخگوازی مسری ئەمین صەبری دانراوە کە لە یۆتیۆبەکەیەوە پەخشی دەکات.

[٣] بۆ ئەم بابەتە بگەڕێرەوە بۆ گۆڤاری (الأقلام)، ژمارە (٧)ی یۆلیۆی ١٩٧٩.

بێگومان نە ئەمانە و نە کەسانی هاوبیر و هاوشێوەیان لە رابردوو و ئێستا و دوارۆژدا ناتوانن تا سەر خەڵکی فریو بدەن و مێژووی ساختەیان بەسەردا ساخ بکەنەوە و کاریگەریی نەرێنی لە پرۆسەی  مێژوو بەجێ بهێڵن، ئەمانە تەنانەت لە شێواندنی تاکە ناوێک و تاکە مژارێکیش بۆیان نەچووە سەر، کەچی کاک سۆران دەیهەوێت مێژووی کۆن و ناوەڕاستی کورد و کوردستان بشێوێنێت و بە شێوازێکی پڕ لە چەواشەکاری و گاڵتەجاڕی دایبڕێژێتەوە و بۆیشی سەر بگرێت، بێگومان ئەمیش هەرگیز سەرکەوتوو نابێت و ئەم هەوڵەی قەت سەر ناگرێت.

لە کۆتاهیدا هیوادارم ئەم کتێبەم رۆڵی خۆی بگێڕێت لە بنەبڕکردنی ئەم بەزمە زیانبەخش و ناپەسندە.

## - سەرچاوەکان:


### ١- بە کوردی:

- ئارشاک پۆڵادیان، پرسی بنەچەی کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر: ٢٠٢٤).
- سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە؟ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانیەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زایینی (لەندەن: ٢٠١٣).
- ــــــــــــــــــ، مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد، سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستایەتی ڕۆژئاوا و بنەچەی زمانە هیندۆئەوڕوپییەکان (لە ١٠٠٠٠پ. ز وە بۆ ١٣٠٠ز (سلێمانی: ٢٠٢٢).
- صدیق صەفیزادە بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، إنتشارات ناجی (بانە: ١٣٧٠ش).
- کۆمەڵە نووسەرێک، دەربارەی ڕەخنەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ (سلێمانی: ٢٠٢٣).
- محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠٢١).
-مەسعود محەمەد، وردبوونە لە چەند باسێکی زمانی کوردی، وەشانی دووەم (؟: ٢٠٠٩).

### ٢- بە عەرەبی:

- ابن الأثير، عزالدين علي بن محمد الشيباني (ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٣م).
- الكامل في التاريخ، دار المعرفة (بـيروت: ٢٠٠٧).
- أحمد سوسة، تأريخ حضارة وادي الرافدين، دار الحرية (بغداد: ١٩٨٠).

- إدزارد د. أ، قاموس الآله والأساطير، الترجمة العربية، دار سومر (حلب: ١٩٨٧).
- آرشاك بولاديان، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، الترجمة العربية، دار الفارابي (بيروت: ٢٠١٣).
- ــــــــــ، الأكراد من القرن السابع الى القرن العاشر، الترجمة العربية، دار ئاراس (أربيل: ٢٠١٢).
- أوليا چلبي بن درويش محمد آغا ظلى (ت: ١٠٩٥هـ/١٦٨٤م).
- رحلة أوليا چلبي في كردستان، ترجمة: رشيد فندي، مطبعة خاني (دهوك: ٢٠٠٨).
- البدليسي، الأمير شرفخان بن شمس الدين (ت:١٠١٠هـ/١٦٠١ م).
- شرفنامه، ترجمة محمد جميل الروزبياني، ط٢ (أربيل: ٢٠٠١).
- ابن بطوطة محمد بن عبد الله بن محمد اللواتي (ت: ٧٧٩هـ/١٣٧٧م).
- رحلة ابن بطوطة، أكاديمية المملكة المغربية (الرباط: ١٤١٧هـ).
- إبن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي (ت: ٨٥٢هـ/١٤٤٩م).
- فتح الباري شرح صحيح البخاري، دار المعرفة (بيروت: ١٣٧٩هـ).
- حسام الدين علي غالب النقشبندي، الكرد في لرستان الصغرى وشهرزور، مطبعة شڤان (السليمانية: ٢٠١١).
- ابن حوقل، ابوالقاسم بن حوقل النصيبي (ت: ٣٦٧هـ/٩٧٨م).
- صورة الأرض، دار مكتبة الحياة (بيروت: ١٩٧٩).
- ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد الأربلي (ت:٦٨١هـ/١٢٨٢م).
- وفيات الاعيان، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر (بيروت: ١٩٧٧).
- الشهرزوري، شمس الدين محمد بن محمود (ت: بعد ٦٨٧هـ/١٢٨٨م).
- نزهة الأرواح وروضة الأفراح، دار بيبليون (باريس: ٢٠٠٧).

- صموئيل نوح كريمر، من ألواح سومر، ترجمة طه باقر، دار الوراق (لندن:٢٠١٠).
- ـــــــــــــــــ ، السومريون، تأريخهم وحضارتهم وخصائصهم، ترجمة د. فيصل الوائلي (الكويت: ١٩٧٣).
- الطبري، محمد بن جرير (ت: ٣١٠هـ/٩٢٣م).
- تأريخ الرسل والملوك (تاريخ الطبري)، دارالمعارف (القاهرة: ١٩٧٩-١٩٨٢).
- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، دار الوراق (بيروت: ٢٠٠٩).
- العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله (ت: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م).
- التعريف بالمصطلح الشريف، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٨٨).
- مسالك الأبصار وممالك الأمصار، السفر(٣)، المجمع الثقافي (ابوظبي: ٢٠٠٣).
- التعريف بالمصطلح الشريف، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٨٨).
- فاضل عبد الواحد علي، من سومر الى التوراة (بغداد: ١٩٩٧).
- القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد (ت ٨٢١هـ/١٤١٨م).
- صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٨٧).
- كارلتون كون، قصة الإنسان، الترجمة العربية، مطبعة أسعد(الموصل: ١٩٦٥).
- كارلو ألفونسو نيلينو، علم الفلك، تاريخه عند العرب، ط٢ (بيروت: ١٩٩٣).
- موسيس خورينانتسي (ت: ٤٩٣م).
- تأريخ الأرمن، ترجمة نزار خليلي، دار أشبيلية (دمشق: ١٩٩٩).
- ابن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق الوراق (ت: ٣٨٥هـ/٩٩٥م).
- الفهرست، تحقيق: إبراهيم رمضان، دار المعرفة (بيروت: ١٩٩٧).
- ابن وحشية، أبو بكر أحمد بن علي (القرن ٣هـ/٩م).
- شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، دار الجمل (بيروت: ٢٠١٠).
- الفلاحة النبطية (الترجمة المنحولة الى ابن وحشية) (ليماسول- قبرص: ١٩٩٣).
- ياقوت الحموي، شهاب الدين ياقوت بن عبد الله (ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م).

- معجم الأدباء، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩١).
- معجم البلدان، دار أحياء التراث العربـي (بـيروت: ١٩٩٦).

**٣- به فارسی:**

- بهروز ثروتيان شرفنامه، مؤسسه أمير كبير (تهران: ١٣٩٣ش).
- قزوينى، حمدالله بن أبـي بكر مستوفى (ت:٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
- تاريخ گزيده، إنتشارات أمير كبـير (تهران: ١٣٨١ش).
- نزهة القلوب، إنتشارات حديث أمروز (قزوين: ١٣٨١ش).

# ژياننامە

من قەت پێم خۆش نەبووە خۆم بناسێنم و ئەگەر کەسێک هەر نۆ کتێبەکەم بخوێنێتەوە، رەنگە نەزانێت من کێم و کوێندەریم، بەڵام پاش دیدار و چاوپێکەوتنەکانم تێگەهیشتم کە زۆر کەس نامناسن و نازانن من لەخۆمەوە نادوێم و تا رادەیەک شارەزام لە دیرۆکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆیە بە پێویستم زانی خۆم بدەمە ناسین.

- لە دوا رۆژەکانی ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی ناڕوجەی سەر بە ناحیەی شوان- کەرکوک لەدایک بووم و خوێندنی سەرەتایی (١٩٧٥- ١٩٨١) لە گوند و خوێندنی ناوەندی (١٩٨١- ١٩٨٤) لە رێدار- ناوەندی ناحیەی شوان و خوێندنی ئامادەیی (١٩٨٤- ١٩٨٧)لە ئامادەیی کوردستان (عبد الملك بن مروان) لە کەرکوک تەواو کرد کە ساڵی ١٩٨٦ بیانەیەکەیان گواستەوە و ناویان گۆڕی بۆ (ثانوية القائد صدام).

- ساڵی (١٩٨٧- ١٩٨٨) لە کۆلیجی ئەندازەی زانکۆی موصڵ وەرگیرام و دەوامم کرد و بەهۆی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و نەکردنی مەشقی هاوینەی خوێندکارانەوە، بە بڕیاری ژمارە (٤٢٠- ساڵی ١٩٨٧)ی حیزبی بەعس فەصڵ کرام.

- پاش لێبوردن، لە بەشی مێژووی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ساڵانی (١٩٨٨- ١٩٩٢) درێژەم بە خوێندنی بەکالۆریۆس دا.

- لە هەمان بەش و کۆلیج، ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەی ماستەر و ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی دکتۆرام لە مێژووی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست بەدەست هێنا.

- لە پاییزی ساڵی ١٩٩٤ وەک مامۆستای هاریکار لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی دهۆک دامەزرام و تا ئێستاش لە خزمەت لە هەمان زانکۆ بەردەوامم.

- ساڵی ٢٠٠٤ بووم بە پرۆفیسۆری هاریکار و ساڵی ٢٠١١ بووم بە پڕۆفیسۆر و نۆ کتێب و دەهان لێکۆڵینەوە و گوتارم بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاوکردۆتەوە و لە ژمارەیەک کۆنگرەی زانستی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بەشداریم کردووە و ئەندامی دەستەی راوێژکاریی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی- تا ٢٠٢٣- و گۆڤاری بنکەی ژینم لە سلێمانی.

أ- کتێب بە کوردی:

١-چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەراستدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی (هەولێر:٢٠٠٨). ٢٠٤ل (حەفت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی).

٢-کورد و کوردستان لە روژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی روژهەڵات (هەولێر:٢٠١٠)، چ٢ (هەولێر:٢٠١٢). چ٤ (هەولێر:٢٠٢٠). ٤٥٨ل.

٣- کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ئاوێر (هەولێر: ٢٠١٤). ٣٥٠ل.

٤- نەورۆزی کوردەواری لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین (هەولێر: ٢٠١٧) ١٣٠ل.

٥- کاکەیی- ئەهلی حەق و شەبەك، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر: ٢٠٢٠). ١٥٠ل.

٦- لەبارەی مێژوو و کولتوری کوردییەوە، دەزگای جەمال عیرفان (سلیمانی: ٢٠٢١). ٣٩٠ل.

- بایی سێ کتێب لێکۆڵینەوە و وتاری کولتوری و ئەدەبیم هەیە و بەنیازم لەبەرەوە بە کتێب بڵاویان بکەمەوە.

**ب - به عەرەبی:**

١- كردستان في القرن الثامن الهجري، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر (اربيل:٢٠٠١) ٣٨٣ص، الطبعة الثانية نشرت باسم كردستان فى العهد الجلائري، مركز الدراسات الكردية- جامعه دهوك (دهوك:٢٠٠٩) ٤٠٧ص. وطبعة ثالثة مزيدة ومنقحة (أربيل: ٢٠٢٢). ٣٤٥ص (أطروحة دكتورا).

٢- القبائل والزعامات القبلية الكردية فى العصر الوسيط، مؤسسة موكريانى (اربيل:٢٠٠٧) ٢١٤ص، وطبعة ثانية مزيدة ومنقحة، دار الزمان (بيروت: ٢٠١٥). ٢٧٠ص.

٣- الكرد فى العصر العباسي، مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر (اربيل:٢٠١٨). ٢١٤ص (رسالة ماجستير).

٤- تذكرة المقتفين في مناقب تاج العارفين لشهاب الدين الواسطي (ت: بعد ٧٧٧هـ /١٣٧٥م). دراسة وتحقيق بالإشتراك مع الأستاذ الدكتور المرحوم عماد عبد السلام رؤوف. وهو في مناقب الصوفي الكردي المعروف أبو الوفاء الحلواني (ت: ٥٠١هـ/١١٠٧م) والمشهور بين الكرد ب (پير شهريار- پير شاليار). ٤٢٧ص.

# پێڕست


| | |
|---|---|
| ـ دیاری | ٥ |
| - بەرچاوڕوونی | ٧ |
| - پێشەکی | ١١ |
| ـ پێشەکیی نووسەر | ١٧ |
| - بەشی یەکەم: نووسەر و میتۆدی تۆژینەوەی ئەکادیمی | ٢١ - ٤٤ |
| ١- ئەرک و مەرجەکانی توێژەری ئەکادیمی | ٢١ |
| ٢- سۆران حەمەڕەش قسەکەر و نووسەرە، توێژەر نییە | ٢٣ |
| ٣- ناوونیشان و پلان و پێشەکی | ٢٩ |
| ٤- بڕوانامەی زانستی و بەکارهێنانی سەرچاوە | ٣٤ |
| ٥- وەرگرتنی رەخنە وەک بەشێک لە پرۆسەی نووسین | ٤٢ |
| بەشی دوهەم: پرسی پەیوەندیی کورد بە گەلانی کۆنی میزۆپۆتامیاوە | ٤٥ - ٦٥ |
| ١- کورد پێویستی بە هەڵبەستن و ساختەکاری نییە | ٤٥ |
| ٢- رەخنەکانی پێشوو و کاری من | ٥٣ |
| ٣ - کورد و گەلی سۆمەری | ٥٥ |
| ٤- کورد و گەلانی دی | ٦٠ |
| بەشی سێهەم: بەڵگەکانی پەیوەندیی کورد بە سۆمەرییەکانەوە | ٦٦ - ٨٥ |
| ١- کتێبی (شوق المستهام)ی هەڵبەستراو بە ناوی ئیبن وەحشیەوە | ٦٧ |
| ٢- ئەفسانەیەکی ئەولیا چەلەبی (ساڵی ١٦٥٥ز) | ٧٤ |
| ٣- ئاخافتنێکی گەڕۆکی ناودار (ابن بطوطة) | ٧٦ |
| ٤- رێگران و زانایانی شارەزور | ٧٨ |
| ٥- ناتەبایی کورد و ناسەنتەریی سۆمەری | ٧٨ |
| ٦- ململانێی گۆتی- سۆمەری | ٧٩ |
| ٧- شنگار و کەشتییەکەی نوح | ٨١ |
| ٨- دابونەریتی هاوبەش لە نیوان کورد و سۆمەری و گەلانی دی | ٨١ |

| | |
|---|---|
| ٩- ژنی کورد | ٨٣ |
| ١٠- گەڕاندنەوەی ناوی چەند شارێک بۆ زمانی سۆمەری | ٨٤ |
| - بەشی چوارەم: چەند کێماسی و کەموکوڕییەکی گەورە | ٨٦ - ١١٠ |
| ١- پرسی دەستپاکیی زانستی | ٨٦ - ٩١ |
| ا- ئاساگی سۆمەری و ئەژدەهاکی نەورۆز | ٨٧ |
| ب- چیرۆکی (الجلندی بن کرکر) | ٨٩ |
| جـ کێشەی نێوان دێنشینان و رەوەندەکان | ٩٠ |
| ٢- ئاناکرۆنیزم | ٩٢ |
| ٣- چەواشەکاری | ١٠٢-١٠٥ |
| أـ (الرسالة الثانية) نەك (الرسالة الأولى) | ١٠٣ |
| ب- ئاجتاناك نەك ئەجدانەقان | ١٠٤ |
| ٤- دوبارەکردنەوە | ١٠٥ |
| بەشی پێنجەم: ناشارەزایی لە مێژووی کوردستانی سەدەکانی ناڤین | ١١١- ١٢٣ |
| بەشی شەشەم: چەند هەڵە و کەموکوڕییەکی دی بەپێی بەشەکان | ١٢٤ - ١٤٢ |
| ١- بەشەکانی یەکەم تا سێزدەهەم | ١٢٤ |
| ٢- بەشی کۆتاهی: دانان یان وەرگێڕان | ١٣٧ |
| بەشی حەوتەم: ئامانجی ئەو و ئەنجامی ئەم کتێبەی من | ١٤٣ - ١٥١ |
| ١- ئامانجی ئەو، خزمەتکردن و راستکردنەوەی مێژووی کوردە یان بازرگانی پێوەکردنی؟ | ١٤٣ |
| ٢- ئەنجام | ١٤٧ |
| ٣- دوا پەیڤ | ١٤٨ |
| - سەرچاوەکان | ١٥٢ |
| ژیاننامە | ١٥٦ |
| پێرست | ١٥٩ |

ئەم کتێبە پتر شەنوکەوکرنی چەند لایەنێکی کتێبی (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) ە کە ژمارەیەك مژار و بابەتی وروژاندووە، نزیکن لە پسپۆڕی و شارەزایی منەوە. پێم وایە خستنەڕووی گشت تێبینی و سەرنجەکان لەسەر هەردوو کتێبەکە، لە وزە و شیانی تاکە کەسێك نییە و لە کتێبێکیش جێگای نابێتەوە و ڕەنگە یەك دوو کتێبی دی پڕ بکاتەوە، هەرچی کتێبی (کورد کێیە)یە، ئەوا زۆرینەی وشەنامەیە و بەراوردی وشەی کوردییە لەگەڵ وشەگەلی زمانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ و چەند بەشێك و زۆرێك لە لێکدانەوە و بیروڕاکانیشی، لە کتێبی دوهەم دوبارە کراونەتەوە و هەندێکیشی گۆڕدراون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پشتگوێم خستبێت، بەڵکو بۆ بەراوردکردن و ئاشنابوون بە تەواوی دید و بۆچوونەکانی دانەر، هەر کاتێك پێویستی کردبێت گەڕاومەتەوە سەری.

Badinan
BookShop

دهوکێ 2024